# نووسەران و هەڵبژاردنی مەرگ

ئارام سدیق

سلێمانی ٢٠٠٨




- ناوی کتێب: نووسەران و هەڵبژاردنی مەرگ
- بابەت: لێکۆڵینەوە
- ناوی نووسەر: ئارام سدیق
- تایپ و مونتاژ:
- چاپ: یەکەم سلێمانی ٢٠٠٨
- ژمارەی سپاردن :(٢٠٦١) ساڵی ٢٠٠٨

زنجیرە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی ژمارە (٦١١).

# ناوەڕۆك

لەبری پێشەکی

بەشی یەکەم

نووسەران و هەڵبژاردنی مەرگ

سەرەتا

پرۆسەی نووسین

دەق و نووسەر

دنیابینی نووسەر

پەیوەندی نێوان دەق و مەرگ

نووسەران و شێتی

پرۆسەی خۆکوژی لە دەقدا

ئەو نووسەرانەی هەوڵی خۆکوژیان داوە

ئەو نووسەرانەی خۆیان کوشتووە

ئەنتۆلۆژیای نووسەرە خۆکوژەکان

لەبری کۆتایی

پەراوێز و سەرچاوەکان



بەشی دووەم

دەق و مەرگ

خۆکوشتنی مەحوی

لەچاوەڕوانی مەرگدا

گێڕانەوەی بەهاکانی ژیان، یان...

کۆنسێرتی خۆکوشتنی کۆمەڵگەیەك

رامان لەمەرگ

جوانترین خۆکوشتن

خۆکوشتنی بەرزان هەستیار

پشوویەك بۆ مردن

**لەبری پێشەکی**

## بۆ نووسەران مەرگ هەڵدەبژێرن؟

ئەم پرسیارەی سەرەوە پرسیارێکە کە من نزیکەی دوو ساڵ بەدواداچوونم بۆ کردووە و لەم کتێبەدا هەوڵی وەڵامدانەوە، یان نزیکبوونەوە لە وەڵامدانەوەی دراوە. هەر ئەوکاتەی دەستم نووسینکرد کتێبی "خۆکوژی" هاوکات بیرم لە "خۆکوژی نووسەران"یش کردەوە و هەرئەوکات هەوڵی کۆکردنەوەی سەرچاوەی جۆراوجۆرمدا لەو بوارەدا و تا دواجار پرۆژەکە گەیشتە ئەوەی ئێستا کە لەم کتێبەدا کۆکراوەتەوە.

بێگومان قسەکردن لەسەر خۆکوژی نوسەران کارێکی ئاسان نییە و هەوڵ و وردبوونەوەی زیاتری دەوێت و کە من لە ئێستادا تەنها ئەوەندەم لە توانادا بووە. هیواداریشم لە داهاتوودا توێژینەوەی وردتر و باشتر لەسەر ئەم بابەتە بکرێت و ئەوەی من هەستم پێنەکردووە لە توێژینەوەی تردا بخرێتەڕوو و ئەوەشی من بەکەموکوڕی باسمکردووە باشتر بخرێتەڕوو.

ئەم کتێبە لە دووبەش پێکهاتووە کە بەشی یەکەم ناونیشانی کتێبەکەشی لێوە وەرگیراوە و تایبەتە بە ئەو نووسەرانەی



هەوڵی خۆکوژیان داوە، یان خۆیان کوشتووە، یان لە نێو دەقەکانیاندا ئەزموونیان کردووە. هاوکات گەڕانەوەیەکیشی تێدا بۆ پێناسەکردنی نووسین و نووسەر، کە من بۆ دەوڵەمەندکردنی باسەکە پێناسەکردنی ئەوانەم بە پێویست زانیووە.

بەشی دووەمی ئەم کتێبە کە لەژێر ناوی "دەق و مەرگ" خراوەتەڕوو تایبەتە بە ئەزموونکردن و "هەڵبژاردنی مەرگ لە نێو دەقدا" و ئەم بەشەش چەند سەرنجێکی کورت و خێرایە لەسەر ئەو تێکستانەی لە کاتی خوێندنەوەیاندا چێژم لێوەرگرتووەن و لەپاڵ ئەوەشدا ویستوومە سەرنج بخەمەڕوو لەسەر ئەو دەقانە کە لەسەر ئەو دەقانە کە لەسەر بنەمای مەگدۆستی بونیادنراون.

لە دواجاردا دەمەوێ ئەوە بخەمەڕوو ئەم کتێبە هەوڵێکە بۆ نزیکبوونەوە لە نووسینی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کە من لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا کارم تێدا کردووە و بەو هیوایەم جێی خۆی بگرێت.

**ئارام سدیق**

**٢٠٠٨\٢\١٩**

## بەشی یەکەم

# نووسەران و هەڵبژاردنی مەرگ

# نووسەران و هەڵبژاردنی مەرگ

(روانینێکی سۆسیۆ–سایکۆلۆژی)

*مردن کارەساتێك نییە مرۆڤ بترسێنێ، کارەسات بێ ئومێدیە لەژیاندا*

(هنری دی منتریال)

*ژیان مەرگێکە, کە سات لە دوای سات دوا دەخرێت*

(شۆپنهاوەر)

*مرۆڤ بێبەزەیترین بوونەوەرە بەرامبەر بە خۆی*

*(فریدریك نیچە)*

*لەگەڵ نووسینی هەر کتێبێکدا کەمێك دەمرم*

*(غادە سەممان)*

*ئای کەی بێ چەقۆی ژێر سەرینەکەت..*
*لە قوڵپی خوێنتا گەرم بێتەوە*
*یان مردن بمرێ لە ژوورەکەتا*
*هەوری خۆکوشتن برەوێتەوە*
*(محەمەد عومەر عوسمان)*



## سەرەتا

کاتێك بڕیاری قسەکردن ئەدەین لەسەر بابەتێك و دەمانەوێت بە هەموو رەهەندە دیار و نادیارەکانی ئاشنا بین و هۆکار و دەرەنجامەکانی دەستنیشان بکەین, دەبێت لەو خاڵانەوە دەست پێبکەین کە دوور و نزیك پەیوەندیان بەو دیاردەیەوە هەیە و بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری لەسەر دادەنێت, بۆیە من پێموایە بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەیەکی وەك (خۆکوژی نووسەران) دەبێت بگەڕێینەوە بۆ پێناسەکردنی نووسین و دواتر کەسایەتی نووسەر و پاشان بەرهەمهێنانی دەق و کاریگەرییەکان لەسەر دەق و نووسەر و گۆڕانە نوێکانی دنیا وکاریگەری لەسەر دوانەی دەق و نووسەر, هەروەها خوێندنەوەی سایکۆلۆژیای نووسەر و کاریگەرییە سۆسیۆلۆژیەکان لەسەری, هەروەها روانین بۆ ئەم دیاردەیە لە روانگەی گەورە نووسەرانی دنیاوە و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازە و هەستیارەکانی کەسایەتی نووسەر.

دیارە ئەگەر قسە لەسەر نووسین بکەین دەبینین نووسین بەرەنگار بوونەوەیە.. بەرەنگاری کات و شوێن و پەککەوتەیی و لاوازی دەبێتەوە, بەرەنگاری شیاو و مەحاڵ, هێزی رۆژگار و دەسەڵاتی لەبیرچونەوە دەبێتەوە, بەرەنگاری سەربەخۆیی خودە پاشکەوتووە گۆشەگیرەکانی لێك دوورخراوەکان

دەبێتەوە[١]. ئەم بەرەنگار بوونەوانە لەپێناو زیندوو راگرتنی ماهیەتی مرۆڤدایە.

هەموو ئەو راستییە دەزانین مرۆڤ هەموو هەوڵێك دەدات بۆ قوتار بوون لە مەرگ، یان دواخستنی، بەڵام كاتێك مرۆڤێك خۆی مەرگ هەڵدەبژێرێت، ئەمە سەرەتای ورووژاندنی چەندین پرسیاری فەلسەفی و دەروونییە و كە سەرجەمیان وەڵامیان پێویستە، هەروەها خۆكوژی كەسێكی ئاسایی وەكو خۆكوژی كەسێكی نووسەر، یان فەیلەسوفێك ئاڵۆز نییە، لە توێژینەوە لەسەر خۆكوژی كەسێكی ئاسایی دەكەویتە بەردەم چەند حەقیقەتێك، بەڵام خۆكوژی كەسێكی نووسەر تارادەیەك بە تەم و مژاوی دەمێنێتەوە. لەم نووسینەدا بەپێی توانا هەوڵم داوە تاڕادەیەكی زۆر بە دیوە شاراوەكانی نووسەراندا رۆبچم و تا مانایەكی نوێ بۆ ئەم جۆرە خۆكوژیە بدۆزینەوە و ئەم نووسینەش لە هەوڵێك بۆ ئاشنابوونی خوێنەر بە خۆكوژی نووسەران و هۆكار و پاڵنەرە جۆراوجۆرەكانی.



## پرۆسەی نووسین

مرۆڤ لەسەرەتای بوونیەوە هەمیشە ویستویەتی لەڕێی كەناڵێكی گوزارشتكردنەوە گوزارشت لە دید و بۆچوون و حەز و هیواكانی بكات. بێگومان هەموومان دەزانین كەناڵەكانی گوزارشتكردن لە خود زۆرن و بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیش گۆڕانكاری زۆریان بەسەردا هاتووە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاكانی بوونی مرۆڤ، یان راستتر بڵێم سەرەتاكانی هۆشمەندی مرۆڤ دەبینین لەو سەرەتایانەدا كە ژیان تیایدا سادە بووە رێگەكانی گوزارشتكردنیش سادە بوون و بەو شێوەیەی ئێستا نەبوون.

كەناڵەكانی گوزارشتكردن لە كۆندا زۆربوون كە لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژەی پێبدەم: یەكەم بە شێوەی دیداری، كە لە رێگای جوڵاندنی دەست و سیما و ئەندامەكانی دیكە، یان داگیرساندنی ئاگر، یان بەكارهێنانی تیشك، یان دووكەڵ بۆ پەیوەندیكردن. دووەم پەیوەندی بە چەشنی هەستكردن وەك دەستلێدانەوە (تەوقەكردن، كە لە ناو ئاینی بەهدینی كرا بە باو) یان نەوازشتكردن، یان چۆنێتی جوڵاندنی پەنجەكان كە تا ئێستا لە ناو كەڕولاڵەكاندا بەكاردێت.

جۆری سێیەمیش شێوەی دەنگ و بانگكردن، گۆرانی چڕین و هاواركردن و شێوەی تری جۆراوجۆر كە لەناو خەڵكدا باو بووە[٢]. هەروەها بەدڵنیاییەوە ناكرێت بگوترێت كام گەل

یەکەمجار نووسینیان داهێنا، بەڵام (٥هەزار ساڵ) لەمەوبەر لە دەڕەی "نیل" کاتێك دەسەڵاتداری مەزن لە (٣٣٠٠)ساڵ پێش زایین لەناو "ئەگیپت، میسر" دروست بوو، دەستی پێ کرد. لەکوردستان میسۆپۆتامیا "مەزرۆ بۆتان" سۆمەریەکان سەرەتای شارستانیەتیان داڕێژراو و بنیاد و بەردی بنەمای شارستانیەتی کورد و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان، تا بە ئێستا دامەزراند. نووسینی یەکەمی ئەوان لەو نیگار و نەخشانە پێکهات، کە لە سروشتدا دەیانبینی دەقی ئەوەیان وێنە دەکێشا. وێنەی مرۆڤێك لەبەردەم مرۆڤێکی تر، نەخشی ئاژەڵێك وەك خودی ئەو ئاژەڵە. بەم جۆرە نووسینی نیگاری "هیرۆگلیف"پەیدابوو[٣].

هەر وەکو زانای شوێنەوارناسی (کریمەر) لەم بارەیەوە دەڵێت: بۆیەکەمجار سۆمەریەکان لە مێژوودا فێری نووسین بوون و نووسینیان داهێناوە، قوتابخانەی سۆمەریەکان سەرچاوەیەکی بەبەرهەم و باش بوو بۆ دۆزینەوە و داهێنانی نووسین و پەرەپێدانی، ئەمەش گەورەترین و مەزنترین دەسکەوتی شارستانییە کە لە ماوەی چەندین سەدەدا مرۆڤ بەرهەمی هێنابێت[٤]. هەروەکو زانراوە (وڵاتی دۆڵی دوو رووبارەکە)مەڵبەندی تیشکدانەوەی شارستانیەت بووە بۆ گەلانی ناوچەکە لە هەموو رووەکانی ژیانەوە، کاریگەری ئەم وڵاتە لە مەسەلەی داهێنانی نووسیندا، یان دەربڕین لە شێوەی



وێنەو رەمزدا، دیارترین ئەو شارستانیەتەیە کە لە عیراقەوە گەیشتووەتە گەلانی ناوچەکە.

دواتر کە مرۆڤ هەستی کرد ئەوەی ئەو دەیکات ئاسەوارێکی نییە و مێژوویەك بۆ ژیانی ئەو ناهێڵێتەوە، بۆیە ویستی پەنا بۆ رێگەیەکی تری گوزارشتکردن ببات کە ئەویش نووسینە.

هەروەها دەبێ ئاماژە بەوە بدەین لەو سەردەمەدا ئەم نووسینە تەنیا ئەو نیشانانە بوو کە لە جیهانی دەورووبەر و خواستەکانی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ. لەپاش ئەم قۆناغی بۆچوونەکانیان دەردەبڕی، هەروەها پاش ئەم قۆناغە لەئاسیای رۆژئاوا و میسر، لەئەنجامدانی نووسینی "ئەلف و بێ" بەدی هات، بەڵام لە یۆنان بۆ یەکەمجار ئەلف و بێی تەواو بەدی دێت، کە لەناویدا دەنگەکانی کورت و درێژیان دیاری دەکەین. دەبێت بزانین کە یۆنانیەکان و رۆمیەکان و لە رۆژهەڵات تا هیندستان هەموو نەتەوەکانی رۆژئاوای ئاسیا و ئەوروپا و (ئەلف و بێ)ی خۆیان لە سامییەکان وەرگرت و هێشتاش نیشانەی ئەم وەرگرتنە لە ئەلف و بێ ئەوروپایی و جێ و شوێنەکانی دیار و ئاشکرایە[٥]. لەپاش ئەمەشەوە نووسین چەندین قۆناغی تر و جۆری تری لەخۆگرتووە کە ئەمەش باسێکی درێژتری دەوێت ئێمە تەنها ئەمەندەمان مەبەست بوو.

دیارە لەگەڵ گۆڕانی ژیاندا و پەیدابوونی شار و دەوڵەتشاری یۆنانی، نووسین پێی نایە قۆناغێکی ترەوە، ئەگەرچی لەو سەردەمەدا زۆربەی خستنەڕووی بیروڕاکان لەڕێی دیالۆگی

دەستە جەمعیەوە بووە, بەڵام مانەوەی کتێبەکانی ئەرستۆ و هۆراس و پرۆتاگۆراس... و دیالۆگە بەناوبانگەکانی ئەفلاتوون سەلمێنەری ئەو حەقیقەتەن کە لەو سەردەمەشدا نووسین بایەخی زۆری هەبووە, دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمەن و گۆڕانی هەموو بەهاکانی ژیان و پەیدابوونی شارستانییەتە جۆرا و جۆرەکاندا، نووسین مانای جەوهەریتری وەرگرت و پاش داهێنانی ئامێری چاپ لەلایەن گۆتەنبەرگی ئەڵمانیەوە پرۆسەی نووسین بووە پرۆسەیەکی دەستە جەمعی, چونکە کاتێك کتێبێك چاپ کرا و کەوتە بەر دەستی خوێنەرێك ئەو کتێبە تەنها موڵکی یەك تاکەکەس نییە, بەڵکو دەبێتە موڵکی خوێنەر. لەم بارەیەوە چیرۆکنووسی ئێرانی سادقی هیدایەت دەڵێت: نازانم ئەوە چ دەردێکە تا ئەو کاتەی نووسینەکانت بەچاپ نەگەیاندووە, وەك ئەوە وایە پاروویەك لەناو گەرووتدا مابێ و نەهێڵێت هەناسە بدەیت, هەرکاتێکیش لێت جیائەبێتەوە و ئەبێتە بێگانە, ئەوسا بڕستی ئەوەشت نییە تەنانەت سەیریشی بکەیت, وەك ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بەتۆوە نەمابێت.

ئۆرهان پامۆك لە بارەی نووسەربوونەوە دەنووسێت: نووسەربوون بۆ من هاوتایە لەگەڵ زاڵبوون بەسەر برینە شاراوەکانی ناخماندا (ئەو برینانەی ئەوەندە شاراوەن کە خۆمان زۆر کەم لێیان بەئاگا دەبین)، بەسەبر و خۆڕاگریمان بەرامبەر ئەم برینانە ناسینیان و شیکردنەوەیان و داگیرکردنی



ئەم دەرد و ئازار و برینانە و کردنیان بەبەشی هۆشیاری زەینییەت و داڕشتن و نووسین. پامۆك لە شوێنێکیتر دەنووسێت: نووسەر باس لەو شتانە دەکات کە ئەیزانن، بەڵام نازانن کە ئەیزانن، کەشفکردنی ئەم ناسین و وردبوونەوە لەگەسەندنی ئەم کارە زۆر ئارامبەخش و پڕ چێژە و خوێنەر دەچێتە دیداری دنیایەکەوە کە هەم ئاشنایە و هەم نامۆشە.

هەروەها لەگەڵ ئەم پێشکەوتنانەشدا کارتێکەرەکانی ئەندێشە و بیری مرۆڤ زیاد دەکات و نووسەر بێخواستی خۆی دەبێتە بەشێك لە ئازارەکانی کۆمەڵگەکەی. لەم روانگەیەوە نووسین بەرەنجامی پرسێکی رۆحی و فەردی تایبەت نییە, بەڵکو خواستێکی دەستە جەمعییە, کاری ئیرادەیەکی دەستە جەمعیشە, بڕیاریش لەسەر بڕیاری ئیرادەیەکی دەستەجەمعیە, هەڵسەنگاندنیشی دەبێت ملکەچی پێوەرە جەمعیەکان بێت[٦].

لێرەدا نووسین قسەی جەماوەرە و تەعبیری جەماوەرە لەخۆی, خوێنەری راستەقینەش هەر جەماوەرە و داهێنانیش نامەیەکە لە جەماوەرەوە بۆ جەماوەر, رەخنەش هەڵسەنگاندنی جەماوەرە بۆ تێکستەکان. ئیدی گەر تێکستێك هەموو خەڵك تێی نەگەیشت, کەواتە لە جەماوەر دوور کەوتۆتەوە, تێکستێك تەعبیرێکی راستەوخۆ نەبوو لە خەمەکانی جەماوەر, کەواتە نامۆیە بە مێژوو و نامۆیە بە داهێنانیش. تێکستێکیش ئاشکرا بە ئەندازەی هۆشیاری جەماوەر قسەی نەکرد ئەوا ئیدی بەڕای

(نوێنەرەکانی جەماوەر لەکایەکانی ئەدەب و هونەردا) کەوتۆتە تەمومژ و نادیارەوە و شایستەی بایەخ پێدان نییە[٧].

هەروەها لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا نووسین پێناسەگەلێکی جیا جیا و تەفسیری نوێی وەرگرت و نووسەریش لێرەوە دەبێتە هەڵگری پێناسەگەلی جیاجیا, دیارە نووسەر هەریەکە و لە دیدگای خۆیەوە پێناسەی نووسین و نووسەری کردووە لەم بارەیەوە ستالین دەڵێت: نووسەر ئەندازیاری گیانی مرۆڤە. لێرەدا ستالین پلەیەکی بەرزتردا دەداتە نووسەر و ئەو پێیوایە نووسەر بنیادنەری کەسایەتی مرۆڤە.

میشیل فۆکۆش بۆیە دەنووسێ فەسالی نەبێت، بەهیچ تاکە ڕەنگو ڕووخسارێکی تایبەتی نەناسرێتەوەو لەناو هیچ پێناسەیەکدا ئۆقرە نەگرێت، وەك مانا و مەراقی ژیان خۆی نووسراوە، لەبارێکەوە بۆ بارێکیتر و لەبارانێکەوە بۆ بارانێکی تر، لەهارووژانێکەوە بۆ خرۆشانێکی تر[٨].

مارگرێت دۆراس پێی وایە ئەرکێك بۆ نووسەر نییە، تەنها نوسینێك هەیە کە پاڵ بە ژنێك یان پیاوێکەوە دەنێت بۆ وەرگرتنی هەڵوێت لە سەیرکردنی واقیع. لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیشدا دۆراس لەبارەی نوسین و مەرگەوە وتبووی: نوسین شێوەیەك نییە بۆ بردنەوە لە ژیاندا، زۆر بە سادەیی ئەمە جۆرێکی ژیانە، هەموو کەسێك ناتوانێت بنووسێت و کاری ئەدەبی بکات، ئەم ژیانە بۆ هەموو کەسێك نییە. لەبەر ئەوە هەندێك بەراستی دەمرن، ئەدەب جۆرێکە لە مردن بە زووی،



مردنێك بۆ خۆی. لێرەوە تێدەگەین نووسین لای دۆراس نزیك بوونەوەیە لە مەرگ و پاشان هەڵبژاردنییەتی، چونکە پێی وایە نووسین لە مەرگمان نزیك دەکاتەوە. ئەم رایەی دۆراس لە چەند شوێنێکی تریشدا خستوویەتییە ڕوو و هەتا لە شوێنێکیتر دەڵێت: نووسین و خواردنەوە مرۆڤ لە مەرگ نزیك دەکەنەوە. بێگومان ئەم رایە پێچەوانەی رای زۆرێك لە نووسەران و رۆشنبیرانە کە پێیان وایە نووسین هەوڵدانە بۆ بەرجەستەکردنی نەمری، کە منیش پێموایە نووسین بەرجەستەکردن و دەستەمۆکردنی نەمرییە، یان گەڕانی بەردەوام بەدوای نەمریدا. نەك نزیکبوونەوە لە مەرگ، بەڵکو دوورکەوتنەوەیە لێی[٩].

ماکس فریش دەڵێت: نووسەر بۆ ئەوە دەنووسێت تا باشتر بەرگەی نەهامەتییەکانی دنیا بگرێت. بێگومان فریش وەکو ستالین نووسەر لە پلەیەکی بەرزدا دادەنێت, بەوەی لەڕێی نووسینەوە قەڵغانێك بۆ مانەوە و ژیان دروست دەکات. کەواتە ئەرکی نووسەر و پەیامی نووسین جوانترکردنی ژیانە لەوەی هەیە و هەوڵی مانەوەی جوانیەکانی ژیانە, یان وەکو (لۆرانس دانێل)ی ڕۆماننووس و شاعیر دەڵێت: نووسین وادەکات کەسێك ببێت بە مرۆڤ. کەواتە نووسین پرۆسەیەکی جوانکردنی رۆحی مرۆڤ و نووسین و ئاخاوتن تەعبیر لەو چالاکییە دەکەن. نووسینیش تەعبیرێکی فیکرە لە ڕێگای گرافیکی زمانێکی

دیاریکراوەوە و هەموو نووسینە داهێنراوەکان لە یەك خاڵدا یەك دەگرن, ئەویش چالاکی داهێنانە.

"ئۆرهان پامۆك"ی نووسەری تورکیش هەر لەم بارەیەوە دەڵێت: ئەدەبیات پڕ بەهاترین گەنجینەیە کە مرۆڤ لە هەوڵی تێگەیشتنی خوددا کۆی کردۆتەوە[١٠]. بەرای من پامۆك تەنها ویستوویەتی لەمەڕ ئەدەبیات قسەبکات، بەڵام لە راستیدا نووسین ئەو گەنجینەیەیە کە مرۆڤ دەیەوێت خودی تێدا کەشف بکات، یان تێیدا پەنهانەکان بدۆزێتەوە و بیانخاتەڕوو.

(غادە سەممان) ژنە نووسەری سوریش دەڵێت: لەگەڵ نووسینی هەر کتێبێکدا کەمێك دەمرم. ئەم قسەیەی سەممانیش ئەوە دەخاتەڕوو کە نووسینی هەرکتێبێت لای ئەم نووسەرە بەمانای بەخشینی بەشێك لە پەنهانەکانی ژیانی خۆی کە پاش کەشفبوونیان ئەو بەشە دەمرێت.

پاولۆ کۆیلۆی نووسەری بەرازیلیش کە پاش ئەوەی عەیامێکی زۆر بێ پارەو پول دەبێت و لە رێی نووسینەکانییەوە دەبێتە خاوزەن سامانێکی بێشوومار هەر بۆیە لە شوێنێکدا دەڵێت: نووسین ژیانی کڕیمەوە[١١].

ئۆجین گلیڤیکی شاعیری فەرەنسیش دەڵێت: شیعر دەنووسم تاکو خودی خۆم بەرەو ڕووی خۆم ببمەوە بەهیچ شێوەیەك بیر لە جەماوەر ناکەمەوە ماوەیەکی زۆرە باوەڕم وایە کە ئەوەی دەینووسم بەلای خەڵکەوە گرنگ نییە. هەروەها هەمان شاعیر دەنووسێت: شیعر دەنووسم، چونکە پێویستم بە نووسینە و



فەرمانێکە و پابەندی نەخۆشییەکە کە زیاد لە پێویستەوەیە، ئەگەر پانزە رۆژ لە شیعر نووسین بوەستم تووڕەو راڕا دەبم و لە دابونەریتی خۆم دەردەچم. لە کۆی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەش ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە کردەی نووسین خاڵێکە بۆ خۆخاڵیکردنەوەی خودی نووسەران و ئەوان تەنها ئەو رێگەیە شك دەبەن[١٢].

سەرباری هەموو ئەو باسانە هێشتا تاکو ئێستا و تاڕادەیەك پەیوەندی نێوان نووسین و خۆژکوژی بەباشی نەناسراوە. دروستەکە رارابوون بۆ خۆکوژی چ شاراوە و چ ئاشکرا، چ ئاگایانە و نائاگایانە دەستبەرداری نووسەر نابێت، بەڵام رێژەیەکی بێئەژمار لەنووسەران بەسەر ئەو راڕابوونەدا سەرکەوتوون و لەئەنجامدا بەهۆی مەرگی سروشتییەوە مردوون و تەنانەت تەمەنێکی زۆریشیان کردووە. بەشێوەیەك بەسەر ئەو راڕابوونەدا سەرکەوتوون کەتوانیویانە بەئاسوودەییەوە لەگەڵ نووسەران و سیحری خۆکوژیدا بسازێن.

چ لەڕابردوودا و چ لەسەردەمی خۆماندا هونەرمەندانێك دەناسین کە گوتوویانە "هونەر و بەس هونەر"ئەوەش لەخۆکوژیی گەڕاندوونیەتەوە، بەڵام بۆچی هونەر و تەنیا هونەر؟ بەڵام بۆچی گۆزە دروستکردن، یان کۆکردنەوەی کلکسیونی پول نەبێت بەهۆی پاشگەزبوونەوە لەخۆکوژی. چ شتێکی تایبەت لەنووسیندا بوونی هەیە کەلەباتی ئەوەی مرۆڤ

بەرەو خۆکوژی ببات-ئەگەر مرۆڤ بەرەو خۆکوژی ببات ئاساییە
– پاشگەزی دەکاتەوە لەخۆکوژی؟

"فریدریش براون" یەکێکە لەو نووسەرانەی کە بەرهەمی خەیاڵی – زانستی دەنووسێت لەمبارەیەوە دەڵێت: من رقم لەنووسینە، بەڵام سەرسوڕهێنەر ئەوەیە کەنووسیومە. ئەو رستەیە لەو جۆرە رستانەیە کەزۆرێك لەنووسەران ئامادەن تاکو بەهایەکی زۆری بۆ بدەن بۆ ئەوەی بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەو رستەیە یەکێکە لەگوتەکانی ئەوان. ئەوەی کەدەبێت روونبکرێتەوە ئەوەیە کە ئەو جۆرە نووسەرانە بەشێوەیەکی نائاسایی چەندەها تووخمی ناکۆك لەیەك شوێندا کۆدەکەنەوە. پێویستیەکی رەهای دەروونی بۆ نووسین لەئارادایە، چونکە گەر بۆماوەیەك نەنووسن، تووشی شپرزەی و بێزاربوون دەبن و هەست دەکەن تووشی تاوانێك بوون. لەلایەکی دیکەوە نووسین چێژی نییە. خۆڕاگری کەلەرەقانە بۆ نووسینی یەك رستە، یان هەندێکجار وشەیەك کە دەبێت بۆ نووسین هەمواربکرێت ئازارێکە و ئەو نووسینەی کە دەستکراوە بەنووسینی، تەواوکردنی تەختکردنی چیایەکە، بەڵام لەدواییدا ئەو کاتەی نووسینەکە تەواو بووە خۆشی و شادییەکی نائاسایی و هەستکردن بە بەختەوەری لەوەسف نەهاتوو دروست دەبێت.

هەستکردن بەو رزگاری و بەختەوەرییە دروست دەبێت کە ئیدی "ناچار نابین بەنووسین" ئەوەش لەو جۆرە هەستانەیە کە ئەگەری ئەوە هەیە ئیدی قەت نووسەر داخوازیەکی لەو جۆرەی



نەبێت. دۆخی نووسەری تراژیك و خۆخۆرمان بەمجۆرەیە کاتێك نانووسێت حاڵی لەباشییدا نییە و کاتێکیش دەنووسێت حاڵی لەوە خراپترە. نووسەر تەنها سەرخۆشی تەواوکردنی بەرهەمەکەیەتی. لەهەمانکاتدا و بەتێپەڕبوونی کات هێدی هێدی دڵخۆش بوون بەچاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکان، خۆێندنەوەیان، قبوڵکردن و پەسەندکردنی لەنێو کۆڕی رەخنە و دیالۆگەکاندا، بەرزبوونەوەی بۆ ئاست کەسایەتیەکی ئەدەبی دەبێتە ئاوێك بەسەر ئاگری لەخۆبایبوون و تێکڕا دەبنە دڵخۆشی زۆر. تاکو هەر رادەیەك نووسەران لەکاری دژوار و قورسی سەرشانیاندا بەرەو پێش بڕۆن، وردتر فێردەبن لەگەڵ پسپۆڕی کارەکەیان و ژیاندا خۆیان رێکبخەن و بەزەحمەت و ئازارێکی کە مترەوە درێژە بەکارەکەیان دەدەن، بەڵام بەڵاو چارەڕەشی هەمیشەی کەزۆربەی نووسەران رووبەڕووی دەبنەوە هەرهەمان بەڵایە کە (براون) بەمجۆرە ئاماژەی پێدەدات "هەرچۆنێك بێت دەبێت بنووسین تاکو بەرهەمێك نووسرابێت".

## دەق و نووسەر

نووسین گواستنەوەی عەقڵ و هەستەکانە لەشێوەیەکی ئەپستراکتیزمەوە بۆ شێوەیەکی ئەپسراکتیزمی دیکە. بەڵام نووسین ئەوەیە کە چی ئەنووسی؟ کێشەکە ئەوە نییە کە چی ئەنووسی؟ بەڵکو هەمیشە ئەوەیە چۆن ئەنووسی؟ نووسین خۆی ئەو بڕیارە نادات کەچی ئەنووسی, یان چۆن ئەنووسی, نووسین ئەپستراکتیزمە لەحاڵەتی کۆتایی وتراودا لە حاڵتێکدا شتێك وترا, ئەو شتە مردووە لەحاڵەتی جەستەییەکی مردوودایە, بەڵام لەناخی خۆیدا لەناخی ئەو نووسینەدا هەست و عەقڵەکان ئامادەن پێویستی بە جوڵاندن و بزواندنە[١٣].

ئۆرهان پامۆك لە وەڵامی ئەوەی بۆچی دەنووسێتدا دەڵێت: من ئەنووسم، چونکە پێداویستیەکی ڕۆحیم هەیە و بۆ ئەوەی بنووسم. من دەنووسم، چونکە ناتوانم وەکو مرۆڤەکانی تر کاری ئاسایی بکەم. من دەنووسم، چونکە دەمەوێ ئەو کتێبانە بخوێنمەوە کە لەو کتێبانە دەچن کە خۆم دەیاننووسم. من دەنووسم، چونکە لەهەمووتان توڕەم لە یەك بەیەکتان توڕەم. من دەنووسم، چونکە حەز دەکەم هەموو ڕۆژەکەم لە ژوورەکەمدا دانیشم بنووسم. من دەنووسم، چونکە تەنیا بە گۆڕینی ژیانی ڕاستەقینەی دەتوانم لە ژیانی ڕاستەقینەدا بەشداربم. من



دەنووسم، چونکە چەشنێك لە خوو و عادەت چەشنێك لە عەشق و شەیدایی. من دەنووسم، چونکە دەترسم فەرامۆش بکرێم. من دەنووسم، چونکە حەزم لە بەهرە و شانازیانەیە کە نووسین وەك دیاری پێمدەبەخشێت. من دەنووسم، چونکە تاکو تەنیابم. من دەنووسم، چونکە دەشێت ئومێدم هەبێت تاکو تێبگەم بۆچی ئەوەندە لێتان توڕەم، بۆچی لەیەك بەیەکتان توڕەم؟ من دەنووسم، چونکە هەر کە دەستم بە نووسینی ڕۆمان، یان وتار یان تێکستێك کرد دەمەوێت تەواوی بکەم. من دەنووسم، چونکەهەموو چاوەڕێی نووسینم لێدەن. دەنووسم، چونکە باوەڕێکی منداڵانەم هەیە بەنەمربوونی کتێبخانەکان و بەشێوازی دانانی کتێبەکانم لەناو کتێبخانەکانمدا. من دەنووسم، چونکە شتێکی زۆر وروژێنەرە کاتێك هەموو جوانی و بلیمەتیەکانی ژیان دەکەم بە وشە[١٤].

ڕەووف بێگەرد لە کتێبی (بێدەنگی و شتی تر)دا لە بارەی نووسینەوە دەنووسێت: نووسین لە دواجاردا هەوڵێکە بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ خوادا، گەڕانە بە دوای ئەو هەڵدێر و وێڵگانەدا کە چاوی ئاسایی نایانبینێت و تا نووسەر تیان نەکەوێت، نازانێت ئەمە چ بەستێنێکی هەرە نامۆ و دژوارە کە خۆی سروشت و دیاردە نەیارەکان پێکەوە دەگونجێنێت. کارێکی هێندە ئاسان نییە کە لێی نەترسین و بەردەوام تەزووی ئازارت تێدا نەگێڕێت و چێژێکی ئاسوودەیشت نەداتێ.

بێگەرد لە درێژەدا لەبارەی نووسینەوە چەند سەرنجێکی تر دەخاتەڕوو و دەڵێت: گەلێکجار نووسین راوەستانە لە پێش ئەو دەرگا داخراوانەدا کە لەسەرەتای دروستبوونەوە چاوی مرۆڤیان بە مۆلەق راگرتووە و دڵەڕاوکێیەکی سەختی پێدەکەن، کلیلی کردنەوەیان لەناو تووناو توونی ئەو سەدان و هەزاران گریمانەو گەڕانانەدایە کە هزری مرۆڤ پەی پێنەبردوون[١٥].

عەتا محەمەد لەکتێبی (دەستنوسی یەکەمو پەرتوکی خەون)دا، لای وایە نوسین لەخۆیدا کاریگەری جادووی هەیە. یان دەڵێت: (بەمانایەکیتر دەتوانم بڵێم نووسین هەوڵدانە بۆ خولقاندنی چێژو سەرسامی، نەوەك چەسپاندنی بەهاو بۆچوون وزانیارییە باوەکان، هەربۆیە ئەو جۆرە نوسەرەی (بەهەمان شێوە خوێنەریش) لەدەقدا لەو شتانەدا دەگەڕێت کەزانراوە، وەك ئەو کەسە وایە کە لە ئێستادا بیابانو دەریاو چیاکان بگرێتەبەر تاخڕیەتی زەوی بسەلمێنێت، لێرەوە دەبێت نووسین وەك گەمەی شەترەنج سەیربکەین کە لەنێوان نووسەرو خوێنەر بەڕێوەدەچێتو ئەوە نووسەریشە دەست پێشخەری دەکات لەفڕێدانی جولە فێڵاویەکانیدا)[١٦].

حەمە سەعید حەسەنیش لەبارەی ئەوەی کە بۆ دەنووسێت دەڵێت: بەو ئومێدەوە دەنووسم باسی ئەو شتانە بکەم کە دەشێت لە داهاتوودا روو بدەن، نەك بۆ ئەوە باسی ئەو شتانە بکەم کە روویان داوە بەو هیوایەوە دەست بە نووسین دەکەم کە باسی شتێکی نوێ بکەم، نەك باسی شتێکی کۆن، یان نەك



باسێك ئەگەری ئەوەی هەبێت خوێنەر لەمن زیاتری لێبزانێت[١٧].

لێرەوە زەمینەسازی بۆ بەرهەمهاتنی دەق دێتەبوون و کاتێکیش دەق دێتە بوون نووسەر بە ئاگایی, یان بێئاگا بەشێك لەرۆحی خۆی ئاویتەی دەق کردووە, یاخود وەکو (فیۆدۆر دۆستویڤسکی) لە نامەیەکیدا بۆ (ئێس-ئەکساکۆڤ) دەنووسێت: (رەنگە بڕوا نەکەیت کە شەو و رۆژ چەند خەریك دەبم و چەند خودی خۆم ئاوێتەی نووسینەکانم دەکەم, بە دەمارگیری و ژان و هەموو بوونێکمەوە دەنووسم, نووسین تەندروستیم ئاڵۆز دەکات و دەبێت دواشێوەی ئەو بیرکردنەوانەم داڕێژم کە سێ ساڵی رەبەق کۆی دەکەمەوە و دەینووسمەوە(مەبەستی لە نووسینی رۆمانی_برایانی کارامازۆفە)[١٨] هەروەها ئەگەر بە وردی سەیری رۆمانی "تاوان و سزا"ی هەمان نووسەر بکەین هەست بەو حاڵەتە دەکەین بەو دەلیلەی کە پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکە "راسکۆلینکۆف" نزیکیەکی زۆری لەگەڵ ژیانی ئاسایی خودی نووسەری تاوان و سزادا هەیە، واتە ئەوەی (فیۆدۆر دۆستویڤسکی) لەبارەی (برایانی کارامازۆفە)ەوە نووسیویەتی بۆ رۆمانی "تاوان و سزا"ش دروستە.

لەلایەکی ترەوە هەموو دەقێك هەنگاونانە بەرەو داهاتوو, بەرەو داهاتوویەکی نادیار, ئەو داهاتووەی دابڕان لەنێوان ئێستا و ساتی سەرهەڵدانی دەقەکەدا دروست دەکات, بەڵام گرنگ

ئەوەیە بەرەو داهاتوویەك ئەڕوات, لەگەڵ ئەم ڕۆیشتنەی شان بەشانی مەرگ و ژیان هەیە واتە نووسەر لە دەقدا هەم گوزارشت لە مەرگ دەکات هەم لە ژیانیش, یان زۆرجار بەرەو پلە بەرزەکانی فەنتازیا هەنگاو دەنێت, واتە چرکەساتی لەدایکبوونی دەق نووسەر ئازادترین مرۆڤی دنیایە, ئازادە لەوەی کارەکتەرەکانی, بەرەو کوێ دەبات, یان نووسینەکانی لەخزمەتی چیدا دادەڕێژێ. کەمنین ئەو نووسەرانەی لەسەر نووسینەکانیان سزا دراون و لەزێدی خۆیان دوورخراونەتەوە, یان سزای مەرگیان بەسەردا سەپێنراوە.

زۆربەی ئەو دەقانەی لەمێژوودا و لەناخی وەرگرەکاندا چێژیان بەخشیووە, شێوازی جۆراوجۆریان بەخۆوە بینیووە, بەڵام لەزۆر کات و سەردەمدا بۆ دامرکاندنەوەی حەزەکان بووە, یان بریتی بووە لە گۆڕینی ناخ و میزاجی وەرگر.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەقی مەزن ئەو دەقانە بوون کە گوزارشتیان لە ئازارەکانی مرۆڤ و هەستەکانی دەکرد. یاریدەدەر بوو بۆ کەمکردنەوەی ئەرکەکانی سەرشانیان. هێدی هێدی لەگەڵ زیادبوونی قەیرانەکان و زیادبوونی کێشە ئابوری و رامیاری و دەروونیەکاندا مرۆڤ رۆڵی گەورەتری کەوتە ئەستۆ. بەم رۆڵە نوێیانە ئازارەکانی گەورە ئەبوون و دەمارگیری و گرژی پەیوەندییەکان زێدەتر هاوکێشەکانی ئاڵۆز دەکرد, بۆیە دەق ئەرکی زیاتری کەوتە ئەستۆ, کە ئەمەش وای لێکرد زێدەتر بەدوای شێوازی نوێدا بگەڕێت[١٩].



ئەم گەڕانە بەدوای شێوازدا لەسەرەتای نووسینەوە بەردەوام بووە و نووسەر هەمیشە ویستویەتی بەشێوەیەك بنووسێت کە زۆرترین خوێنەر لێی تێبگات شێوازێك بێت بۆ دەربڕین و سانا و پڕمانا بێت, بێگومان نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە هەندێ نووسەر نووسینەکانیان تایبەتە بە نوخبەیەکی کۆمەڵگە و بۆ زۆربە نییە, کاتێك دەق دەکەوێتە بەردەستی خوێنەر لێرەوە خوێندنەوەی دەق مانای گەڕانە بەدوای چێژدا, لەنێو خودی وەرگردا حەز ئامادەیە, حەزی گەڕان بەدوای چێژدا, هەر وەرگرە چێژی خۆی لە دەقێکدا ئەبینێتەوە, ئەگەر هاتوو دەقێك لەسەر ئاستێکی ستونی لەگەڵ وەرگردا پەیوەندی پەیداکرد, ئەوا مەزنترین چێژ دروست ئەبێت, بەمەش گەورەترین حەز رایی ئەکات و لەنێو شێوەیەك لە بەردەوامی و ژیاندا جێگای خۆی ئەکاتەوە.

ئەگەر قسە لەسەر جیاوازی نێوان وتارنووس و نووسەری داهێنەر بکەین ئەوا جیاوازیەکە ئەوەیە کە نووسەر بە تەنیا وێنایەکی  ژیان بەدەستەوە دەدات و هیچ واقیعێك لە ئارادا نییە کە بکرێ بەرهەمەکانی بەپێی ئەو هەڵبسەنگێنرێت: لەلایەکی دیکەوە قارەمانی وتار سەردەمانێك زیندوو بووە و ژیانیشی دەبێت بە چەشنێکی دیاریکراو وەسف بکرێ. بەهەرحاڵ ئەم ژیانە لەنێو بەرهەمەکەدا وێنە کێشراوە, هەرچۆن لە بابەتی نووسینی داهێنەرانەشدا دەبێ ئاوڕ لە خودی بەرهەم بدرێتەوە.

# دنیابینی نووسەر

گۆڕنکارییەکانی ناو خود لە پێناوی خۆتەواوکردن و گەیشتنە بە پلەی تەواوکۆیی, بەڵام لەبەر ئەوەی خود لە ناو کاتدا دەژی و (خودێکی کاتی مێژوویییە) ئەوا تەواو کۆیی یۆتۆپیایە و خود هەرگیز ناگاتە ئەو پلە بەرزە بێسنوورەی کە دەیخوازێت و بەشوێنیدا وێڵە[٢٠].

لێرەوە دەگەینە ئەوەی مرۆڤ هەر کارێك بکات بۆ ئەوەیە بوونی خۆی تەواو بکات و مانایەك بە بوون و ژیانی ببەخشێ, نووسەریش دەیەوێ لەڕێی نووسین و بەرهەمهێنانی دەقەوە ئەو لاسەنگیە رۆحیەی سروشت لە بوونیدا چاندوویەتی هاوسەنگ بکات. واتە نووسین جگە لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکی رۆحی تاك هیچیتر نییە, رەنگە لێرەدا لەو قاڵبە بچینە دەرەوە کە نووسین پڕۆسەیەکی دەستە جەمعیە, بەڵام کە دەڵێم نووسین بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەیە کە لە رۆحی تاکدایە, واتە نووسین لەسەرەتادا کارێکی فەردییە, بەڵام لەگەڵ بڵاوبوونەوەی وەکو دەق کەوتنە بەر دیدەی خوێنەر ئیتر لە کارێکی فەردانییەوە دەبێتە کارێکی دەستەجەمعی, چونکە رەنگە کاتێك کە پەنجا خوێنەر دەقێك دەخوێننەوە لەو پەنجا خوێنەرە بیست خوێنەر خۆیان لەنێو دەقەکەدا ببیننەوە(ئەمە لەدەقی ئەدەبیدا) بەڵام لە



دەقی تردا ئەو بیست خوێنەرە هاوڕان لەگەڵ بۆچوون و ئایدیاکانی نووسەردا هەرگیز نووسەر ناتوانێ لەتەمەنی نووسیندا تەنها داڕێژەری موعانات و خەمە فەردانیەکانی خۆی بێت, رەنگە لە قۆناغێکدا بەو حاڵەتەدا تێپەڕبێت, بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی دنیابینی نووسەردا خەمی کۆمەڵگەو خەمی مرۆڤەکانیتر بەگشتی دەبێتە خەمی نووسینی نووسەرو نووسەر سەرقاڵ دەکەن. نموونەی بەرچاوی ئەو نووسەرانەی کە خەمی مرۆڤی وڵاتانی تریان لەنووسینەکانیاندا تەوزیف کردووە(پاولۆ کۆیلۆ)ی بەڕازیلییە, ئەم نووسەرە لەزۆربەی رۆمانەکانیدا کار لەسەر بیئەو فەزای رۆژهەڵاتیەکان دەکات و زۆر بەئاگایانەو وەکو رۆژهەڵاتناسێك گوزارشتی لە کێشەو گرفتەکانی مرۆڤی رۆژهەڵاتی کردووە.

یەکێك لەتایبەتمەندیەکانی نووسەر بینینی داهاتووە بەرلە خەڵکانیتر و زۆرجار نووسەرێك بەرلە روودانی ئەو کارەیان کردووەو نموونەی ئەم جۆرە نووسەرانە زۆرن, بەڵام من لێرەدا مەبەستمە کە ئاماژە بە رۆمانی(١٩٨٤)ی جۆرج ئۆریل بدەم[٢١]. نووسەر لەم رۆمانەدا کە لەساڵی(١٩٤٨)دا نووسیویەتی پێشبینی ئەوە دەکات کە لە ساڵی (١٩٨٤)دا بلۆکی کۆمۆنیستی تێکدەشکێت. واتە(٣٦) ساڵ بەر لەو رووداوە ئۆرێل پێشبینی روودانی رووداوێکی لەو جۆرەی کردووە,کە پێشبینیەکەش راست بوو, بۆیە پێشبینیکردنی داهاتووش گۆڕانکاری و داهێنانە, هەتا مرۆڤیش سەربەست نەبێت, ئەوا

ناتوانێت داهێنەر بێت و پرۆژەکانی بوونی بێنێتە کایەوە. هەمەنگوایی پاش بەشداریکردنی لە جەنگی یەکەمی جیهانی رۆمانی(ماڵئاوای لەچەك)ی نووسی کە کەسایەتی سەرەکی رۆمانەکە نزیکیەکی زۆری لەگەڵ خودی نووسەردا هەیە، هەروەها سانتیاگۆی راوچیش لە رۆمانی(پیرەمێردو زەریا)ی هەمەنگوایدا دیسان نزیکیەکی زۆری لەگەڵ خودی نووسەردا هەیە. لای ئۆروێلیش لە رۆمانی(١٩٨٤)دا نزیکیەکی زۆر لەنێوان کاراکتەری سەرەکی رۆمانەکە (وینستۆن) و خودی نووسەردا هەیە و هەندێك لێکۆڵەر لە یادی سەد ساڵی لەدایکبوونی ئەم نووسەرەدا جەختیان لەسەر ئەمە کردەوە.

رۆمانی(١٩٨٤)یش یەکێکە لە بەرهەمەکانی تری ئۆروێل کە سیاسەت هەوێنی تەواوی رۆمانەکەیە، یان وەکو مەریوان وریا قانیع دەڵێت: رۆمانی(١٩٨٤) یەکێکە لە سیاسیترین رۆمانەکانی سەدەی رابردوو و ئۆروێل-یش بە سیاسیترین نووسەری سەدەی بیستەم دادەنێت. ئەم رۆمانە باس لە کەسێك دەکات بەناوی وینستۆن سمیس کە فەرمانبەرێکە لە دەوڵەتێکی دیکتاتۆری چوار وەزارەتیداکە ئەمانەن: وەزارەتی راستی، وەزارەتی رێکەوتن، وەزارەتی ئەوین، وەزارەتی فراوانی. ئەم وەزارەتانە هەریەکە و بەشێوەیەك هەوڵی جوانکردنی رووی رێبەری گەورە و حزب دەدات: وەزارەتی راستی کاروباری هەواڵ و سەرگەرمی و پەروەردە و هونەرە جوانەکان بەڕێوە دەبات. وەزارەتی رێکەوتن خەریکی جەنگە.



وەزارەتی ئەوین یاسا رێك و پێکی لەسەرە. وەزارەتی فراوانی-یش کاروباری ئابوری رادەپەڕاند. کاری وینستۆن لە فەرمانگەکەیدا سەر لە نوێ نووسینەوەی هەموو ئەو وتار و نووسینانەی رابردوو بوو کە لە رۆژنامە و بڵاوکراوەکاندا هەبوون تا رابردووی حزب ببێتە رابردوویەکی خاوێن.

وینستۆن بیرۆکەی ئەوەی لادروست دەبێت کە دژبە حزبی دەسەڵاتدا بوەستێتە لەبەر پەیڕەوکردنی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆریە لەوێوە بیرۆکەی (مەرگ بۆ رێبەری گەورە) دێتە بیری و پاشان هەوڵی قوتاربوون لەو رێو رەسمە حزبیەکان دەدات وەکو دواکەوتن لەدەوام، یان بەشداری نەکردن لە هەفتەی رق، کە هەموو هاولاّتیان تێدا بەشداربوون بۆ رقبوونەوە لەدوژمنانی حزب، کە تێیدا وێنەی دوژمنی گەورەی حزب "عەمانوێل گۆڵدستەین" پیشان دەدرێت بۆ ئەوەی هاولاّتیان رقیان لێی بێت. هەروەها وینستۆن دەفتەرێکی یادگاری دەکڕێت بۆ نووسینەوەی یاداشتەکانی تا لەودۆخە بێ مێژوویەی حزب دروستی کردووەو مێژووی گەل یەکسانە بەمێژوووی حزب و ئەوەی بە دڵی حزب نەبێت مێژوونیە، یان نابێت هەبێت، لەم دۆخەدا وینستۆن دەیەوێت لەرێی نووسینەوەی یاداشتەکانیەوە مێژوویەکی ونبوو بنووسێتەوە. مێژوویەك کە حزب دەیەوێت تەنها خۆی خاوەنی بێت. ئەم پیاوە دەزانێت ئەم کارە پڕمەترسیترین کارە کە هەڵیبژاردووە ورەنگە بێتە هۆی کوشتن و لەناوبردنی، بەڵام دەست بەنووسین

دەکات و یەکەم دێر دەنووسێت(مەرگ بۆ رێبەری گەورە). لێرەدانامەوێت زیاتر لە مەبەستی سەرەکی ئەم نووسینە دوور بکەومەوە تەنها ویستم ئاماژەیەکی خێرا بە رۆمانی (١٩٨٤) بکەم ئەو رەگەی کە ئۆرێل ئاماژەی پێدەدات کە کار لەسەر کوشتنی یاخیبوون و سەربەستی مرۆڤ دەکات ئێستا دەمەوێت قوڵتر لەم دوو چەمکە بڕوانین.

یاخیبوون, سەربەستی, داهێنان و داهاتوو چەند واژەیەکن کە لە فەلسەفەی بوونخوازیدا پێوە گرێدراون و واتا بۆیەکتر تەواو دەکەن و بەبێ یەکتر نابن, مرۆڤی نامۆ و یاخی نەبوو. لەبەرئەوەی بوونی داگیرکراوە و سەربەستی لێ زەوت کراوە, بێ داهاتوو ناتوانێت بەسەر هەورازی ژیاندا سەرکەوێت و بگاتە ئەودیو سنوری ئەمڕۆ و رابردوو. هەروەها مرۆڤ هەر لە یەکەم ساتی ژیان و هەناسەدانیەوە, دەکەوێتە ژێر باری کارتێکردنی کۆمەڵەوە, ئەم کارتێکردنە لە ئاستی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیدا, بەرچاوی تاریک دەکات و پەرژینێکی ئەستور بەدەوریدا دادەکوتێت[٢٢].

لێرەوە دەتوانین بڵێین هەر نووسەرە و خاوەنی دنیابینی تایبەتی خۆیەتی و مەرجی سەرەکی داهێنانیش بوونی ئازادی بڵاوکردنەوەیی بەرهەمەکانی نووسەرە لەکات و سەردەمی خۆیدا. هەروەها یاخیبوونیش دیسان ئەرکی نووسەرە, یاخیبوون لەو فۆرمە دەقبەستوانەی کۆمەڵگە دروستی کردووە. لە بۆچوونێکی دیکەدا بواری ناسینی کەسایەتی داهێنەر لە



هەموو بوارەکان سەخت و ئاڵۆزترە, توێژینەوەی زانستیانەی کەسایەتی داهێنەر هەروا ئاسان نییە, چونکە پرۆسەیەکی دەروونی و ناوخۆیی لەخۆدەگرێت کە بەندە بە دەروونی نووسەرەوە لە ناخیدا روو دەدات, لەبەرئەوە تەنها لە رێگەی داهێنەر خۆیەوە دەتوانرێت ئەم ناخە ببینرێت, ئەگەرنا ئەوا کەسایەتی داهێنەر دەیان چەند و چوونی لەسەر دەکرێت و بە دەیان شێوە باس دەکرێت, دەمێك ساحیر و جادوگەرە بە بیر و رای ئەوانەی ئیلهام و هێزی دەرەکی دەکەنە چاوگەی داهێنان, یان پێغەمبەرە, یان شێتە, یا نەخۆش کەم و کوڕە!

ئۆرهان پامۆك لەبارەی ئیلهامەوە دەڵێت: ئیلهام کاری نووسەر نییە، چونکە هیچ کاتێك دیار نییە کە ئیلهام لە کوێوە دێت. نهێنی کاری نووسەر لەخۆڕاگری و سەبر و تاقەتیەتی. پامۆك لەو نووسەرانەیە کە خەمی تاك و خەمی شوناس بڕبڕی پشتی کارەکانیەتی و ئەو دەیەوێت لە نووسینەکانیدا پەی بە قوڵاییەکانی ناخی مرۆڤ بەرێت و ئەو دەڵێت: ئومێد و سەبرمان بۆیە پێویستە تاکو بتوانین دونیایەکی قوڵ لە نووسینەکانماندا بخولقێنین[٢٣]، واتە پامۆك پێیوایەی نووسەران بەر لە هەر شتێك دەبێت هەڵگری ئارامی بن بۆ ئەوەی دنیایەکی قوڵ بخولقێنن، بەڵام من لەگەڵ ئەم رایەی پامۆکدانیم لەبەر ئەوەی زۆرجار نائارامیش دەبێتە هۆی خولقاندنی دنیایەکی قوڵ لە نووسین و گوزارشتکردن نموونەی ئەم نووسەرانەش زۆرە کافکا کە نائارامترین نووسەر بوو، بەڵام توانای

بەرجەستەکردنی دنیایەکی قوڵ و پڕ لە داهێنانی هەبوو لە نووسینەکانیدا، هەروەها (فیۆدۆر دۆستویڤسکی)یش لە ژیانی تایبەتی خۆیدا تاڕادەیەکی زۆر نائارام بووە، بەڵام داهێنانی ئەو هەم لە ڕۆمانی تاوان و سزا و هەم لە ڕۆمانی برایانی کارامازۆڤدا شایەنی لەسەر وەستانە. هەروەها بەرهەمەکانی سادقی هیدایەت کە ئەویش لەو نووسەرە نائارامانەیە کە زۆر عەدەمیانە لە ژیانی ڕوانیووە و کەچی قوڵ ڕۆچۆتە نێو ناخی مرۆڤەوە. محەمەد عومەر عوسمانی شاعیریش کە ئەویش دنیایەک نائارامی لە بوونیدا هەڵگرتووە لە دیوانی "لەغوربەتا"دا [٢٤] تا ئاستێکی باڵا بەنێو ناخی مرۆڤدا شۆڕبۆتەوە. لێرەدا مەبەستم لەوە بوو پامۆك تەنها لە دنیایەکی ترەوە ڕوانیویەتییە ئەو بابەتە بەشێوەیەکی گشتگیر بۆچوونەکانی نەخستۆتەڕوو.

دڵشاد عەبدوڵلا لەبارەی پەیوەندی نووسین و مەرگەوە دەنووسێت: زۆرجار نووسین لە پرۆسەی کوشتن دەچێت و بکوژ دەتوانێت حیکایەتی کوشتن بگێڕێتەوە وەلێ کوژراو نازانێ چی و چۆن ڕوویدا[٢٥]. من لە چەند شوێنێکی تریشدا ئاماژەم بەوەدا کە نووسین هەوڵی مرۆڤە بۆ دەستەمۆکردنی نەمری، یان ڕاکردن لە مەرگ، بەڵام هاوکات ئەوەش هەر ڕاستە گەر بڵێین نووسین چەند هەوڵە بۆ نەمرهێشتنەوەی مرۆڤ هێندەش ئەزموونکردنی مەرگە، بەڵام بەشێوەیەکی تیۆری. ڕەنگە ئەم خولیایە لەوێوە سەرچاوەی گرتبێت کە مرۆڤ بیەوێت



بەرلە ڕوودانی شتەکان لە پراکتیکدا ئەو لە تیۆردا ئەزموونی بکات.

## پەیوەندی نێوان دەق و مەرگ

ئەگەر بمانەوێ قسە لەسەر هەردوو چەمکی (دەق و مەرگ) بکەین و بمانەوێت ڕاڤەی هەردووکیان بکەین, یان چەند پێناسەیەکیان بۆ دابتاشین ئەمە کارێکە ڕەنگە لە توانای ئەم نووسینەی ئێمەدا نەبێت و هەم پەیامی ئەم نووسینەش نییە, بەڵام من دەمەوێ پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکیەکانی نێوان ئەم دوو چەمکە بخەمە ڕوو, هەروەها ڕەنگدانەوەی ئەم دوو چەمکە لەنێو یەکتریدا و کاریگەریەکانی بەجیهانیبوون و تەکنەلۆژیا لەسەر دەق.

ئەگەر ئێمە ئەم دوو چەمکە وەك دوو دژ ببینین ئەوا هاوکێشەی مەرگ و ژیان دروست دەبێتەوە و دەق لەوێدا دەچێتە جێی ژیان و بەرامبەر مەرگ لە کێبەرکێدا دەبێت, بەو واتایەی کە دەق زۆرترین ڕەنگدانەوەی ژیانە و کەمتر باسی پاش مردن دەکات, تەنها ئەو دەقانە نەبێت کە دەقی پیرۆزن وەکو "قورئان" کە چیرۆکی ژیانی پاش مەرگمان بۆ دەگێڕنەوە و وێنایەکی بەهەشت و دۆزەخ لە زەینی خوێنەردا دروست دەکەن.

نیچە لە کتێبی جینالۆژیای مۆراڵ (ڕەوشت)دا بە چەند بەشێك لە ڕەوشتی ئەو دژانەی لەنێو ژیاندا هەن کۆڵیوەتەوە کە

بەشـدارن لـە خولْقانـدنی بـیری داهێنـان و بیرکردنـەوە جـۆراو جۆرەکانی تری مرۆڤ و کوشتنی بیری داهێنان. لەلایەکیترەوە بەسەرهاتی مەرگی دەق گەلێ دێرینە، لەسەردەمی سوقراتەوە دەست پێئەکات سوقرات ئەو کاتەی بەسەرهاتی بیر و بوونی دنیایی بۆ سەردەمەکەی گێڕایەوە، سەرسوڕمانێکی لە نێوەندی کۆمەڵگای خۆیدا دروست کرد ئەتوانین بە سەرەتای مەرگی تێگەیشتنی دابنێین لە مێژووی ململانێی عەقڵ و ناعەقڵدا. هەر خودی سوقرات ویستی بە فەلسەفەکەی ئەوە بسەلمێنێ کە مافی هەموو کەسێکە بژی و دەنگی بەرز بکاتەوە، بۆیە هەندێك لەوانەی لایەنگری بۆچونەکانی نەبوون بەوە تاوانباریان کرد کە گوایە سوقرات هانی ئاژاوەچێتی و شێواندنی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خێزان، گەورە و بچوك ئەدات، سوقرات ویستی ئەو بۆچوونە مردوانە ژێر گڵ بنێ کە دەمێك بوو عەقڵی فەلسەفەی ئەغریقی پێوەی ئەتلایەوە.

لێرەدا ئەگەر قسە لەسەر مردنی دەق بکەین. مردوویێتی دەق دوو جۆرە، یەکەمیان ئەو دەقانەی کە لەدایك ئەبن یەکسەر ئەمرن، لەبەرئەوەی پێشتر خاوەنەکانیان سودیان لە بابەتگەلێك وەرگرتووە، کەڵکیان نەماوە و مردوون، ئەمەش لەو هەزاران دەقانە ئەبینرێ کە رۆژانە لەدایك بوون و پێشی ئەوەی بێنە دنیاوە بە مردوویی لەدایك ئەبن و هیچ پەیامێکیان پێ نییە، هیچ شتێکیان نییە بۆ وتن، نەلەخۆیان ئەگەن نە لەو پەیامەی پێیانە. دووەم ئەو دەقانەی کە ئەیانەوێ لەدایك بن بۆ ساتێك



ئەمێننەوە، پاشان بۆ ساتەوەختێ لە نێو بونیادەکانی هەستی مرۆڤدا کاریگەریان ئەبێت، بەڵام لە دواییدا لە گیانەڵادا هێدی هێدی بەرەو مەرگ ئەڕۆن[٢٦].

هەربۆیە باشلار لە لێکدانەوەکانیدا لەمەڕ مەسەلەی زانست و دەقی زانستی، ئەوە ئەسەلمێنێ کە دەقی زانستی بۆ ئەوەی توشی مەرگ نەبێت ئەبێ خەیاڵ و درك دروست بکات. لەم بارەشەوە بڕوای وایە، کە دەق کاتێك سەرسوڕمان دروست دەکات کە بتوانێ هونەری هەبێت. واتە هەموو دەقێك دیاردەیەك، چالاکییەك و بڕیاردانێکی لەپێشینەی زەینە بۆئەوەی ئەیبینێ.. بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە، تۆ بڵێی راستییەك هەبێت وا لە زەین بکات لەگەڵ ئەو دەقەدا هاوجووتیەك دروست بکات، ئەگەر ئەو دیاردانەی ئەخرێنە ڕوو یاخود ئەبینرێن لەگەڵ زەینی مرۆڤدا یەك بگرنەوە ئەوە مەدلولی دروست ئەکەن و ئەگۆڕێن بۆ مانا[٢٧].

کاتێك نووسەر لە دەقێکدا چرکەساتی مەرگ وەسف دەکات، یان دەیەوێ گوزارشت لە مردنی مرۆڤێك بکات، ئەوا ناڕاستەوخۆ ترسێکی هەیە لەباسکردنی مەرگدا، چونکە مرۆڤ لە سروشتی بوونیدا لە مەرگ دەترسێت، بۆیە نووسەر لەو دەقەدا دەیەوێ راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دژایەتی مەرگ بکات و رەنگە زۆرجار بە دیاردەیەکی دزێویش لە قەڵەمی بدات، یان لەبەرچاوی خوێنەردا هەوڵی ناشیرینکردن و دزێوکردنی دەدات.

هەربۆیەش نیچە لە کتێبی "ئەودیوی چاکە و خراپە" پێ لەسەر مەسەلەی مەرگی دووەم و زیندوویەتی یەکەم دائەگرێ, دیارە لای نیچە هەرشتێك کە لە خانەی بەدیدا بێت جۆرەکە لە شەڕەنگێزی و نا هێوری و کوشتنی ژیان. ئەوڕای وایە خراپی و بەدی لەبوونیادی نامێژوویدا ئەژین و سات و تەمەنیان نەزانراوە رەنگە تەمەنیان لەو ساتەدا بەرەو لەناوچوون بچێت کە لەدایك ئەبن, یاخود لەو ساتەشدا نەبێت بە مردوویێتی خۆیان بمێننەوە. نیچە دەمێك بوو بڕوای بەوە هەبوو کە ئەبێ وەك شەڕخوازەکان نەبین: (با باش بین).. ئایا لەم وتەیەدا بۆمان دەردەکەوێ کە خراپی و بەدی جۆرێکە لە شێواندنی ئەو یاسایانەی کە مەرگی زوو دروستی ئەکەن و کورتی ژیان ئەبەخشنە ئەو ساتانەی کە تیایدا جوانی رەنگ ئەداتەوە و تروسکایی پەرە ئەسێنێت[٢٩].

لەم ئاستەدا نیچە مرۆڤ ناچار دەکات خۆی بەرهەمهێن و دروستکەر و داهێنەری نۆرم و بەها ئەخلاقیەکان بێت, خۆی نەخشە و پیلان و ژیانی خۆی دیاری بکات. لەباتی ئەوەی رازی بێت لە دەرەوەڕا هێزێك بەناوی راستییەکی موتڵەقەوە، یان بەناوی هێزێکی میتافیزیکی دەرەوەی ژیان و دەرەوەی ئینسانەوە ئاغای بێت و شتەکانی بۆ دەستنیشانکات, خۆی دەبێتە دەستنیشانکەری چییەت و چۆنێتی چارەنووس و ئەخلاق و ئیرادە و هەڵبژاردنەکانی خۆی هەڵبژاردنیش لای نیچە بەرهەمهێنانی دەقە, دەقێك گۆڕان لە بوون و ژیانی مرۆڤدا



بکات و هەموو پێشهاتە ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بەئاگا بهێنێت[٣٠].

محەمەد عومەر عوسمان لە شیعری (ڤانکوخ)دا[٣١] هەوڵی تەوزیفکردنی ئەو پەیوەنیەی نێوان دەق و مەرگ بەشێوەیەکی دیار داوە و هێنانەوەی ئەم شیعرەی حەمە عومەر خزمەت بەم باسەمان دەکات شاعیر ویستوویەتی لە رێی ئەم دەقەوە ئاماژە بە خۆکوشتنی (ڤانکوخ)ی نیگارکێش بدات و مەرگی ئەم نیگار کێشە لەم شیعرەدا جێبکاتەوە، شاعیر دەنووسێت:

فلچەم لە خوێنی خۆم هەڵکێشا و
دەریایەك بووم شێت..شەپۆلم زەبەنگ
خۆراکی لەشم قاوە و دوکەڵ بوو
خۆراکی گیانیش بۆیەی رەنگاورەنگ

لێرەدا شاعیر زۆر بە وردی ژیانی ئەو نیگارکێشەی تەوزرف کردووە و جوان و حەقیقی ئەوی نیشانداوین و پاشان دەنووسێت:

کە خوێنی خۆمم رشتە تابلۆوە
کە زانیم ئیتر خۆر لێم هەڵنایە
من گوللەی مەرگم نا بە خۆمەوە
چونکە (بەدبەختی کۆتای نایە)

وەك دەبينين شاعير بەشێوەيەكی جوان و هونەری مەرگی (ڤانكوخ)ی كردۆتە بيانووی بەرجەستەكردنی فەزايەكی مەرگدۆستی لە شيعرەكەدا و بەگێڕانەوەی چيرۆكی ژيانی ئەم نيگاركێشە بەدبەختە، دەيەوێت مەرگ لەم دەقەدا تەوزيف بكات. نەك تەنها ئەم دەقەی حەمە عومەر، بەڵكو چەندين دەقی تری ئەم شاعيرە هەڵگری هەمان فەزای مەرگدۆستين و ئەو بۆ مەرگی گەڵايەك، يان رووتبوونەوەی درەختێك ئامادەيە بەرگەكەی خۆی ببەخشێ بەو درەختە. هەر ئەم كاركردنەی حەمە عومەرە وايكردووە لەغوربەتا ببێتە ئەو ديوانە شيعرەی كە نەمری بۆ خۆی دەستەبەر بكات، چونكە راستگۆييەكی زۆر لەنێو ئەم ديوانەدا دەبينرێت. قسەكردنی زياتر لەسەر ئەم شاعيرە بۆ دەرفەتێكيتر هەڵدەگرم، بەڵام ئاماژەدان بەم شاعيرە لێرەدا تەنها بۆ خستنەڕووی ئەو پەيوەنديانە بوو لە نێوان دەق و مەرگدا.

## نووسەران و شێتی

مرۆڤ بەشێكی تەواوكەری سروشتە, لە ئەنجامی پەرەسەندنی نەپساوە و گۆڕانی بەردەوام و بێ پشووودان هێز و توانای گونجان لەگەڵ دەورووبەردا ئەم روخسارەی ئێستای پێ براوە و بووە بەو مرۆڤەی كە ئێستا هەيە.



بەڵام ئەم مرۆڤە لە هەموو روويەكەوە مرۆڤێكی كامڵ و ئامادە نييە بۆ ژيان و دەبێ خۆی هەوڵی فێربوون و ئەزموونكردنی ژيان بدات, هەروەها لەلايەكەوە سروشت و عەقڵ و هۆشی مرۆڤ بە جۆرێكە, هەوڵ ئەدات دياردە جياوازەكان بباتەوە سەر يەك سەرچاوە و سەر يەك بنەڕەت و بنج و بناوان بۆئەوەی وا بێتە بەرچاو يەك رەنگی هەوێن و بنچينەيە و جياوازی فرە رەنگی و هەمە چەشنەيی دياری دەكات تەنيا رواڵەت و روكەش و روخسارن[٣٢].

بەڵام راستيەكی حاشا هەڵنەگر هەيە، كە پێويستە خۆمانی لێ لانەدەين ئەويش ئەوەيە كە لە سروشتی هەموو مرۆڤێكدا رێژەيەك لە شێتی و رەفتاری نائاسايی هەيە و كەمن ئەو مرۆڤانەی لەم رەفتارانە بێبەشن , هەروەها بە بير و رای فرۆيد ئێستای مرۆڤ دەرەنجامی رووداوەكانی سەردەمی منداڵين. هەروەها ئەوەی بە خراپە و شەڕ و نالەبار ناودەبرێ لە جۆرە حوكمدانێكی رێژەيی كەوتۆتەوە كە پابەندە بە لێكدانەوەی رووداوێكی دياری كراو, ياخود كردارێك لە بۆچوونێكی تايبەتيەوەلە سەردەم و شوێنێكی دياريكراودا. هيچ كردەوەيەك و هيچ رووداوێك لە خۆيدا باش يان خراپ نييە, بەڵكو سەبارەت بە كەسانی تايبەتی و لە شوێن و كات و هەڵوێستی دياريكراودا ئەم سيفەتەيان دەدرێتە پاڵ و هيچ كردەوەيەك لە خۆيدا ناوی شەڕ و نالەبار بەخۆی رەوا نابينێ, بەڵكو مرۆڤ پێودانگ و پێوانەی خۆی داناوە و دائەنێ بە پێی

ئەم پێوانە رووداو کردار ورەفتار هەڵدەسەنگێنێ و ناوی تایبەتی و دیاری کراویان پێ دەبەخشێ, چونکە ژیان و هەل و مەرج و قانوونەکەی ساخیان کردۆتەوە ئەوانە دەژین و دەمێننەوە کە توانای ژیانیان هەیە و شایستەی مانەوە و ژیان و گونجانن[٣٣].

دەکرێت لەم سەرەتایەوە بچینە قوڵایی مەبەستەوە و قسە لەسەر نووسەران و رەفتارە نائاساییەکانیان بکەین, هەندێك پزیشك و تویژەرەوە لە توێژینەوەی کەسایەتی چەند داهێنەرێك گەیشتنە ئەو بڕوایەی نەخۆشیەکانی کۆئەندامی دەمار(***مرض العصاب***–Neurosis) هۆکاری بەرپاکردنی داهێنانە, هەریەکە لە(کرشتمەر و لۆمبرۆزۆ و لانك ئیكپاوم) بەگوێرەی ئەنجامدانی لێکدانەوە و توێژینەوەکان دەریان خستووە کە(بتهۆڤن) لەگەڵ ئەوەی کەسێکی کەم دەرامەت بووە و هەردەم هەژار بووە, کەچی لەیەك کاتدا چەند خانوویەکی بەکرێ گرتووە, (دیکنز) نیوەشەوان ماڵەکەی خۆی بەجێ دەهێشت و دەچووە نێو شەقامەکان و وەکو شێت سەمای دەکرد! یان لە پەنجەرەوە چۆتە ماڵی هاوڕێکانی!(شۆپان) دەمارە هەستیەکانی توشی ناتەواوی هاتوون, (رۆسۆ)بەردەوام گومانی لە خزمەتکارەکانی هەبووە لەوەی ژەهر بخەنە نێو خواردنەکەیەوە و هەوڵی کوشتنی بدەن! (بۆدلێر) لەگەڵ ئەوەی حەشیشەکێش بووە بەهۆی هۆمۆسێکسیەوە توشی شێتبوون هاتووە, (هەمەنگوای) نەخۆشی پەستی(کەئابە) هەبووە و



(دیستۆیڤسکی) فێ (پەرکەم–الصرع)ی هەبووە و (ڤان کوخ)لە دڵەڕاوکێ(قلق)ی خۆیدا گوێچکەی خۆی بڕیوە و هەریەکە لە(گۆتە و گۆگان)یش شیزۆفیرینیا(انفصام الشخصیە) بەرۆکی گرتوون[٣٤].

بەرای چەند دەرووناسێك نەخۆشیە دەماریەکان هۆکاری سەرەکین بۆ دەرکەوتنی بلیمەتی, ئەگەر ئەم هۆکارەش نەمێنێت, ئەوا داهێنەر توانای داهێنانی نامێنێت, چونکە کۆئەندامی دەمار و مێشکی داهێنەر پێکهاتوویەکی ئاڵۆزە و نەخۆشیە دەماریەکان دەبنە پاڵنەر,یان لە چۆنێتی بیرکردنەوە و سەرنجدانی بێسنور و لەرادەبەدەر[٣٥].

گۆتێ ئەو پیاوە بلیمەتەی هەموو ئەڵمانیا شانازی پێوە دەکەن, هەروا بەئاسانی داهێنانە گەورەکانی پێشکەش نەکردووین, دووچاری چەندین جۆرە قەیران و لەرزینی دەروونی ئازار بەخش بۆتەوە و لە راستیدا ئەویش زۆر بە گرانی نرخی بلیمەتی و داهێنانەکانی خۆی داوە. جورئەتێکی وای بۆدەهات کە هەندێکجار ئیعتراف بەوە بکات کە لە رووی دەروونیەوە نەخۆشە و دووچاری موعاناتێکی بێئامان بووە و نازانێ کرۆك و هۆکاری ئەو موعاناتانە چییە؟ ئیدی دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە لێرەدا پەیوەندییەك لە نێوان بلیمەتی و نەخۆشی دەروونی، یان گرێی دەروونیدا هەیە, ئەگەر ئەو گرێیە و هەوڵدان بۆ زاڵبوون بەسەری نەبووایە داهێنانیش نەدەبوو. کەسایەتی

نەخۆش تەنها لە میانی داهێنانەوە دەتوانێت هاوسەنگی خۆی ڕاگرێت.

گومانی تێدا نییە کە نیچە (١٨٤٤-١٩٠٠) یەکێکە لە فەیلەسوفە گەورەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕۆژەکانی دوایی ژیانیدا بە تەواوی شێت بوو و بۆ ماوەی یانزە ساڵ و هەتا ساتی مردنی(ساڵی١٩٠٠) هەر بە شێتی مایەوە، هەروەها شاعیری مەزنی ئەڵمانی (هۆڵدەرلین)یش نیوەی ژیانی لە نێو دنیای شێتیدا بەسەر برد[٣٦].هەروەها پاولۆکۆیلۆش چەند ساڵێك لە شێتخانە لەژێر چاودێری پزیشکی دەروونیدا بووە.

شێتی داهێنەران بەو ئەندازەیە ترسناك نییە، بگرە دەشێت مەسەلەیەکی ئاسایی و نزیك بێت. بەهەرحاڵ ئەم جۆرە شێتیە ئازاری کەس نادات مەگەر خاوەنەکەی، کەسانی بلیمەتی بە ئاسانی توڕە دەبن و لە پێستی خۆیان دەردەچن، بە جۆرێك دەژین وەك بڵێی بە پێچەوانەی خەڵکی ئاسایی، ئەمان لە دەرەوەی زەمەن و لە دەرەوەی بوون بژین. ئەرستۆ دەڵێت: کەسایەتی نووسەر بەبێ هەندێك شێتی بوونی نییە، هەروەها دەبینین (دیارۆ) ئەو بیرەی گەلاڵە کرد کە بلیمەتی و شێتی بەیەکەوە گرێدەدات، ئەم فەیلەسوفە فەڕەنسییە دەڵێت:"ئاه.. چ پەیوەندییەکی گەورە لە نێوان بلیمەت و شێتیدا هەیە. هەردووکیان خەسڵەتگەلێکی نائاساییان هەیە، یان بە ئاراستەی چاکەدا دەڕۆن، یان بە ئاراستەی خراپەدا. شێت لە



نەخۆشخانەی عەقڵیدا بەند دەکرێ و بلیمەتیش پەیکەری بۆ دروست دەکەین[٣٧].

لەلایەکی ترەوە (ئیسکیورول)ی زانای نۆژداری دەروونی دەڵێت: کەسایەتییە گەورەکان لە مێژوودا کەسایەتییەکی نیرۆسی و نەخۆشن، ئیدی چەند نموونەیەك دەهێنێتەوە لەوانە: لوسی، باسکال، جان جاك ڕۆسۆ.. هتد.

پۆل کلۆدێل لە بارەی ڕامبۆی شاعیرەوە دەڵێت: ڕامبۆ لە ساتەوەختی ئازار چەشتن و خراپبوونی دەروونیدا دەبووە کەسێکی سۆڤی، وەك کانییەکی بزر لە زەوییەکی وشکەڵاندا دەتەقییەوە. جان کۆکتۆ لەبارەی هەمان شاعیرەوە دەڵێ: ڕامبۆ گەوهەرەکانی خۆی لە شوێنێکەوە دزیووە. بەڵام لە کوێ؟ کەس نازانێ. ئەمە نهێنیەکەیە.(بێگومان لێرەدا مەبەستی لە گەوهەرەکانی، شیعرەکانییەتی). ڕامبۆ بوو بە ئەفسانەیەك ئەستەمە ڕاڤە بکرێت. مێژوو بلیمەتێکی وەك ئەو بلیمەتیەی ئەم شاعیرەی نەبینیووە. وەك دەزانن هەموو شیعرەکانی لە ماوەی چوار ساڵدا نووسیووە. واتە لە تەمەنی شانزە ساڵیەوە بۆ تەمەنی نۆزدە ساڵی!.. ئایا دەچێتە عەقڵەوە بلیمەتێك لەو تەمەنە کەمەدا لەدایك بێت؟ بۆیە هەندێك کەس پێیان وایە قودرەتێکی خودایی ئەو بەهرەیەی پێبەخشیوە و شیعریەتێکی وای تێدا تەقیوەتەوە کە هەموو بلیمەتێکی زمانی فەڕەنسی تێدەپەڕێنێ.

رامبۆش دیسان لە کەناری شێتبوونەوە دەینووسی، بە مەبەستەوە بەرەو شێتی دەچوو، شەیدای ئەو خاڵە پەنهان و پڕ لە نهێنیە بوو کە ڕۆچوونە نێو قوڵاییە بێکۆتاییەکانەوە، ئەو خاڵەی هیچ شاعیرێك ناتوانێت پێی بگات تەنها ئەگەر سەرکێشی بکات و لە ناوچەی خەتەری گەورە نزیك بێتەوە، ئینجا لەوێوە قەسیدە بلیمەتەکانی لەدایك دەبوون.

کەسی (بلیمەت) هەروەکو(شێت) بەوە جیادەکرێتەوە ئارەزووی لە پەراوێزی و یاخیبوون و ملنەدان بۆ داب و نەریتە باوەکان و ملکەچ نەکردن هەیە، بەڵام تاکە فەرقێکی نێوان بلیمەت و شێت ئەوەیە بلیمەت هەر لە خۆڕا و بەناشیرینی داب و نەریتەکان پێشێل ناکات. ئەمە جگە لەوەی بلیمەت نەریتگەلی خۆی هەیە و ئیلتزاماتی پێوە دەکات و دەبێتە بەشێك لە ژیانی. لەلایەکیترەوە کانت و سپینۆزا و نیچە و دیکارت و سارتەر و میشێل فۆکۆ ژنیان نەهێناوە، ئەمەش بەپێی تەعبیری کۆمەڵگە دیسان شێتییە، هەروەها کیرکەگۆری فەیلەسوف، کە لە رووی دەروونیەوە زۆر ئاڵۆز بوو، دەڵێ: "نەخۆشی هۆکاری بنەڕەتی هەموو داهێنانێکە، هەر بە داهێنانیش ئازار و خەمەکانم دەڕەوێنمەوە و سەلامەتی تەندروستی خۆم بەدەست دەهێنمەوە"(٣٨).

ریلکەی شاعیر دانی بەوەدا دەنا کە تەنها لە میانی ئازاری دەروونی و دڵەڕاوکێوە قەسیدەی دەنووسی، یەك قەسیدەی بەبێ ئەو عەزابە دەروونیەوە نەنووسیوە. سارتەر دانی بەوەدا



ناوە کە تەنها لەڕێگەی نووسینەوە لە نیرۆسی رزگاری بووە، بۆیە دەکرێت بڵێین نووسین شێتبوونی ناوخۆیی دەمژێ و یارمەتی نووسەر دەدات بۆ دەرباز بوون لێی، یان لانیکەم کەمکردنەوەی، بەتایبەتی ئەگەر لە داهێنانێکی راستەقینەدا سەرکەوتوو بێت.

میشێل فۆکۆ دەڵێت: ئەو مەعریفە گەورەیەی کە گەیشتین پێی ئەستەمە شێت شکی دەبات. لێرەوە دەیان پرسیار سەر هەڵدەدات کە شێت کێیە؟ ئایا هەموو نووسەران بڕێك لە شێتی لە بوونیاندایە(٣٩)، من سەرەتاش گوتم هەموو مرۆڤێك بڕێك ناتەواوی عەقڵی هەیە، بەڵام پێموایە نووسەر کەسێکی تایبەتە و ئەو شێتیەشی لە پێکهاتەی عەقڵی ئەودایە پڕە لە جوانی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ چاخی کلاسیکی لەو کاتەدا شێت ئەو کەسە بوو کە حەقیقەتی دەدرکاند وەك لە شانۆیی (شالیر) ی شکسپیردا دەردەکەوێ، درکاندنی حەقیقەت لای شێت پەیوەندی بە بێئاوەزی شێتیەوە نییە، چونکە ئاوەز دەرئەنجامی هۆشە، هۆشیش وەك هیوم دەڵێ: "شتێك نییە بوونی هەبێت، لەبەرئەوەی زۆرجار تاکە سەرچاوەی ناسینمان شوێنەوارەکانی هەستە" کەواتە مرۆڤ دەتوانێت لە رێگای هەستەکانەوە بە هۆ بگات.

حەقیقەتبێژی دیارترین سیفەتی نووسەرە و نووسەر لە ئاگامەندییەوە هەست بە حەقیقەت دەکات و دەیدرکێنێ، بەڵام شێتی ئاسایی هەرگیز هەستێکی نییە بۆ گەڕان و درکاندنی

حەقیقەت و بێئاگاشە لەوەی حەقیقەت چییە؟ بۆیە هەنووکە پێناسەکانی سەردەمی کلاسیک کاڵبوونەتەوە. لەلایەکی ترەوە فۆکۆ دەڵێت: شێتی رەگی قوڵی لەناو خەیاڵدا داکوتیووە, بەڵام شێتی هونەرمەند و نووسەر لە پشت خەیاڵەوەیە.

لێرەدا فۆکۆ ئەو نهێنیە ئاشکرا دەکات جیاوازی شێتی ئاسایی و شێتی نووسەر دەخاتە روو, بەڵام ناتوانین خۆمان لەو حەقیقەتە بدزینەوە کە مەرج نییە هەموو نووسەران شێت بن, بەڵام مەرجە هەموو نووسەرێك هەڵگری بەهاگەلی تایبەت و سەرسوڕهێنەربن، یان خاوەن هەستیاریەکی زۆربن کە زۆرجار ئەم تایبەتمەندیانە دەبنە سەرچاوەی داهێنان.

## پرۆسەی خۆکوژی لە دەقدا

مرۆڤ لەرێگای خواست و ئارەزووی سروشتەوە لەدایك دەبێت, لە سروشتیشدا دەمێنێتەوە,سەرەڕای ئەمەش دەتوانێت بەسەر سروشتیشدا سەربکەوێت. مرۆڤ ناچارە بنەمای کار و بڕیار وەرگرتن بدۆزێتەوە و لەباتی بنەما غەریزەییەکانی دایانبنێت[٤٠], بەڵام کاتێك مرۆڤ بەشێکی زۆری، یان هەموو ئیرادە و ئومێدی لەدەست دەدات ئەوا توانای سەرکەوتنی بەسەر هیچ کام لە کۆسپەکانی ژیاندا نابێت, هەر لەکۆنیشەوە مرۆڤ هەوڵی داوە ئەو شتانەی کە لە ژیانی حەقیقیدا بۆی



نایەتە دی لەڕێی خەیاڵ و نووسینەوە بیان خوڵقێنێ, بۆیە کاتێك دەقێك باس لە فڕینی مرۆڤ دەکات, ئەمە گوزارشتە لەو خولیا دێرینەی مرۆڤ بۆ فڕین, یان کاتێك مرۆڤ باس لە ژیان دەکات لەسەر هەسارەیەکی تری بەدەر لە زەوی، ئەمەش ئاوات و هیوای دێرینی مرۆڤە بۆ گەیشتن بەو شتانە.

من پێموایە هەموو ئەو کەسانەی خۆیان کوشتووە, هەموویان کەسانی ئازا و چاونەترسن و لەمەرگ ناترسن زۆر کەسی تریش هەیە کە هەوڵی خۆکوژیان داوە, بەڵام ترس لە مەرگ نەیهێشتووە ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن,واتە بەمانای وشە ترسنۆکن و هێزی ژیاندۆستی لە ناخیاندا بەهێزترە لە غەریزەی مەرگدۆستی, بەڵام ئەو کەسانە ویستویانە لەڕێی ترەوە تەعبیر لەو پرۆسەیە بکەن, کەسانی نووسەر هەمیشە ئەو پرۆسەیان لەنێو دەقەکانیاندا تەوزیف کردووە و کەم نین ئەو نووسەرانەی کە لە کوردستان و جیهاندا خۆکوژی رەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە لە دەقەکانیاندا.

ئەلبێرت کامۆ یەکێکە لەو نووسەرانە و ئەو لە "ئەفسانەی سیزیف" دا بانگەشەی خۆکوژی دەکات ئەو دەڵێت: "خۆکوشتنی جەستەیی"یش بەهەمان شێوە رەتکردنەوەی لۆژیکی پوچییە، چونکە مرۆڤ کە خۆی دەکوژێت مانای وایە بە پوچی قایلە لەکاتێکدا مرۆڤ دەبێ هەمیشە بە پوچی ناقایل بێت و ژیان واتە دەبێ رێبدەین پوچی بژی و بمێنێ, مرۆڤ دەبێ لەنێو دیوارەکانی پوچیدا بمێنێتەوە, ئادەمیزاد وەختێك خۆی

دەكوژێت: نائومێدی بۆ ئەو كارە هانی دەدات, بەڵام مرۆڤی ئەبسێرد "پووچی" ئومێدی نییە, لەبەرئەوەی نازانێ ئومێدی چییە؟ هەربۆیە خۆی ناكوژێت[٤١].

كەواتە خۆكوشتن نەفیكردنی "پووچی"یە و هەڵاتنە لەم دنیایەی كە جگە لەو هیچی دی شك نابەین, مەزنی مرۆڤیش لەوەدایە لە بەرامبەر "پووچی"دا سەركەش و یاخیبێت و لەئاستیدا خودی خۆی بسەلمێنێت. جگە لەوەی خۆكوشتن پرسیار دەكوژێت, لەكاتێكدا رەتكردنەوەی خۆكوشتن پێداگرتنی مرۆڤە لەسەر پێداویستی پرسیاركردن و ژیان لەناو گرفتئامێزی بوون و پرسیاری بەردەوامدا و ئابڕوومەندیی ئادەمیزاد و گەورەیی ئیرادەشی بەمانەوە بەندە.

كەواتە ژیان لەناو" پووچی"دا واتە ژیان لەناو یاخیبوونێكی هەمیشەییدا, یاخیبوونی بەردەوامی مرۆڤ دژ بە تەواوی ئەو شتانەی دەیانەوێت لە ئینسانیەتی كەم بكەنەوە. ئەمانە بۆچوونی كامۆن لەسەر ژیان و هەڵبژاردنی مەرگ, بەڵام كافكاش هەمان پرۆسەی خۆكوژی لە نووسینەكانیدا تەوزیف كردووە "مەسخ"[٤٢]ی كافكا نمونەیەكە لە دەقی ناهۆشمەندی, دەقێكە كە ماناكانی لە پەیوەندییەكانی ئەو دووانەدا دەردەكەون, كافكا كە دەیەوێ باس لە ئازارەكانی مرۆڤی سەردەم بكات لەڕێی كەسایەتی و پاڵەوانی رۆمانەكەی, ئەویش بە خوێندنەوەی ناخی كەسایەتی و دەروونی كەسایەتییەكەی, بەجۆرێك كە رەنگدانەوەیەكە بۆ حاڵەتی نائومێدیكافكا لە



ژیانی ئەم سەردەمەدا كە مرۆڤ توشی نائومێدی دەكات... سەرەڕای ئەوەش كێشە دەروونیەكانی... شێوەیەكە لە داپڵۆسینی ژیان بۆ مرۆڤ.

دیارە پرۆسەی خۆكوژی لە دەقدا تەنها لای نووسەرانی جیهانی رەنگدانەوەی نییە, بەڵكو لای نووسەرانی كوردیش كەم تا زۆر رەنگدانەوەی هەبووە من هەوڵ دەدەم چەند نمونەیەك بهێنمەوە كە لەم ساڵانەی دواییدا بەرچاو كەوتوون. سیامەند هادی لەچیرۆكی (ئەو ژوورەی هاوڕێكەم خۆی تیا كوشت) [٤٣] تەوزیفی خۆكوژی یەكێك لە هاوڕێكانی دەكات كە پێكەوە مامۆستابوون و هەردووكیان لە ژوورێكدا ژیانیان گوزەراندووە, نووسەر هۆكاری خۆكوژی هاوڕێكەی بۆ بێئومێدی و رەشبینی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت: هاوڕێكەم لە پەیڤەكانیدا هیچ دەرفەتێكی بۆ باوەشكردن بەژیاندا نەدەبینی. هەموو تولەڕێیەكانی هیوا و ئومێدی دەبردەوە سەر خەرەندی رۆچوون. گەشبینی مرۆڤی بە خۆ هەڵخەڵەتاندن دەزانی و دەربارەی مردنیش دەیگوت" دەبوایە مرۆڤ نەیزانیبایە كە دەمرێت, چونكە تۆ كاتێك بزانیت هەر دەمریت ئیدی تاكو زووتر بمریت پەتی خەیاڵی ئەو ترس و نائومێدییە كورتتر دەبێت".

دواتر نووسەر ئەوە دەخاتەڕوو كە ئەو كەسەی ویستوویەتی خۆی بكوژێ زۆر مەیلی بە بیستنی هەواڵی خۆكوژی كەسانی تر هەبووە دەڵێت: زۆر بەپەلە بووم بگەمە لای هاوڕێكەم و,

خۆسووتاندنی ئەو ژنەی نزیك قوتابخانەكەمانی پێڕابگەیەنم, كە دوێنێ شەو لە دەمەقاڵێیەكەوە لەگەڵ مێردەكەیدا ئاگری لەخۆی بەردابوو، چونكە هاوڕێكەم زۆر حەزی بە بیستنی هەواڵی لەو جۆرە رووداوانە دەكرد! هەروەها خۆیشی چەند جارێ بەگوێی هاوڕێكانیدا داوە. تا نووسەر دەڵێت: لەو ساتەدا پاشگەز بوومەوە لە گاڵتەی هەموو ئەو جارانەی كە هاوڕێكەم باسی خۆكوشتنی دەكرد..!

هاوڕێكەم زۆر بە بێدەنگی مرد, جگە لەو دوو دێڕەی سەر ئەو پارچە كاغەزە هیچی بۆ بەجێ نەهێشتم. ئەو دوو دێڕەی لە هەرسێ شەوی مانەوەم لەماڵی مامۆستاكەمدا بەبەردەوامی دەمخوێندەوە, كە نووسیبووی:

"لە باسی مەینەت و دەردی دەروونی بۆیە دەم نادەم
لە خوێناوی دڵی پڕغەم كە سینەم مەوج ئەدا تا دەم.."

چیدی نەمتوانی دوای مردنی هاوڕێكەم لەو شارەدا بمێنمەوە و, لەو ژوورەدا بگوزەرێنم.. هەربۆیە كاتێك جانتاكەم بەشانمدا شۆڕكردبۆوە, بێ ئاوڕدانەوە لەو ژوورە, بڕیارمدا بەیەكجاری ئەو شارە بەجێ بهێڵم..!!

نووسەر كە گێڕەرەوەی چیرۆكەكەیە ئەوەشی دەستنیشانكردووە كە چۆن و بەچی هاوڕێكەی خۆی دەكوژێ و وەسفێكی ئەو ژوورەش دەكات پاش خۆكوژی هاوڕێكەی, كە شیكردنەوەی ئەم لایەنە كاری ئەم نووسینەی من نییە.



عەزیز مەحمود پور لە چیرۆكی (كەس نازانێ خاڵم چۆنا و چۆن خۆی دەكوژێ) [٤٤] ئەوە دەخاتە روو كە خاڵی بەڵێنی بە خزم و كەس و كار داوە كە خۆی بكوژێ و هەمووان چاوەڕوانی جێبەجێكردنەكەی دەكەن, بەر لە خۆكوژیەكە خزم و كەس و كار هەریەكە و رێگەیەك بۆ خۆكوژییەكەی دادەنێ, بەڵام كرۆكی بڕیاردان بۆ خۆكوژی بێئومێدی و رەشبینییە, چونكە نووسەر وای بۆ دەچێ و دەڵێت: ژیان بایەخی ئەو هەموو چەرمەسەریەی نییە و دەبێت خۆی لە چنگ رزگار بكات, یان پێیوایە خۆكوژی هەڵبژاردنێكی تاقانەیە. بەڵام كاتێ خاڵی گێڕەرەوە بڕیاری خۆكوژی دەدات لەو ساتەدا بەژنی شوشەیی كچێك لەناو حەمامێكدا پەشیمانی دەكاتەوە و دەڵێت: ئایا دروستە بەبێ ئەوەی ئەم دونیا نەناسراو و نامۆیە تەجرەبە بكات خۆی بكوژێ؟ ئەو پێیوابوو ئەم ئەزموونە بایەخی ئەوەی هەیە بۆ ماوەیەك گەلاڵەی خۆكوژی خۆی دوورخاتەوە. هەربۆیەش بۆ جارێكی دیكە پڕ بە چاو لە دەلاقەی حەمامەكەی روانیوە پڕا و پڕی پرسیارێكی سوتێنەر بووە. بەڵێ كەس تەنانەت خاڵیشم ناتوانێ حاشا لەوە بكات. (ژن) پرسیارێكی گەورەیە و دەڕوات هەتا وەڵامێكی بۆ وەبێنێ.دواتر ئەو كچە دەكاتە هاوسەری و چركەیەك پاش ئەوەی دەبێ بە زاوا لە باوەشی بووكدا خۆی دەكوژێ.

لەم دوو نمونەی سەرەوەدا هەردوو نووسەر ناڕاستەوخۆ باس لە خۆكوژی دەكەن و چیرۆكی خۆكوژی دووكەسی نزیكی

خۆیان دەگێڕنەوە، ئەمەش لێردا پرسیاری ئەوە دروست دەکات کە هەڵبژاردنی ئەم دوو کەسایەتییە نزیکە و باسکردنی چۆنێتی خۆکوژییەکە واتای چۆنێتی نزیکی بیر و ئەندێشەی خۆکوژی لە نووسەرەوە (ئەمە بۆچوونی تایبەتی خۆمە لەسەر ئەم دوو چیرۆکە) یان ئەم حاڵەتە کاریگەریەکی زۆری لەسەر بیری هەردوو نووسەر هەبووە.

دڵشاد عەبدوڵڵا لە شیعری (پرۆژەی کوشتنی خۆ) [٤٥]دا راستەوخۆ لە کۆتایی شیعرەکەدا هەڵبژاردنی مەرگ دەدرکێنێ، ئەم شیعرە یەکێکە لەو شیعرە فرە ڕەهەندانە و دەکرێ چەندین رای جیاواز هەڵبگرێ، بەڵام ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە کە بڵێم شاعیر لە سەرەتاوە هەوڵی کوشتنی دوژمنەکانی دەدات و دەیەوێ لەناوی بەرێ، بەڵام لە کۆتاییدات دەڵێت:

دوژمن کییە؟
دەستم لەسەر مشتووی خەنجەر سارد دەبێتەوە
زمانم تەتەڵە دەکا
رەنگم دەبزرکێ
کەسێك نییە بشێ ببێ بە دوژمنم
دەمی خەنجەر بەلای خۆمدا دەسوڕێنم
ئەوەی پێویستە بکوژرێ
تەنیا خۆمم.



ئەمە ئەوە روون دەکاتەوە کە شاعیر دەیەوێ دوژمنەکانی بکوژێ، بەڵام دواجار هەست بەوە دەکات کە تەنها خۆی دوژمنی خۆیەتی، بۆیە دواجار بڕیار دەدات ئەو دوژمنە کە خۆیەتی بیکوژێ.

بەرزان هەستیار لە دەقی (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن) [٤٦]دا باس لە خۆکوشتنی خۆی دەکات بۆ ئەو کەسەی کە ئەم چاوەڕێیە لە ئێوارەیەکدا پێی شاد بێ، بەڵام ئەو نایەت، شاعیر سەرەتا دەنووسێت:

هیچ ئەسەرێکت نییە
فریای ئەم خۆکوشتنە جوانەم ناکەویت.

لێرەدا بڕیاری خۆکوژی بڕیاری پێشوەختی خۆکوژە و دەشیەوێ بەجۆرێك ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدات کە تایبەتمەندی هەبێت، شاعیر دەنووسێت:

ئەمە ئەو خۆکوشتنەیە... .
وەکو قیامەت یەك جار روو ئەدات
ئەو خوێن بەربوونەیە
هیچ دەمارێك بەخۆیەوە نەبینیووە،
لەم خۆرنشینەدا
لەگەڵ هاتنی تۆدا
لێزمەی خۆکوشتن داوەت دەکەمە ماڵەکەم
لەگەڵ دیارنەبوونی تۆدا لەرزینی گوللەیەك گەرم ئەکەمەوە و

ئەویش داخبوونی من ئەکات بە سەهۆڵ

دواتر شاعیر تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بیرۆکەی خۆکوژییەکەی شتێکی تازە نییە, بەڵکو عەیامێکە بڕیاری داوە تا دەنووسێ:

دەمێکە شەونمی ئەم خۆکوشتنە..
تکاوەتە سەر گەڵاکانی هەناوم.

شاعیر لەزەت لەو خۆکوشتنە دەبینێ و چیتر ناتوانێ بەرەنگاری ئەو مەرگدۆستییە بێت, ئەم دەقە زۆر راشکاوانەتر لە دەقەکانی تر پێشوتر و جەریئانەتر و یان دەتوانین بڵێی (کامۆ)یانە بانگەشەی خۆکوژی دەکات.

ئەم چوار دەقەی قسەمان لەسەرکرد دوو وێنەی جیای پرۆسەی خۆکوژی دەخەنە روو لە دەقدا وێنەیەك نووسەر ناڕاستەوخۆ دەیخاتە روو و باسی خۆکوشتنی کەسانی تر دەکات, وێنەیەك نووسەر باس لە خۆکوژی خۆی دەکات. ئێمە لێرەدا تەنها مەبەستمان بوو بە کورتی لەسەر ئەم بابەتە بدوێین و دەنا هەر دەقێك لەو دەقانەی سەرەوە دەکرێت لێکۆڵینەوەی ورد و چڕوپڕی لەسەر بکرێت.

لەڕۆمانی (ئانا کارنینای) تۆلۆستۆیدا هەر لەهەمان سەرەتای ڕۆمانەکەدا رووداوێك لەوێستگەی شەمەندەفەردا روو دەدات کە لەدوایدا (ئانا) و (ڤیرۆنسکی) دەبنە عاشقی یەکدیکە، بەڵام لەو



رووداوەدا بۆ یەکەمجار یەکدیکە دەبینن، ئەو رووداوە خۆی بۆ خۆی تاڕادەیەك رووداوێکی بێبابەخە کە وەك نوکتەیە. لەئاکامدا و لەکۆتایی رۆمانەکەدا و لەکاتێکدا کە ئانا خۆی فڕێدەداتە بەردەم شەمەندەفەر و خۆی دەکوژێت، ئەو رووداوە تازە بەتازە وەك کورتە دیمەنێکی دراماتیك بەیاد دێتەوە کە دەرەنجامێکی چارەنووسازی هەیە. کەواتە تۆلۆستۆی لەو رۆمانە ئەستوورەدا کەنووسیویەتی لەسەرەتای دەستپێکردنەکەیدا کۆتاییەکەی نووسیوە و بەپێچەوانەی ئەوەی کە بانگەشە دەکرێت مۆدێلێکی تایبەتە لەداهێنانی ئەدەبی، بەڵام بەهیچ شێوەیەك نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری شاڵاوی رووداو وشەکان.

لە زۆرێك لەنووسەران بیستراوە کە هەر لەهەمان یەکەم رستەدا لەدواین رستەو کۆتایی رۆمانەکە تێگەیشتوون و ئەوی دیکە کارێك نییە جگە لەپڕکردنەوەی بۆشایەکان. دروستە کە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە لەڕوودا ئاسان نییە، بەڵام لەڕاستیدا زەحمەتی و گومان و خۆڕاگری لەتایبەتمەندی حاشا هەڵنەگری هەر هەوڵ و کردەیەکە کە بەزۆری چاوەڕوانە بۆ کۆتایی پێهێنان. وەك بەرهەمی هونەری کە لەخۆی بێئاگایە بەهەمان شێوەیە تێڕوانینی عاشقانەی هەیە "بۆ هەموون جیهان" کە زەمەن ناناسێت و کۆتایشی نییە. لەمرووە شادی و خۆشی راستەقینە تەنها لەڕۆژی حەوتەمدا دەردەکەوێت، ئەو رۆژەی کە خوڵقاندنی جیهان تەواو بووە و لەئەنجامدا دەردەکەوێت کە

"کردەیەکی باشی لێدەرچووە"، واتە هەر لەهەمان سەرەتاوە نیاز خوڵقاندنی بەرهەمێکی پڕاوپڕ و ڕێکوپێك بووە (کە هەموو وردە کاریەکی تێدا بێت) و لەهەمانکاتدا مەبەست بۆ کۆتایی پێهێنان بوونی هەبووە.

پاش ئەوەی داهێنانەکە کۆتایی پێدێت پێشکەشکردنی دیاری سەرسوڕهێنەری مانەوە بۆ داهێنەر، تەنها دەبێتە پشکی هونەرمەند جگە لەئەگەری هەمیشەیی و نەمربوونی هونەرمەند پاش مەرگ، دیاری خوڵقاندنی ئەو بوونەوەرە ڕێبوارەی کە مردن رووبەڕووی دەبێتەوە ئەو دەرفەتەی پێبەخشیووە کە تەنانەت لەژیاندا "گەرچی زۆر کورتیش بێت" هەمیشەی و نەمری بوون ئەزموون بکات. جۆرێك لەنەمری بوون کە لێکچووی "ئەلعازرە" شێوازێکی سەر لەنوێ زیندووبوونەوەی سەرسوڕهێنەری بێهاوتایە لەگەڵ جیهانە خۆشەکانی ژیاندا، بەڵام بڕواکردن و دڵنیابوون لەو بابەتەی کە نەك تەنها ژیان درێژە ناکێشێت، بەڵکو دەبێت جارێکی دیکە بمرێت، یان لەواتایەکی دیکەدا گەڕانەوەیەکە پاش ئەو خۆکوژییەی کە سەرکەتوو نەبوو بۆیە ئیدی ئەو شانازییە مەزنەی خۆکوژیەکی راستەقینەی نییە. لەشیعرەکەی خاتوو ئەلعازردا کە گێڕانەوەیەکە لەسەر خۆکوژیە سەرنەکەوتووەکەی خۆی دادوەری لەسەر دەکات و دەڵێت: "مردن هونەرێکە وەك شتەکانی دیکە، من ئەمەیان بەباشی جێبەجێ دەکەم".



عەتا محەمەد لە چیرۆکی (نەمری)[47]دا هەوڵی راکردن‌و ئەزموونکردنی مەرگ نادات لێی و ئەو جیاواز دەڕوانێتە ئەم مەسەلەیەو هەوڵی ئەوە دەدات کە هاوڕێیەتی بکات‌و دواتر هەوڵی خوڵقاندنی جیهانێك بدات بەبێ مەرگ‌و بێئاگاداری مەرگ، واتە عەتا جیهانێك دەخوڵقێنێت کە مەرگی تێدا نییە، بەڵام دواجار مەرگ لەو جیهانە ئاگادار دەکاتەوەو مەرگیش لەسەرخۆ دەڵێت: دەشێ تۆ وای بۆ بچیت، بەڵام من لە پشت ئەم گەردوونەوە ئامادەیم هەیەو تۆ نەتوانیوە زاڵبیت بەسەر وێنەو بیری مەرگدا. هاودەمیکردنی مەرگ کە لەم چیرۆکەدا دێتە قسەو دەڵێت: (منت گۆڕیوە بەنەمری، هەمیشە خالقەکان ئەو پرسیارە دەکەن). ئاماژەدان بەمە لای عەتان ئەو نهێنیە تەواو روون دەبێتەوە کە نووسینیش جۆرێکە لەنەمری‌و هاوکات بزێوی مرۆڤ وجوڵە بەردەوامەکانی لەژیاندا، هەمان هەوڵە بۆ نەمربوون، بەڵام دواجار کە مرۆڤ لە نەمری تێدەگات (وەك لە چیرۆکەکەدا ئاماژەی پێدراوە)، نەمری سزای مەرگە، یان دەتوانین بڵێین دیوێکی تری مەرگەو ژیان یارییەکە مرۆڤ دۆڕاوی یەکەم‌و کۆتا دۆڕاوە.

چەند لێکۆڵینەوەیەك ئەوەیان دەرخستووە کە ئەو نووسەرانەی لە نووسینەکانیاندا پرۆسەی خۆکوژی ئەنجامدەدەن, یان زۆر باسی دەکەن بەراستی خۆیان ناکوژن کەچی ئەوانەی بەتەواوی بێدەنگەی لێدەکەن بەراستی خۆیان دەکوژن. گۆتە ئەگەرچی جارجار بە قورسی شێتی دەیگرت, بەڵام هەوڵی خۆکوشتنی

نەداوە تەنها قارەمانی ڕۆمانی (ئازارەکانی ڤارتەر) کە یەکەمین ڕۆمانی گۆتەیە خۆیکوشت و بەمجۆرە گۆتە ئەو ئەرکەی لەخۆی دوورخستەوە.

## ئەو نووسەرانەی هەوڵی خۆکوژیان داوە

جیهانی ئینسان جیهانێکە بەڕادە و فۆڕم و بڕی جیاواز توندوتیژی تێدابووە و تێدایە. سۆسیۆلۆژی بەناوبانگ ئیملی دورکهایم باوەڕی وایە کە توندوتیژی بەشێکی دانەبڕاوە لە دنیای تاکەکەس و گروپەکانی ناو کۆمەڵگا و بەشێکی دانەبڕاوە لە جیهانی کۆمەڵایەتی. ئەم ئامادەگییە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانە وای کردووە هەموو کۆمەڵگایەك تێڕوانین و نرخاندنی تایبەتی بۆ توندوتیژی هەبێت و ئەم تێڕوانینەشی لە سیستمی بەها و نۆرم و نرخە کۆمەڵایەتیەکانیدا بەرجەستە کردبێت[٤٨].

هەروەها دۆرکهایم لە بەشی یەکەمی پەرتوکەکەی بەناوی (خۆکوشتن- لێکۆڵینەوەیەکی سیۆسیۆلۆژی)دا کە لە ساڵی (١٨٩٧ز) لە چاپدراوە و تەرخانکردووە بۆ ڕەتکردنەوەی پەیوەندییەك لە نێوان کوشتن و فاکتەرە تاکەکەسیەکان (پێکهاتەی دەروونی, ڕەچەڵەك, بۆماوە) و فاکتەرە سروشتییەکان (ئاووهەوا, بەرزی و نزمی, پێگەی جوگرافی)ـەوە. هەردوو بەشی دووەم و سێیەمی تەخانکردووە



بۆ بەڵگە هێنانەوە بۆ فاکتەرەکانی خۆکوشتن کە ئەوانیش کۆمەڵێك فاکتەری کۆمەڵایەتین[٤٩] لەو کۆمەڵگایانەدا کە پەیوەندی تاك بە کۆمەڵگەیەوە بەهێزە, هەژموونی عەقڵی جەمعی لەسەر تاکەکان هەژموونێکی کامڵە و خۆکوشتنیش کەم دەبێتەوە, بەڵکو بەرەو لەناوچوونیش دەچێت, بەڵام لەو کۆمەڵگایانەدا کە دامەزراوە تایبەتیەکان, سیاسیەکان و ئابووریەکان و خێزانیەکان هێز و هەژموونی خۆیان لەدەست دەدەن, بەمەش ڕێژەی خۆکوشتن بەرز دەبێتەوە, بەشێوەیەك دەبێتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەرکەوتوو. لێرەوە دەمەوێ تیشکێك بخەمەسەر ئەو نووسەرانەی هەوڵی خۆکوژیانداوە و خۆیان نەکوشتووە .

لەساڵی (١٨٨٠)دا نیچە تەمەنی (٣٦) ساڵ بوو, وازی لە زانکۆ هێنا و دەست لەکارکێشانەوەی خستە بەردەم لێپرسراوانی زانکۆ و ئیتر دەستی کرد بە ژیانێکی پڕ لە ئاوارەیی و ونبوون لە ڕێگە و بانەکاندا, بەمجۆرە دەهات ببێ بە فەیلەسەفێکی ڕاستەقینە, بەڵام میزاجێکی حولحولی هەبوو و هەر جارەی بە شتێکەوە دەیگرت و بیری خۆکوشتنیش هەمیشە بەدوایەوە بوو. لەدوای شکستی ئەوینێکی گەورە لەگەڵ لواندریا سالومی_ی ئەویندارى, قەیرانەکەی توندتر و سەختتر بووەوە و سێ جار هەوڵی خۆکوشتنیدا و لە هیچیاندا سەرنەکەوت, بڕێکی زۆر لە شلەی کلۆراڵ خوارد کەچی نەمرد[٥٠]. سەیر ئەوەیە لەو دەمانەدا دەستی بە نووسینی شاکارە ناودارەکەی

(زەردەشت وەهای وت) کرد و ئەگەر بۆماوەیەکی کەمیش بووبێت لە شێتبوون دوورکەوتەوە.لەو قۆناغەدا نیچە دەڵێت: ژیان بریتیە لە ئازارێکی بەردەوام مرۆڤی وشیار و حەکیم ئەو کەسە بووە عەودالّی دۆزینەوەی زۆرترین خۆشی بێت و لە دووی سەماکردن بێت لەگەڵ مەترسیەکاندا. هەروەها نیچە کە سەرقاڵی ئەوەیە کەمترین ئازار بچێژێت لەو قۆناغە شۆپنهاوەریەدا. نیچە باوەڕی وابووە تێرکردنی ئارەزووەکان جگە لە وەهم شتێکیتر نییە و مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت هەموویان بەدی بهێنێت.

نووسەری ناوداری فەڕەنسی "گی دی مۆپاسان" لە ساڵی (١٨٩٢)دا دوای ئەوەی گەیشتە حاڵەتی قەیرانێکی کوشندە و ڕەشبینیەکی توند, هەوڵی خۆکوشتنیدا, بەڵام سەرنەکەوت, دواتر خرایە نەخۆشخانەیەکی عەقڵیەوە و پاش ساڵێك مرد, بەمجۆرە نرخێکی گرانی نێوبانگ و داهێنانەکانی بەخشی, ناوبانگ باجی خۆی هەیە و دەبێت بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەو باجە بدرێ. کێ باوەڕ دەکات فەیلەسەڤی گەورەی فەڕەنسی ئۆگست کۆنت, دامەزرێنەری فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم, زیاد لە جارێك گەیشتۆتە کەناری شێتبوون و چەند جارێك خۆی هاویشتۆتە رووباری "سین" و هەوڵی خۆکوشتنی داوە[٥١].

وەکو پێشتریش وتم گۆتە چەندین جار هەوڵی خۆکوژی داوە و تا دواجار لە دەقێکدا ئەو پەنگخواردنەوەیەی دەربڕیووە. هەروەها لەلای ئەلبێرت کامۆشدا بە روونی دەردەکەوێ زیاد لە



جارێك بە یەکێك لە برادەرە نزیکەکانی خۆی گوتووە کە بەردەوام هەست بە نیگەرانیەکی کوشندە دەکات و دووریش نییە پەنا بباتە بەر خۆکوشتن بۆ رزگار بوون لەدەستگیر و گرفتەکانی, لەراستیدا کامۆ لە پێکدادانی ئوتومبێلدا لە نێوان لیۆن_ پاریس گیانی لەدەستدا، بەڵام مردنەکەی زیاتر لە خۆکوشتن دەچێت تامردنێکی ئاسایی.

"عەفییف ئەخزەر"ی نووسەر و رەخنەگری گەورەی تونسی کە رەخنەگرێکی جیدی بواری فیکری ئیسلامییە، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئەوەی خستەڕوو کە ئەگەر هەروا بمێنمەوە(عەفیف ماوەیەکی زۆر بوو توشی نەخۆی شێرپەنجە ببوو) و نەتوانم بنووسم و ببم بە بار بەسەر خزم و کەس و هاوڕێکانمەوە ئەوا خۆم دەکوژم... خۆم دەکوژم. ئەگەر تا ئەوکاتە ئیسلامییە توندڕەوەکان نەمکوژن[٥٢]. بێگومان بڕیارەکەی عەفییف ئەخزەری بڕیارێکی هێمنانە و لەسەر خۆیە و پێیوایە چیتر ئەگەر نەتوانێ بنووسێ ئیتر بوونی ئەو دەسڕێتەوە، بۆیە ئەو بڕیارەش دەدات تا بوونێکی زیادەی لەم کەونەدا نەبێت، یان نەبێتە مشەخۆر.

بۆدلێر چەند جارێك بیری لە خۆکوشتن کردبۆوە, جارێکیان شمشێرێکی بە سینەی خۆیدا هێنا, بەڵام لەم هەوڵی خۆکوشتنەدا سەرنەکەوت. لای یەکێك لە برادەرەکانی باسی نائومێدی و بێزارییەکانی و قێزلێبوونەوەی لە ژیان کردووە و وتوویەتی: " من خۆم دەکوژم و باکم بە ژیانیش نییە, خۆم

دەکوژم، چونکە توانای ژیانم نەماوە. بێزار بووم لەوەی هەموو شەوێك بنووم و سبەینێ لە خەو هەستم و بەڕاستی لەم عادەتە بێزار بووم. من دەمەوێ یەکجار و بۆ هەتا هەتایە بنووم. خۆم دەکوژم، چونکە بوومەتە بارگرانی بەسەر خەڵکانی ترەوە. خۆم دەکوژم، چونکە بڕوام وایە من نەمرم و تەژیم لە هیوا و ئومێد"[٥٣].

بێگومان ئەو نووسەرانەی هەوڵی خۆکوژیان داوە زۆرن، بەڵام ئەم نمونانەی سەرەوە نمونەی بەرچاون لە نێو نووسەرانی دنیادا .هەروەها لە نێو نووسەرانی کوردیشدا ئەوەی من ئاگادار بم چەند نووسەرێك هەوڵی خۆکوشتنتیان داوە، بەڵام وردەکاریەکانی ئەو بڕیارە لای نووسەران تا هەنووکە نەدرکێنراوە.

## ئەو نووسەرانەی خۆیان کوشتووە

خۆکوژی یەکێکە لەو رێگایانەی مرۆڤ توانیویەتی لەڕێگایەوە خۆی لە ژیان بدزێتەوە و بەویستی خۆی چارەنووس بۆخۆی دیاری بکات. ئەم دیاردەیە هێندەی مێژووی بەشەریەت کۆنە و تا هەنوکەش بوونی لەنێو زۆربەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا هەیە. رەنگە ئێمەش زۆرجار بڵێین ئەو کەسانەی خۆیانکوشتووە خاوەنی عەقڵیەتێکی شێتانە و لاواز بوون و کەم و کوڕی لە



کامڵبوونی کەسایەتیاندا هەبووە، بەڵام کاتێك نووسەرانێکی وەکو (ڤێرجینا وۆلف، هەمەنگوای، سادق هیدایەت، مایکۆفسکی،...هتد) کەسەرجەمیان خاوەنی بەرهەمگەلێکی پڕ ژیاندۆستیەوە لە رێی نووسینەکانیانەوە خزمەتێکی زۆری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیان کردووە خۆیان دەکوژن، لێرەدا خۆکوژی پرسیاری تر و مانای تر هەڵدەگرێت. لەبەشەکانی رابردوودا تایبەتمەندییەکانی هزری نووسەر و چۆنێتی مامەڵەکردنی رۆژانەمان روونکردەوە، لێرەدا مەبەستمە تیشك بخەمە سەر هۆکار و پاڵنەرەکانی خۆکوژی چەند نووسەرێك کە خۆیان کوشتووە، رەنگە هەندێك لەم نووسەرانە بە خوێنەری کورد ئاشنابن، بەڵام ناوهێنانیانم بە پێویستزانی.

ئەگەر سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ خۆکوژی نووسەران لە سەردەمی یۆنانی دێریندا دەبینین لەو سەردەمەشدا خۆکوژی هەبوو، گروپی کەلبیەکان لە یۆنانی دێریندا یەکێك بووە لەو گروپانەی لە تێڕوانینی ئەواندا " ژیان بێهودەییە و هەر بەم جۆرەش هەموو هەوڵ و تەقەلایەکمان بێهودەیە. تەنیا رێگایەکیش بۆ لەناوبردنی بێهودەیی ژیان وەك هێجسیاس یەکێك لە شاگردەکانی ئەم فێرگەیە دەڵێت: "خۆکوشتن"ە[٥٤].

هەروەها لێکدانەوەیەکی دیش بۆ مەسەلەی خۆکوشتن لەلای ئەبیگۆریەکان پەیوەستە بە بێهیوابوونی مرۆڤ و رووخاندنی دەروونیەوە. ئەم لێکدانەوەیە وەك ئەوەیە بڵێین، لەبەرئەوەی

ژیان پڕە لە ئازار و ناخۆشی و منیش ناتوانم بگەم بە ئامانجەکانم, کەوابوو ژیان بێهودەییە پێویست ناکات بژیم.
مردنی سوقراتیش هەڵبژاردنی مەرگە, چونکە خۆی بەدەستی خۆی پەرداخە ژەهرەکە دەخواتەوە راستە لەلایەن کەسانی ترەوە سزای مەرگ بەسەریدا سەپێنراوە, بەڵام ئەم رێگەیە بەڕای من جۆرێکە لە خۆکوژی , هەروەها سوقرات لەکاتی "ژەهرنۆشی"یەکەیدا سوپاسی پاسەوان و دەسەڵاتدارانی "ئەتین"ی کرد بۆ رەخساندنی ئەم هەلە بۆئەوەی لەم جیهانەوە بچێت بۆ جیهانێکی دیکە.
جیراڵد دونزوال–ی نووسەر و رۆماننووس لە ساڵی ١٨٠٨ لەپاریس لەدایك بووە و لە بیست ساڵییەوە دەستی داوەتە نووسین و بەوەرگێڕانی کتێبی(دکتۆر فاوست)ی گۆتە دەستی پێکردووە,پاشان کتێبی ((گەشت بۆ رۆژهەڵاتی زەوی, کیژانی شەڕ)) و رۆمانی (ئورلیا)ی نووسی, ئەم نووسەرە لە چواردە ساڵی کۆتایی تەمەنیدا دووچاری بارێکی دەروونی خراپ بوو ماوەیەکی زۆر لە نەخۆشخانە خرایە ژێر چاودێریەوە, بەڵام لەساڵی ١٨٥٥ ئیزن درا و پاش چەند رۆژێك لە شەقامێکی پاریسدا دۆزرایەوە کە بە پەت خۆی هەڵواسیبوو بەدارێکەوە مردبوو[٥٥].
ژنە نووسەری ئەرجەنتینی((مارتالینش)) کە لە وڵاتەکەیدا ناسرابوو زۆر لە پیربوون دەترسا و وایدەزانی زەمەن دوژمنی مرۆڤە و بەرەو شتە چاوەڕواننەکراوە ناخۆشەکانی دەبات,



لەگەڵ هەر چرکەیەکیشدا زەنگی مەترسیان لای مرۆڤ لێدەدات, تەنها چارەسەریش بۆ ئەو گرفتە مردنە کە بەهۆیەوە لەو ترس و دڵەڕاوکێیە رزگاری دەبێت. ئەم نووسەرە لە تەمەنی ٦٠ساڵاندا روومەتی چرچ و لۆچ بو بەتەواویش رەشبین و غەمگین بوو تا گەیشتە ئەوەی دەمانچەیەکی کڕی و لەبەردەم ئاوێنەیەکدا لە روومەتی خۆی ورد دەبووەوە کە نیشانەی پیری پێوە دیار بوو, هەر لەوێدا بە دەمانچەکە خۆی کوشت و دوای سەعات و نیوێك شۆفێرەکەی پێی زانی, دەربارەی ئەو کارەساتە مێردەکەی وتی: هاوسەرەکەم توانی بە مردن بڵێت: لە کێبەرکێدا بەرامبەر بووین لەپێشدا تۆ بردتەوە, بەڵام من کاتم هەڵبژارد و بردیشمەوە[٥٦].
ئێرنست هەمینگوای یەکێکە لەو نووسەر و رۆماننووسانەی خاوەنی چەندین رۆمانی جیهانییە و هەرکەسێك رۆمانێکی ئەم نووسەرەی خوێندبێتەوە دەزانێت چەند گەشبین و ئارام بووە و کەسانی ناو رۆمانەکانی بەگشتی ئومێدیان بەرز و ئایندەیان گەشە, بەڵام ئەوانە بەس نین بۆ ناسینی ئەم نووسەرە, چونکە لە میانەی کاری رۆژنامەنووسیشدا زیاتر ناسراوە بە وتارە کورت و پڕواتاکانی کە لە گەرمەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا دەینووسی, بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی لەبەرەی ئیتاڵیادا بریندار کرا, پاشتریش کرایە پەیامنێری رۆژنامەی (تۆرنتۆستار)ی کەنەدی لە پاریسدا و لە هەزاران تابلۆی خەمئامێز و کۆمیدیاشی لە کارەساتی شەڕەوە وەرگرتووە,

لەلایەکیتروە خوێنەر لە ڕۆمانەکانیدا ئەو کارەساتانە دەدۆزێتەوە بەتایبەتی ڕۆمانی ( هەمیشە خۆر هەڵدێ, ماڵئاوا لە چەك) سەرباری ئەوە هەمەنگوای ڕاوچی بوو زستانان لە کەنار ئاوەکانی کوبا ڕاوەماسی دەکرد و هاوینانیش لەدەشت و بنارەکانی وڵاتی خۆی ئەمریکادا بە تفەنگ ڕاوی دەکرد ئەم نووسەرە ساڵی١٨٩٨ لە ویلایەتی(ئەلینۆ) لەدایك بووە و ساڵی ١٩٥٤ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە, بەڵام ڕۆژی(١٩٦١/٧/٢ ) لەشاری کیتشوم هەر بەو تفەنگەی ڕاوی پێدەکرد جەستەی خۆیشی کردە نێچیر و ماڵئاوایی لە ژیانکرد[٥٧].

یەکێکی تر لەو خۆکوژیانەی بووە جێی سەرسوڕمانی خەڵکی خۆکوژی نووسەری زانا (ئیسماعیل ئەدهەم) [٥٨] بوو لە هاوینی ساڵی ١٩٤٠ خەڵکی پیاوێکی هەست ناسك و لەش و لار نەرمیان بینی, بە قەراغی ئەسکەندەریەدا دەڕۆیشت, هەندێك چوکلێتی بەدەستەوە بوو دەیخوارد, هەر کە منداڵێکی بەدی بکردبا چوکلێتێکی پێدەدا, بزەیەك سەر لێوەکانی گرتبوو, هەر یەکێك لە ڕەفتاری ورد ببوایەتەوە وا هەستی دەکرد شێتە, بەڵام ئەگەر مرۆڤ تێڕامانی خەندەکەی بکردایە کە ڕوخسارە ناسکە زەرد هەڵگەڕاوەکەی پڕکردبوو, هەستی دەکرد لەپشت ئەو پێکەنینەوە ئەشکەنجە و ئازار و ونبوون دیارە.

چوکلێتەکەی دەستی تەواو بوو.. لەناکاو خەڵکەکە هەمووی حەپەسان, لەو پیاوەی پێش تۆزێك شیرینی و زەردەخەنەی دابەش دەکرد. خۆی فڕێدایە ناو دەریاکە و شەپۆلەکان



قوتیاندا, خەڵکەکە هەوڵیاندا ڕزگاری بکەن, نەیانتوانی تەنها لاشەکەیان بە مردوویی لە ئاوەکە دەرهێنا. ئەم نووسەرە بەشێوەیەکی زۆر سەیر خۆی کوشت, بەر لە مردنی ژیانێکی زۆر شاز و سەیر دەژیا.. تەمەنێکی کەمی بەسەربرد کە سی و پێنج ساڵ تێنەپەڕی[٥٩].

چەند سەرچاوەیەکیتریش ئەوە دووپاتی ئەوە دەکەنەوە کە خەڵکی ئەسکەندەریەیە, ئەشێ بە بنەچە تورك بێ, نووسینی سەرگوزشتەی ژیانی لەلایەن هەندێ کەسەوە لە خەیاڵ و ساختەوە نزیکن تا ڕاستی. و هەموویان گومان لێکراون, هیچ بەڵگەیەك نییە ئەوە بسەلمێنێت تەنها چیرۆکەکانی نەبێت[٦٠].

تۆفیق حەکیم یەکێکە لەو نووسەرە عەرەبانەی کە لەبەر کلۆڵی و بێدەرامەتی و قەرزاری هیچ چارەی تری نەما ناچار خۆی کوشت. ئەوانەی لە نزیکەوە دەیناسن, ئەم ڕاستییە دووپات دەکەنەوە کە ئەم پیاوە خەڵکی ئەسکەندەریەیە و. بۆ زیاتر دڵنیابوونیش لەبارەیەوە زانیاری تەواوی نەبوو[٦١].

(ئەحمەد عاسی) شاعیر لەگەڵ باوکە بازرگانەکەیدا نێوانیان تێکچوو بەیەکەوە نەدەگونجان, ئەو بازرگانە بەناوبانگەی لە یەکێك لە هەرێمەکاندا دەژیا, باوکی دەیویست ئەویش وەك خۆی بازرگان بێت و ڕێگای هونەر بەجێبهێڵێت, ئەو ڕێگا خەیاڵیەی لەچاوی بازرگاندا هیچ نرخێکی نییە, چونکە ئەو لە واتای دەستکەوت و قازانج و پاشەکەوت زیاتر هیچ واتایەکی تر نازانێت, هەوڵیدا زۆری لێبکات و ئەرکێکی وا بختاتە

سەرشانی کە لە توانای ئەو دەروونە هەستیارەدا نییە هەڵی بگرێ, بێگومان کوڕە وەڵامی ئەو زۆرە ملێیەی باوکی نەدایەوە و پەیوەندی لەگەڵ باوکی تێکچوو, لەیەکتر دابڕان و باوکی بە کوڕێکی لاساری بێگوێی لە قەڵەمدا, ئەم ئەزموونە شوێنەوارێکی رەشی خەفەتاوی لە دەروونی ئەم لاوە شاعیرەدا دروست کرد, تا گەیشتە ئەوەی لە ژوورەکەی خۆییدا ئاگری لە خۆی و ژوورەکە بەردا خۆیکوشت[٦٢].

یاسوناری کاوەباتا ١٩٠٠-١٩٧٢ لەشاری ((دزوسی)) ژاپۆندا لەتەمەنی ٧٢ ساڵیدا شمشێرێکی لە سکی خۆی رادا و خۆی کوشت بێ ئەوەی نامەیەك، یان وەسێتێك جێبێڵێ کە ئەمەش زیاترمایەی سەرسوڕمان بوولای هەموان, چونکە بۆچوونی جیاواز لەوبارەیەوە لەنێو خەڵکدا بڵاوبوەوە, نووسەرەکانی هاوڕێی هەستیان بەوە نەکردبووکە ئەوکارە بکات, چونکە نیشانەی گرفت و بێزاری پێوەدیار نەبوو, ناوبراو لە ساڵی ١٩١٥ ژیانی ئەدەبی دەستپێکردو ڕۆمانی ((سەماچییەك لە ئیدزۆ)) ناوبانگی لای خوێنەران پەیداکرد, لەوتەمەنەدا دەستەی هەستیارە نوێخوازەکانیان پێکهێناو توانی وێنەیەکی تەواوی داهێنانەکانی لەگەڵ فەرهەنگ و هونەری نەتەوەیی و بۆ چوونی کلاسیکی ژاپۆندا بکێشێ.

ساڵی ١٩٣٧ ڕۆمانی ((وڵاتی بەفرین)) ی بۆ چەندزمانێکی ئەورووپی وەرگێڕدرا, دواتریش ئەم کتێبانەی چاپ و بڵاوکرایەوە: (دەنگی چیاکان, پایتەختی کۆن, باڵندەی



هەزاریاڵ) ناوبراو ساڵی ١٩٦٨ خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە. هەروەها ئەم نووسەرە ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ هاوڕێکانیدا ویستیان هانی بەشێك لە هێزی سوپایی پاراستنی شاری تۆکیۆ بدەن بۆ یاخیبوون دژی حکومەت بەنیازی کودەتا لە پێناوی پیاچوونەوە و گۆڕینی دەستوردا، بەڵام هەوڵەکەیان سەری نەگرت و تێکڕا بە شێوەی خۆکوشتنی نووسەرانی پێشووتر خۆیانیان کوشت[٦٣].

هنری دی مۆنترلان لە١٨٩٦/٤/٢١لەپاریس لە خێزانێکی ئەرستوکرات لەدایك بووە لەبەرئەوەی تاقانەبووە بەبایەخەوە پەروەردە کراوە, تەنانەت لە تەمەنی (٨) ساڵیدا یەکەم چیرۆکی نووسیوە, بەڵام پاشتر وەك هەموو گەنجێکی دەستڕۆیشتوو چەند ئارەزوویەکی لاگەلاڵە بووە وەك شەڕەگا و یاری دووگۆڵی و وێنەکێشان و گەشتی وڵاتان کە لەمیاندا سەرکەوتوو بوو, چونکە نزیکەی ١٠ساڵی لەوڵاتاندا بردە سەرو ڕۆمانە ناسراوەکانی وەکو: (بۆنی کانیاوی چێژ-کیژەکان-مۆریس و ڤیتا) وچەندان شانۆنامەو ڕۆمانی جیا جیای لەو گەشتەیدا نووسی کە زۆربەی کاتی لە جەزائیرو چەند وڵاتێکی دیکەی ئەفریقیدا بەسەربرد, دوای گەڕانەوەی بۆ پاریس بێ پاڵتۆو شەبقە پیاسەی دەکرد پێی وابوو کەمرۆڤ لەوجلانەی کە بەهۆیەوە خەڵك ڕێزی لێدەگرن ڕزگاری بێت سەرلەنوێ دەژێتەوە.

هەرچەندە مۆنترلان لەوپەڕی خۆشیدا دەژیا، بەڵام هەستی دەكرد لە ناوەوە هێزێكی كوشندە دەیگوشیٚ كە بۆشاییەكی گەورەی لە ناخیدا دروستكرد بوو بەردەوام هەستی بەبێزاری و تەنیایی دەكرد وەك دەڵیٚ: هەمووژیانم جەنگ بوو دژی ئەو جەللادانەی كە بوونیان نەبوو)، هەرئەوەش پاڵی پێوەنا لە شەڕی یەكەمی جیهاندا چووە سوپای فەرەنسا بۆ ڕزگاربوون لەوبێزاریە، بەشداری شەڕی كردو بەسەختیش بریندار بوو، دواتر بەپلەی ئەفسەر وەرگیرا لە سوپای ئەمریكادا لە فەڕەنسا كاری دەكردو زۆركەم پابەندی نهێنی سوپاكەی دەبوو، ڕاستگۆیانە هەمووشتێكی دەوت، جارێكیان سەربازەكەی بەردەستی پێی وت: ئەو ڕاستگۆییەت بە كەڵكت نایەو دەتكوژن. ئەویش وتی :مردن كارەساتێك نییە پیاوبترسێنیٚ كارەسات بیٚ ئومێدیە لەژیاندا، من دەمزانی ژیانم لەمەترسیدایەو ترسام ئەندامێكی لەشم تیابچێت یان شێت بم، بەڵام بەو ژیانەم دڵخۆشم، چونكە مردن نیگەرانی نەكردم دەباپیاوانی ئاینی بەس باسی مردنمان بۆ بكەن بابیبڕنەوە. هەرچەندە مردن تازە بونەوەی ژیان دەگەیەنیٚ دەبا ئاوابوونی ژیانی من شەفەقێكی نوێی بەدواوە بێت. ئەم نووسەرە ڕۆژی ١٩٧٢/٩/٢٢ بەدەمانچەكەی خۆی كوشت و سیٚ نامەی لیٚ جێما بۆ سكرتێرەكەی و هاوڕێیەكی و لێپرسراوێكی دادگا(٦٤).

سادقی هیدایەت یەكێكە لەو نووسەرە فارسانەی خاوەنی تایبەتمەندیەتێكی زۆرە لە چیرۆك و ڕۆمانەكانیدا ویەكێكە لە



ڕێبەرانی چیرۆكی نوێی ئێرانی. هیدایەت لە ١٩٠٣/٢/١٧ لە تاران و لە خێزانێكی ئۆرستۆكراتی لەدایكبووە.

هیدایەت ئەوەی ڕەزاقولی هیدایەتییە كە دانەرێكی نێوداری ئێرانە ئەوەی دەربارەی ژیانی هیدایەت دەگێڕدرێتەوە ئەوەیە كە هەر لە منداڵیەوە لە ژیانی ئۆرستۆكراسی بێزار بووە و خواخوای بووە لەو خێزانە دوور بكەوێتەوە و هەرگیز نەیویستووە لەڕێگای ئەو خێزانەوە ببێت بە خاوەن پلە و پایە و سەروەت و سامان، ئەگەر بیویستایە دەبوو(٦٥).

كیمسرۆف-ی ڕۆژهەڵاتناسی شورەوی ئەو ((١٠٠)) بەرهەمە ئەدەبیەی هیدایەت كە لەماوەی ٢٢ساڵدا نووسیویەتی دابەش دەكات بەسەر دوو قۆناغدا، قۆناغی یەكەم: ١٩٢٥-١٩٤١، قۆناغی دووەم: ١٩٤٢-١٩٥٠.

(زەندە بگور) یەكەم چیرۆكی هیدایەتە كە لە ساڵی ١٩٢٩دا لە پاریس بڵاوكرایەوە و پاشان لەهەمان ساڵدا لەگەڵ كۆمەڵە چیرۆكێكی دیدا كە لە پاریس نووسیبوونی بەهەمان ناونیشان (زەندە بگور) بڵاوی كردەوە، لە ساڵی ١٩٣١دا كۆمەڵە چیرۆكی (انیران)ی بڵاوكردەوە، لە ساڵی ١٩٣٢دا كۆمەڵە چیرۆكی (سیٚ دڵۆپ خوێن)ی كە بریتیە لە یازدە چیرۆك بڵاوكردەوە. لە ساڵی ١٩٣٣دا چیرۆكی (علویە خانم)ی بڵاوكردەوە كە پڕە لە وەسفی عامیانە و گفتوگۆی میللی. یەكێكە لە چیرۆكەكانی سەرەتای هیدایەت. لە ٢٦ ساڵیدا لە پاریس نووسیویەتی. ئەمە سەرگوزەشتە و حیكایەتی خوێنكارێكی ئێرانییە كە لەبەر هەندیٚ هۆی نادیار لە ژیان تێر بووەو چەند جارێك هەوڵی

خۆکوژی دەدات تا لە کۆتاییدا خۆی دەکوژێت.. ئەگەر تەماشای هەندێ نامەی هیدایەت بۆ مەحمودی برای و بۆ دکتۆر تەقی رەزەوی بکەین هیچ گومانێك لەوەدا نامێنێ کە هەوڵە خۆکوژییەکانی هیدایەت لە ئەوروپادا، هەوێن و بنەمای چیرۆکی (زندە بەگوڕ) ـە، هەرچەند چیرۆکەکە ئەدەبییەتی خۆی هەیەو بریتی نییە لە شەرح و شرۆڤەیەکی سادەی حاڵەت و تەجرەبەکانی شەخسی هیدایەت.

لە هەمان ساڵدا کۆمەڵە چیرۆکی (سایە روشن)ی کە بریتیە لە حەوت چیرۆك بڵاوکردەوە. دیارە نرخ و بایەخی هونەری ئەو سێ چیرۆکە لە یەك ئاستدا نین, لەساڵی ١٩٣٤دا لە تاران نامیلکەی (وغ وغ ساهاب)ی بڵاوکردەوە ناوی خۆی لەسەر دانەنا, کەچی هەر زوو زانرا کە ئەم نامیلکە پڕ لە داشۆرین و پلار و توانجە دژ بە لێکۆڵەرەوە زانا و وەرگێڕ و نووسەر و بڵاوکەرەوە و کتێب فرۆشانی ئەو سەردەمە تەنها لە نووسینی نووسەرانی وەك سادق هیدایەت و مسعود فەرزاد دەچێت و هەر لە قەڵەمی ئەوان شتی ئەوندە بە بڕشتی لێدەوەشێتەوە. لەساڵی ١٩٣٦ کورتە رۆمانی (کوونەپەپووی کوێر) [٦٦] ی بۆ یەکەم جار لە شاری بومبی بڵاوبووەوە و سەرکەوتنێکی چاکی وەدەست هێنا.

دەبینین هیدایەت یەکێکە لە پڕبەرهەمترین نووسەرانی ئێران و لەژێر کاریگەریەکی زۆری کافکادا بووە و چەندین بەرهەمی کافکای وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی, هیدایەت لە کۆتای ساڵی ١٩٥٠دا چووە بۆ پاریس, سەفەرەکەی پتر لە نەفی کردنی



خودی خۆی دەچوو, بەهیوا بوو لەوێدا ئەگەر بە کاتیش بێت دەرفەتی کارکردنی بۆ بڕەخسێ, بەڵام پێدەچێ لەوێش توشی گیر و گرفت بووبێ, چونکە لە (١٩٥١/٣/١٠)دا نامەیەکی بۆ براکەی نووسیوە و دەڵێ: (پاش چەرمەسەرییەکی زۆر توانیم بۆ ماوەی دوو مانگ پەساپۆرتەکەم تازە بکەمەوە و مۆڵەتی مانەوەم لە پاریس دەستەبەر بکەم, بەڵام رەنگە بچم بۆ سویسرا، یان هەر شوێنێکی دی بێت... ئێرانیان گیروگرفتی زۆریان لەبەردەمە). لە ١٩٥١/٤/٩دا دەرگای ڤیلاکەی هیدایەت کە لەسەر شەقامی سلن میشێل بوو, دەکەنەوە سەیر دەکەن بە غاز خۆی کوشتووە. لە گۆڕستانی (الاب لاشین)دا بەخاك سپێردرا.

هیدایەت بەدرێژایی تەمەنی هەستی خۆکوژی لەلا هەبووە لەساڵی ١٩٢٨دا کاغەزێکی بۆ براکەی نووسیوە و دەڵێ: ((کارێکی شێتانەم کرد, بەڵام باش بوو بە سەلامەتی تێپەڕی)). لە ١٩٢٨/١٠/١٥دا نامەیەکی بۆ نووسەری گەورە محەمەد عەلی جەمالزادەی هاوڕێی دەنووسێت: (بەکورتی هیلاکم, مێشکم تێکچووە, شەو و رۆژ بەڕێ دەکەم, دەڵێی حوکمی سێدارەم بەسەردا دراوە, دەستم لە ئاکامی هەمووشتێك شتووە, ناتوانم جارێکی دی بە تاسەوە ڕوو لە هیچ شتێك بکەم. ناتوانم خۆم هەڵخەڵەتێنم, زاتی ئەوەشم نییە خۆم بکوژم).

زۆر کەس لە هۆی خۆکوشتنەکەی هیدایەت کۆڵیونەتەوە, هەندێ دەیگەڕێننەوە بۆ هۆی شەخسی, هەندێك دەڵێن پاش

مردنی یەکێك لە دۆستەکانی لە ژیان بێزار بوو, هەندێکی دیکە دەڵێن هۆی خۆکوشتنەکەی دەگەڕێننەوە بۆ کوژرانی مێردی خوشکەکەی لەلایەن (فیدایانی ئیسلام)ەوە. هەندێکی دی دەڵێن خۆکوشتنەکەی ناڕەزایی دەربڕینێکی عەمەلی بوو بەرامبەر رژێمی رامیاری و کۆمەڵایەتی ئێران، چونکە بەر لە خۆکوشتنەکەی لە زۆربەی بەرهەمەکانیدا گەڕابۆوە سەر نائومێدییە کۆنەکەی. لە چیرۆکی (بن بەست)دا بەخەستی وێنەی زاڵبوونی قەدەر و لەدەستچوونی هیوای گرتووە. ئەو جەوە گشتییەی هیدایەت تیایدا دەژیا ماندووی دەکرد, بیرکردنەوە لە پیر بوون بێزاری دەکرد. هەمیشە وای دەبینی کە: (( مرۆڤ نابێ لە ٥٠ساڵ پتر بژی. چونکە ژیان لە سەرووی ئەم تەمەنەوە دەبێ بە شتێکی قۆڕ).

هەمیشە دوو هێز لە بوونی هیدایەتدا بوونیان هەبووە, ئەو دوو هێزەی بناغەی ئایینی کۆنی ئێرانی پێکهێناوە و دەوریان لە ژیانی هەموو ئێرانیەکدا هەبووە, هێزی چاکە و ژیان (ئاهورا مەزدا) و هێزی خراپە و نەمان و تاریکی (ئەهریمەن) وەختێ یەکێکی وەکو هیدایەت سەیر دەکات ژیان بێهودەییە و (شایانی ئەوە نییە بژیت) دیارە بەرە بەرە لایەنی روناکی و بوون روو لە کزی دەکات و زۆر نابات خوای شەڕ دەستی خۆی دەوەشێنێ و لەگەڵ خۆیدا رای دەماڵێ و بەرەو نەمانی دەبا, کێ دەزانێ؟ لەوەیە هیدایەت خۆی یارمەتی گەشەکردنی ئەو هێزەی دابێ تا زووتر بگاتە کاروانی نەمران. بۆ نا, ئەوە نییە فەیلەسوفانی



ڕێبازی سۆفیزمی فارس دەڵێن: (( ئەوی عەشقی لە دڵدا بێ هەرگیز نامرێ)) بێگومان ژیانێکی جوان لەودیو ئەو ژیانەوە هەیە هیدایەت رەفزی کرد, ئەگەر سرووتە ئایینیەکان نەبان ئەوا هیدایەت باوەڕی قوڵی بەخوا هەبوو, ئەوەتا یەکێك لە قارەمانەکانی چیرۆکی ((شبهای ورامین)) دەڵێ: ((خێر و شەڕ لە مرۆڤدا چ کاریگەرییەکیان بەسەر باوەڕ یا ئایینەوە نییە, هەموو نەهامەتیەکان لەژێر سەری ئاخونداندایە, گشت شەڕە ئایینیەکان شەڕی خاچ پەرستەکان لەژێر سەری کەشیشەکاندا بووە)). توانەوە لە خوادا و جێهێشتنی ئەم دنیایی لەپێناوی ئەودا یەکێکە لە لوتکەکانی فەیلەسوفانی ڕێبازی سۆفیزمی فارسی.

هەرچۆنێك بێت خۆکوشتنەکەی هیدایەت بەوەوە گرێدەدرێ کە چەشنە ناڕەزاییەك هەبووە لە بارودۆخی نیشتمان. دۆخی ئێران لە ساڵی خۆکوشتنەکەی هیدایەتدا لە گێژاوی نائومێدییەکی تاڵدا دەژیا. رۆشنبیران خرانە کونی گۆشەگیریەوە پاژنە ئاسنینەکان شەوانە بەردەرگایان لێدەگرتن, هیدایەت هەستی کرد لەم بابەتە وڵاتەدا هەرچییەك بنووسێت بێسودە. ئەوە بوو چیرۆکی: ((توپ مروارید))ی نووسی و هێرشێکی توندی تێدا کردە سەر سەرمایەداران و داگیرکەران, بەڵام کە سەیری کرد بێسوودە, کاغەزەکانی سوتاند و رۆیی.

پاشان لەرۆژی (٩/ ٤ / ١٩٥١ )لەپاریس لەژوورەکەی خۆیدا لەگەڵ خەوتنیدا بەلوعەی غازی ژوورەکەی کردەوەو بووە هۆی

مردنی و پاش سێ رۆژ پۆلیس چونە ژوورەوەو تەرمەکەیان هێنایە دەرەوە[٦٧].

بزرگ علوی لە وتارێکیا دەربارەی هیدایەت دەڵێ: "هیدایەت پیاوی بەرگری‌و خەبات بوو، دۆستەکان چاك دەزانن هیدایەت لە رۆژگاری تەنگانەداو لەو سەروبەندەدا کە هێزی شەڕو تاریکی زاڵ بوو، چۆن بە دڵ و گیان ژانی ئازادیخوازانی دەلاواندو خۆی خستبووە تالوکەوە"[٦٨].

(باستور فالیری رادو)ی رەخنەگری فەرەنساوی پێی وایە وەختێ بەرهەمی هیدایەت دەخوێندرێتەوە سێ ناو دێنە بیر: دوستوفسکی، ئەدگار ئالن پو، کافکا، ئەمەی دواییان پێویستی بە هەڵوەستەیەکی تایبەتی هەیە. بێگومان باستور مەبەستی لەوەیە کە ئەو سێ نووسەرە کاریگەرییان لەسەر هیدایەت هەبووە[٦٩].

مایکۆفسکی-یش یەکێکیترە لەو نووسەرانەی کەخۆیکوشتووە. ئەم نووسەرە کەشۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لەڕۆسیا بەرپاکرا بنیاتنانەوەی سیستمی کۆمەڵایەتی بەو جۆرەی کە ئەو شۆڕشە بانگەشەی بۆ دەکرد یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانی ئەو قۆناغەی بوو, چونکە گۆڕین و سڕینەوەی ئاسەواری ڕژێمی پێشوتر ئاسان نەبوو لەوسەروبەندەدا کە ئەدەب رۆڵی چەکی دەبینی بۆ بەپیرەوە چوونی ئامانجەکانی شۆڕشی نوێ, ئالەوکاتەدا شاعیرێکی گەنجی تەمەن بیست ساڵان لەنێو خەڵکدا ئەستێرەی هونەرەکەی دەرکەوت و دەنگی دایەوە بە شیعرە حەماسیەکانی تەنانەت لینینیش چەپڵەی بۆلێدا[٧٠].



بەڵام نووسەرو ڕۆشنبیرانی بلۆکی ڕۆژاوا دوای ئەوەی مایکۆفسکی خۆی کوشت جۆرەها پڕوپاگەندەیان بۆ ئەو نهێنیە هەڵبەست گوایە لەدژی ڕژێمی نوێ خۆی کوشتووە, لەبەرئەوەی ڕێگەی لە ئازادی ئەدیب و نووسەران گرتووە, هەندێکیش دەیانوت ڕژێم خۆی کوشتویەتی, بەڵام نووسەر لە نامەیەکیدا پێش مردنی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە لەبەر هۆیەکی تایبەتی خۆی دەکوژێ وەك دەڵێ: بۆ هەموان من ئەمرم، بەڵام کەس تاوانبار نەکەن پێویست بەلێکۆڵینەوە ناکات, چونکە مردوو بێزی لێدەکرێتەوە,دایك و خوشك و هاوڕێیانم ئەم جۆرە مردنە جوان نیەو هانی کەسیش نادەم وابکات، بەڵام من لەوە زیاترم لەبەردەمدا نەبوو.پێویستە بوترێ کاتێ مایکۆفسکی خۆی کوشت٣٠سی ساڵی تەواو نەکردبوو[٧١].

خۆکوشتنی مایکۆفسکی لەئەنجامی بارێکی تایبەتی خۆیەوە بوو لەدوا رۆژەکانی ژیانیدا تائێستا هۆکارە سەرەکیەکەی نەزانراوە خۆکوشتنی هیچ پەیوەندیەکی بەهەڵوێستیەوە لەمەڕ بنیادنانی سۆشیالیزم نەبووە, چونکە تادواچرکەی ژیانی شاعیرێکی شۆڕشگێڕی سەر بەفیکرو ئامانجی شۆڕش بووە. هەروەها خۆکوشتنی یەسەنین-یش هەرسەرئەنجامی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت لەقەڵەمدرا, ئەگەرچی "یەسەنین" شاعیرێك بوو رۆمانتیك, نەك وەك مایکۆفسکی کە شاعیری شۆڕشی کرێکاران بووە, لەکاتێکدا مایکۆفسکی لە کوڕ و

کارگەکانـدا شـیعری بـۆ کرێکـاران دەخوێنـدەوە (یەسـەنین) لـە بارەکانادا هاومێزی سێکسفرۆش و گیرفانبڕەکان بوو.

یەسەنین کە تەنیا (٣٠) ساڵ ژیاوە بەرەسمی سێ ژنی هێناوە و لە ساڵەکانی دوای ژیانیشدا لەگەڵ ژنێکدا رۆژی کردۆتەوە و بە شاعیری بار ناسراوە, هەروەها هەر شاعیرێك لە بارێکدا بینرابێت بە دەروێشی ئەو لەقەڵەم دراوە ئەو لە شیعرێکدا دەڵێت:

دەخۆمەوە بۆ ئەوەی شتەکان فەرامۆش بکەم
دەخۆمەوە بۆ ئەوەی رشانەوەی کەسانی تر نەبینم[٧٢]

مایکۆفسکی شاعیر پاش خۆکوشتنەکەی یەسەنین شیعرێکی بەناوی (بۆ سێرگی یەسەنین) نوسی کە تێیدا ئاماژەی بەوە داوە کە توانیویەتی بە جۆرێك بمرێت کە ئەوانی دی لە جیهاندا نەیانتوانی بەو جۆرە بمرن. لەو شیعرەدا مایکۆفسکی سەرکۆنەی خۆکوشتنەکەی یەسەنینی کرد، بەڵام وەك دەزانین، پاش تەنها پێنج ساڵ لە ئەویش مەرگی هەڵبژارد لەو شیعرەیدا کە بەرلەخۆکوشتنەکەی نوسیویەتی ئاماژە بەوە دەدات کە "شتێکی تازە نییە کە بمریت، بێگومان لەوەش تازەتر نییە کە بژین". بەپێی لێکۆڵینەوەی چەند لێکۆڵەرەوەیەك یەکێك لە شیعرەکانی یەسەنین کاریگەرییەکی زۆر لەسەر مایکۆفسکی دادەنێت کە دەڵێت:

لەم جیهانەدا
هێندە قورس نییە بمریت



بەڵام بیناکردنی ژیان، قورسترە[٧٣].

پێدەچێت ئەم بۆچوونەکانی نێو ئەو شیعرە بووبێتە هۆ و هاندانی خۆکوشتنی مایکۆفیسکی کە ئەمە رایەکە تا ئێستا بەردەوام گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.

ڤاڵتەر بنیامین-ی نووسەر و بیریار لە مارسی (١٩٣٣)دا بەرەو پاریس هەڵهات و تا ٢٧ی سێپتەمبەری (١٩٤٠) واتە کاتی خۆکوشتنەکەی سێجاریش بۆ بینینی برێشت چوو بۆ دانیمارك لە ساڵانی (١٩٣٤-١٩٣٦-١٩٣٨) دووجاریش بەمەبەستی بینینی ئەدۆرنۆ بەرەو سان ریمۆ لە ئیتالیا سەفەری کرد, بنیامین لەو قۆناغەدا لە نێوان رۆیشتن بۆ فەلەستین بۆ لای شۆلم و سەفەر بۆ ئەمریکا و بۆ لای بیرمەندەکانی تری قوتابخانەی فرانکفۆرت دوو دڵ بوو ئەم دوو دڵیە بەڕادەیەك لای بنیامین قوڵبویەوە کە لە ساڵی (١٩٤٠)دا واتە تا ئەو ساڵەی کە فەرەنسا لەلایەن نازیستەکانەوە داگیرکرا بەردەوام بوو تا سەرەنجام بە یاریدەی هۆرکهایمەر توانی فیزەیەکی ئەمریکا وەربگرێت و پاریسی بەجێهێشت و ویستی بە زنجیرە شاخی پیرنەوە بۆ ئیسپانیا و پاشان بەرەو لەشبۆنە بچێت, بەڵام پاش پەڕینەوەی لە شاخەکان گەیشتنی بە شاری سەرسنووری (پۆرت بۆ) بنیامین و هاوڕێکانی سەیریانکرد ئیسپانیا دەرگاکانی ئازادی بەڕوویاندا داخستووە گەڕانەوەی بنیامین بۆ پاریس ئەستەم بوو بە تایبەتی پاش رۆیشتنی لەلایەن گۆشتاپۆوە دەست بەسەر کتێبخانەو خانووەکەیدا گیرابوو,

بنیامین کە تەماشای کرد وەکو دیلێکی دەست بەربەرێتی نازیستەکانی لێهاتووە شەوێکیان بڕیاری دەرکرد کۆتای بە ژیانی خۆی بهێنێت. بە خۆکوشتنەکەی بنیامین دلێری خۆڕاگری چاخی تاکێتی (فەردیەت) بەرامبەر بە جەهل و توندوتیژی چاخی عەوامەکان بەزی. بەمجۆرە خۆکوشتنەکەی بنیامین لەسەر سنووری فەرەنسا ئیسپانیادا وەکو هاواری یاخیبوونی کەسێکی تەنیا بوو لە جیهانی پڕ زەبروزەنگی کۆیلەکانی ئایدیۆلۆژیا مرۆڤخۆرەکان(٧٤).

ژنە ڕۆمانووسی ئینگلیزی(فرجیناۆلف) ساڵی ١٩٤١ بڕیاری خۆکوشتنی دا, پێشەکی هەموو باخەڵەکانی پڕ کرد لە بەردئینجا خۆی فڕێدایە ڕوبارێکەوە و گیانی لە دەستدا.

فرۆید دەڵێ: مردن یان خۆکوشتن ئارەزوویەکە لە هەمانکاتدا شان بەشانی ئارەزووی ژیان لەناخی مرۆڤدا هەیە. واتە چۆن مرۆڤ ئارەزووی ژیان دەکات و خاوەنی غەریزەی ژیاندۆستیە لەهەمانکاتدا خاوەنی غەریزەی مەرگدۆستیشە(٧٥).

پسپۆڕانی دیکەی دەروونناسی دەربارەی خۆکوشتن دەڵێن: هێمایەکە غەریزەی دەستدرێژی بۆ سەرگیانی مرۆڤ دەردەبڕێت(هەر کەسێك بێت)، بەڵام جاری واهەیە ئەو غەریزەیە لە بارودۆخێکی تایبەتدا دەگۆڕێت بۆ دەستدرێژی کردنە سەرگیانی خودی مرۆڤەکە لە جیاتی خەڵکی دی و بە خۆکوژی کۆتایی دێت.



بەڵام ئەو رایەی من زۆر لەگەڵیدام تێکچوونی دەروونی کەسی خۆکوژە کە ئەمەش زیاتر لە ئەنجامی بێئومێدی و رەشبینی و داخرانی سەرجەم دەروازەکانی ژیانەوە دێتە بوون,وەکو خۆکوژی هەریەك لە (ڤالتەر بنیامین, هنری دومۆنتریال, مارتالینش, کاوەباتا) کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان, هەروەها لەگەڵ ئەمەشدا حاڵەتی شاز هەیە وەکو خۆکوشتنی (هەمەنگوای) کە بە وردبوونەوە لەسەرجەم وردەکاریەکانی ژیانی ئەم پیاوە دەگەینە ئەو رایەی هەمەنگوای لەتێر بوونەوە لە هەموو لایەنەکانی ژیان خۆیکوشتووە ئەو کە هەموو هیوای راو بووە چەندین ساڵی ژیانی لەم پێناوەدا بەسەر بردووە و گەشتی بۆ دەیان وڵاتی دنیا کردووە و چوار ژنی هێناوە, بۆیە دەتوانین بڵێین ئەمە تێربوونە لە ژیان.

هەروەها چەندین نووسەر و هونەرمەندی تر خۆیان کوشتووە کە من وەستان لەسەر ژیانیان بە پێویست نازانم وەکو: ئالان دیلۆن, ڤانکوخ-ی نیگارکێشی هۆڵەندی و (هیتلەر) سەرکردەی نازیەکان و بکوژی نزیکەی "٦٠" ملیۆن کەس هەستا بە کوشتنی خۆی و هاوسەرەکەی.

(مارلین مۆنرۆ) بە حەبی ڤالیۆم خۆی کوشت, لەپاش خۆشی لەناو کەل و پەل و پارەو زێڕەکانیدا نووسراوێکی لە بانکی "مانهاتن" لە نیویۆرك جێهێشت و لە نووسرەوەدا بە ژنان دەڵێت: خۆتان بپارێزن لە ناوبانگ دەرکردن و لەوانەی بە گلۆپی رەنگاورەنگ هێرش دەکەنە سەرت و دەترازێننەوە, من

چارە رەشترین ئافرەت بووم لەم سەر زەمینە، چونکە نەمتوانی ببمە دایك!" کە هۆکاری خۆکوشتنەکەیەتی[٧٥].

چیزاری باڤێزی نووسەرێك بوو لە لوتکەی شانازی و ناوبانگدا بوو و هێشتا تازە بوو کە خەڵاتی بەناوبانگی سترگا (Strega)ی پێشکەش کرابوو، لەبەر هۆکارە تەواو نادیارەکان بڕیاری خۆکوژیدا، هەروەها هەمەنگوای لەم بوارەدا درێغی لەخۆی نەکرد، پاش تەمەنێك ژیانی پاك و بەشکۆی ئەدەبی و یۆتۆپیا و پاش وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ و لەتەمەنی شەست و یەك ساڵیدا گولەیەکی بەخۆیەوە نا. سەبارەت بەوەی کە تەنها مرۆڤە هەژار و نەخۆشەکان و ئەو نەخۆشانەی کە دەرمان ناکرێن هەڵدەستن بەخۆکوژی، مرۆڤ تاڕادەیەك لەو جۆرە خۆکوژییە تێدەگات.

بەڵام کاتێك کەسایەتیە بەناوبانگەکان، خۆشەویست و بەتوانا و دەوڵەمەند و لەئاسودەیدان بڕیار لەسەر خۆکوژی دەدەن، لەڕوودا کردەکەیان زۆرتر بەهۆی نازیربوون، توندڕەوی، زێدەڕۆیی و ناشکوریەوە سەرچاوە دەگرێت و تەنها دەتوانێت بەهۆی تێکەڵبوونی کتوپڕی هەستەکان و مێشك و دەماریان و لەبێئاگابوونەوە سەرچاوە بگرێت، لەوانەیە ئەم بابەتە دروست بێت، بەڵام دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین کە کۆڵنەدان و هەوڵی دژوار، رێکوپێکی هونەری داهێنانێکی سەرسوڕهێنەر و بێکۆتای بەرهەمە دیارەکانی ئەو کەسانەیە و جگە لەوەش ناتوانرێت چاوگەیەکی دیکە بۆ ئەو تێکەڵبوون و تێکچوونانە



لەئارادابن. "باکۆنین" دەڵێت“ "حەز بۆ تێکدانیش حەزێکی داهێنەرانەیە".هەروەها (شارل پوایە) خۆی و هاوسەرەکەی و منداڵەکەی پێکەوە خۆیان کوشت. ئەمانە و چەندین نووسەر و ناوداری تری دونیا خۆیان کوشتووە، کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا لە شێوەی ئەنتۆلۆژیایەکدا ئاماژە بە نزیکەی (٢٠٠) نوسەر و شاعیر دەکەین.

## ئەنتۆلۆژیای شاعیرە خۆکوژەکان

لەم چەند ساڵەی دواییدا لە چەند وڵاتێکی جیهان ئەنتۆلۆژیا بۆ نووسەر و شاعیرە خۆکوژەکانی جیهان کراوە و ئەوانەی تا ئێستا بڵاوبوونەتەوە ئاماژە بە چەند شاعیر و نووسەرێك دەدەن کە من پێشتریش لەم نووسینەدا ناوی هەندێکیان هێناوە، بەڵام دەمەوێ لێرەدا دووبارە ئاماژەیەکیان پێبکەمەوە. لە دوو ساڵی رابردوودا لە ئیسپانیا چاپێکی نویێ کتێبی (ئەنتۆلۆژیای شاعیرە خۆکوژ و نەهامەتبارەکان) بڵاوبوویەوە و ئەو کتێبە تەنها ئامارەی بە ژیان و هۆکاری خۆکوشتنی (٥٣) شاعیری دابوو و نووسەری کتێبەکە "خۆسیە لویس جایرۆ" کە دەتوانین بڵێین تا رادەیەك سەرپێییانە ئەم ئەنتۆلۆژیایە ئامادەکرابوو.رەخنەگری ئیسپانی (کارلوس ئەسانجو) لەم

بارەیەوە دەڵێ : لە توانامانـدا نییە لێکدانەوەیەکی چڕوپڕ بۆ ئـەم جۆرەبیرکردنەوانـە بکـەین کـە هەنـدێك لـەم شـاعیرە نەهامەتبارانە بەرەو خۆکوشتن دەبات و مەرگ هەڵدەبژێرن. ئەم کتێبە تارادەیەکی زۆر ترسناکە و بەکورتی لە ژیانی هەریەك لەو (٥٣) شاعیرە دواوە و هەندێ لە شیعرەکانیانی وەرگێڕاوە بەتایبەتی شاعیرە ڕۆژئاواییەکان.

لەلایەکی ترەوە جومانە حەدادی شاعیری لوبنانی بەهەمان شێوەی ئەنتۆلۆژیاکەی "خۆسیە لویس جایرۆ" ئەنتۆلۆژیایەکی ئامادەکردووە و لە ژێر ناونیشانی (مەرگ دێت چاوەکانتی پێدەبەخشی) کە لە هەردوو خانەی بڵاوکردنەوەی (دار النهار) و (دار العربیە للعلوم) چاپ و بڵاوکرایەوە.

ناونیشانی کتێبەکە لە رستەیەکی نێو قەسیدەیەکی شاعیری خۆکوشتووی ئیتالی (چیزاری باڤێزی)ەوە وەرگیراوە و ئەو شاعیرانەی کەلەم کتێبەدا بەسەرکراونەتەوە (١٥٠)شاعیری سەدەی رابردوون تا کۆتایی ساڵی (٢٠٠٦) ئەو شاعیرە خۆکوژانەش (١٢٢) شاعیری پیاو و (٢٨) شاعیری ژنن، ئەگەر بە وردی سەیری ناوی شاعیر و وڵاتەکانیان بکەیت، دەبینیت زۆرترین رێژەی خۆکوشتنی شاعیرەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و فەڕەنسا بووە و لەنێو شاعیرە عەرەبەکانیشدا (١١) شاعیر هەن، کە (٣) لەو شاعیرانە سەر بە وڵاتی میسرن و (٢) لەعیراق و (٢) لە سوریا و (٢) لە جەزائیر و (١) لە ئوردون و یەکێکی تریش لە مەغریب. لێرەدا دەمەوێت



ئاماژە بە جۆری خۆکوشتنی چەند شاعیرێك بکەم لەگەڵ ناوی ئەو شاعیرانە هەم لای "خۆسیە لویس جایرۆ" و هەم "جومانە حەداد" ئاماژەی پێدراوە و نەمویستووە زۆر درێژدادڕی لە نووسینەکەدا بکەم و ئەمەی خوارەوە پوختەیەکەیەتی[٧٦]:

جیرارد دی نیرفال (١٨٠٨-١٨٥٥) : جیرارد بەهۆی تواناییەوە دەستی کرد بە وەرگێڕانی کتێبەکەی گۆتە کەدەستنووسە ئەڵمانیەکەی بووە (فاوست) , کە تەمەنی گەیشتە ٢٦ساڵ نزیکەی ٣٠ هەزار فرەنکی ئاڵتونی فەرەنسی بەمیرات بۆ مایەوە. لە ژێرناوێکی خوازراوەوە (نیرفال) دەینووسی . بەلزاك هانیدا بۆ دانانی گۆڤارێك، بەڵام دوای ساڵێك گیرفانی بەتاڵ بوو و لە دەرکردنی ئەو گۆڤارەدا سەرکەوتوو نەبوو و تەمەنی گەیشتە ٣١ساڵ بوو کەچی هەر لانەوازبوو, لەساڵی ١٨٥٥دا سەرخۆشێك تەرمەکەی لە ناوبەفردا دۆزییەوە و زۆر بێدەنگانە و دوور لە گشت کەس مەرگی هەڵبژارد.

ئەلفونسینا ستۆرنی (١٨٩٢-١٩٣٨) ئەم ژنە شاعیرە دوای ئەوەی بەخێزانەوە کۆچیان کرد بۆ سویسرا, گەڕایەوە ئەرجەنتین, پاش مردنی باوکی لە کارگەی چنین کاری دەکرد , لە ساڵی ١٩١٦دا یەکەم دیوانی شیعری بڵاوکردەوە, ژیانی لەگەڕەکە هەژارەکاندا بەسەر دەبرد و بوو بە مامۆستا لەخوێندنگەی زمانە زیندووەکان لەساڵی ١٩٣٥لە "بۆینس ئایرس". پاش گەڕانەوەی لە ئەوروپا پزیشکەکان بۆیان دەرکەوت کە تووشی شێرپەنچە بووە, لە ئێوارەیەکی

ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٣٨ لەماڵەکەی دەرچوو و لەقوڵاییەکانی دەریادا ونبوو دوای ئەوەی چامەیەکی نووسراوی بەڕەنگی سوور لەسەر کاغەزی شین بەناونیشانی (بەرەو خەوی هەتاهەتایی بەجێهێشتبوو).

مارینا خورخی تسفیتسفا (١٨٩٢-١٩٤١): رەخنەگران پێیان وایە ئەم ژنە شاعیرە روسییە قوربانی سەردەمەکەی بووە ، ژیانی پڕلە نەهامەتی و ئازاری بەردەوامی هانیان داوە هەوڵی خۆکوشتن لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا بدات. ئەم شاعیرە لە خێزانێکی بۆرجوای بالآبوو، شۆڕشی رووسی زیانی گەورەی بەخۆی و خێزانەکەی گەیاند و دوای ئەوەی دەسەڵاتدارە رووسیەکان سەروەتی هاوسەرەکەیان دەست بەسەردا گرت، چونکە سەر بە سوپای رووسی بوو، پاشان لە پڕ ونبوو ، ئەمیش بە تەنها مایەوە لەگەڵ کچەکەیدا کەدواتر کچەکەی بەهۆی نەبوونی خۆراکی پێویستەوە لەناوچوو، لەساڵی ١٩٢٢سەر لەنوێ چاوی بەهاوسەرەکەی کەوتەوە، دواتر لەوێ بەرەو پراگ و پاریس کەوتەڕێ بۆ ماوەی (١٤) ساڵ مایەوە . دوای خوێندنەوەی دەقێکی مایکۆفسکی هەست دەکات، کە جێگەی ئەم روسیایە، بۆیە هەوڵی گەڕانەوە دەدات، پاش گەڕانەوەی بۆی دەرئەکەوێ کە هاوسەرەکەی لەسێدارەدراوە و ئەمیش پاش بیستنی ئەو هەواڵە لەوێ لەگوندێ ئەتبورجا بە خنکاوی دەدۆزرێتەوە.



خلیل حاوی کە شاعیرێکی لوبنانییە و لە ساڵی (١٩٨٢) خۆیکوشت لەبەر ئەوەی هێزەکانی ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر بەیرووت و ئەو نەیدەویست وڵاتەکەی لەژێر دەستی داگیرکەردا ببینێت. هەروەها "تەیسیر سەبولی" شاعیری ئەردەنی کە لەساڵی(١٩٧٣) خۆیکوشتووە بەهەمان هۆکار بووە.

گابریل فیراتیر (١٩٢٢-١٩٧٢): ئەم شاعیرە لەنەوەی (٥٠)کانەو گەورەترین شاعیرە لە شاعیرە هاوچەرخەکانی ئیسپانیا و ڕەخنەگران بە زەیرك و وریا ناویان بردوە ، بەڵام بەدبەخت و نەداربووە، و رەخنەگرێکی گەورە و وەرگێڕێکی بەتوانای (هەمەنگوای و چیزاری باڤێزی)بوو، کۆتایی بەژیانی (٥٠)ساڵی هێنا ، کاتێ کە کیسێکی پلاستیکی لەسەری خۆی بەست بۆ ئەوەی هەناسە نەدات.

(چیزاری باڤێزی) ١٩٠٨-١٩٥٠: ئەم شاعیرە لە شیعرێکدا نووسیبووی : (مەرگ دێت چاوەکانتی پێدەبەخشی)، مردن بۆ ئەم نەهات، بەڵکو ئەم بەرەو مردن هەنگاوی نا لەڕۆژی ٨/٢٦/ ١٩٥٠ نزیکەی (١٦) شازدە پاکەت حەبی خەوی خوارد . بافیزی لە ٦ساڵیدا هەتیوو دەکەوێ ، لە تەمەنی ١٩ ساڵیدا بێزاری لە ژین دەرئەبڕێ و خۆی بە مامۆستای هونەری دوورکەوتنەوە لە خۆشیەکانی ژیان ناودەبات ، دوای ئەوەی کە دکتۆرای لە "تۆرین " بەدەست هێنا ، لە دەزگای چاپی "ئیناو دی" کاری دەکرد . لە ساڵی ١٩٣٥دا سزای سێ ساڵ زیندانی

بەسەردا درا بەهۆی دەستێوەردانی لە کاروباری کچە خۆشەویستەکەی و ئەو کوڕەی دەیویست بیهێنێت " کەیەکێك بوو لەسەرکردەکانی حیزبی شیوعی ئیتالیا", دوای دەرچوونی لەزیندان بۆی دەرکەوت کە خۆشەویستەکەی شووی کردووە . لەساڵی ١٩٤١ەوە دەستی کرد بەبڵاوکردنەوەی زنجیرە ڕۆمانەکانی, هەموو ئەمانە هاوسەنگی دەروونی بۆ دروست نەکرد, بۆیە دواجار پاش چەند ساڵێك لە ئوتێلەکان کۆتایی بەژیانی هێناو نامەیەکی بەجێ هێشتبوو کەتیایدا دەڵێ : لەناوچوون لەپێناوی خۆشەویستی ئافرەتێکدا, تەنها مردن نییە, بەڵکو رزگاربوونە لەبێزاری خۆشەویستی, بڵاوبونەوەی نەهامەتیەکان, ئاشکرابونی شکستەکان, وخۆشەویستی هانمان دەدا لەنەبووندا قووڵ ببینەوە. ئەمە ئەو وشانە بوون کە بە دوا تنۆکی خوێنی نووسییەوە.

بیدرۆ کاساریگو(١٩٥٥-١٩٩٣) : دەکرێت بەم شاعیرە بوترێت رەشبینترین شاعیری ئیسپانیا، چونکە هەمیشە دەیوت: ئەگەر ناوی من لە شەقامێکی شار بنرێ ئەوە ساردوسڕ دەبێ و کەس پێیدا تێپەڕ نابێت. بەڵام شیعرەکانی گەرمو گوڕ و بەهێزبوون و ڕۆمانەکانی زنجیرەیەکی یەکگرتووی شێوە چیرۆکێکی شیعری بوون. کارەکانی بریتن لە (ژیان بێزارییە) و (زەردو سوور و شین و سەوز), هەروەها نیگارکیشێکی بەتوانا بوو. لەساڵی ١٩٩٣ پاش دوو ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئەو کتێبی چیرۆکەی کە



بە کچە تازە لە دایکبووەکەی بەخشیبووی کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.

ریتیکا فازیرانی کە ژنە شاعیرێکی هیندستانە و لە ساڵی(٢٠٠٣) خۆیکوشت بەر لەخۆی منداڵەکەی کوشت کە تەمەنی نەدەگەیشتە دوو ساڵ، بەپێی ئەگەری لێکۆڵەرەوان لەو رووداوە کوشتنی منداڵەکەی تەنها لەبەر ئەوە بووە کە ئەو ناخۆشی و ئازارەی ئەو لە ژیانیدا چەشتوویەتی بۆ ئەوەی ئەویش توشی نەبێت.

وڵف فون کالکرویپ- ئەڵمانیا١٩٠٦، یگیا دمیر جیباشیان- ئەرمینیا ١٩٠٨ ، جۆرج دیفدسۆن، ئۆسکۆتلەندا-١٩٠٩، بیریکلیس یانوبولیس، یۆنان ١٩١٠، مانوێل لارنجیرا، پورتوگال-١٩١٢، لیۆن دوبیل، فەڕەنسا ١٩١٣، بیو یافوروف، بولگاریا-١٩١٤، جۆرج تراکل، نەمسا ١٩١٤، ماریۆ دی ساو کارنیرۆ، پورتوگال ١٩١٦، ئارتۆر کرافان، سویسرا ١٩١٨، جاك فاشیە، فەڕەنسا ١٩١٩، سێرگی یەسەنین-روسیا ١٩٢٥، جۆرج سترلینگ- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٢٦، فرانشیسکۆ گایتا- ئیتالیا ١٩٢٧، شارلۆت میۆ- بەریتانیا ١٩٢٨، فرانسسکۆ لویس مۆرینۆ- ئەرجەنتین ١٩٢٨، کوستاس کاریوتاکیس- یۆنان ١٩٢٨، جاك ریگۆ- فەڕەنسا ١٩٢٩، هاری کرۆبسی-ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٢٩، شۆنگیتۆ ئیکۆتا- ژاپۆن ١٩٣٠، ئەحمەد ئەلعاسی- میسر ١٩٣٠، فلادیمێر مایکۆفسکی- روسیا ١٩٣٠، فلوربیلا

ئیسبانکا- پورتوگال ١٩٣٠، کانیکۆ میسۆزو، ژاپۆن ١٩٣٠، خۆسیه ئەنتۆنیۆ راموس سوکریه، فەنزوێلا ١٩٣٠، فاشل لیندسای، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا١٩٣١، هارت کراین، ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا١٩٣٢، سارە تیسدایل، ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٣٣، ریمون روسیل، فەڕەنسا ١٩٣٣، جۆلیان تۆرما، فەڕەنسا ١٩٣٣، رینە کروفیل، فەڕەنسا ١٩٣٥، ئۆجین ماریە، ئەفریقای باشور ١٩٣٦، جان جۆزیف رابیاریفۆلۆ- مدگقشر ١٩٣٧، ئاتێلا جۆزیف- هەنگاریا ١٩٣٧، لیو بلدو لوگونس، ئەرجەنتین ١٩٣٨، ئەنگۆنیا بوتسی- ئیتالیا ١٩٣٨، فەخری ئەبو سعود-میسر ١٩٤٠، کارین بوی – ئەسوج ١٩٤١، یوخین کلیبیر، ئەڵمانیا ١٩٤٢، خورخی کویستا-مەکسیک ١٩٤٢، کایل رایس- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٤٣، نابۆلیۆ لاباتیۆتیس، یۆنان ١٩٤٤، جارل هیمر، فنلەندا ١٩٤٤، منیر رمزی، میسر ١٩٤٥، یۆهانس فاریس- ئەستۆنیا ١٩٤٦، ئیلاری فۆرۆنکا، رۆمانیا ١٩٤٦، لویس دی مونتالفور، پورتوگال ١٩٤٧، ئەدمۆن هنری کریزینیل- سویسرا ١٩٤٨، جۆن گۆڵد فیلچەر، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا١٩٥٠، هارا تامیکی، ژاپۆن ١٩٥١، قوستەنتین بیبل، چیك ١٩٥١، تادوز بۆرۆفسکی- پۆلۆنیا ١٩٥١، هیرپا کریفتنەر- نەمسا ١٩٥١، تور یۆنسۆن- نەرویج ١٩٥١، ربیعه بیرقدار- تورکیا ١٩٥٥، ویلدون کیز- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٥٥، لیسیك یوجف سیرافینۆ



فیتش- پۆڵۆنیا ١٩٥٦، ئەندریە فریدریك- فەڕنسا ١٩٥٧، مالکۆڵم لاوری- بریتانیا ١٩٥٧، روجیە ئارنۆ ریفیر-فەڕەنسا ١٩٥٩، جان بیار دۆبرێ- فەڕەنسا ١٩٥٩، عەبدولباست سۆفی- سوریا ١٩٦٠، جیراڵد نۆفۆ- فەڕەنسا ١٩٦٠، ئیلیز کوین- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٦٢، کارلۆس ئۆبریگۆن- کۆڵۆمبیا ١٩٦٣، سیلیفیا بلاپ- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٦٣، جان بیار شلونیگر- سویسرا ١٩٦٤، راندال جاریل- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٦٤، ئانگرید جۆنگەر- باشوری ئەفریقیا ١٩٦٥، فرەنسیس جوك- سویسرا ١٩٦٥، کان ئایرین- تورکیا ١٩٦٧، رۆجێ میلۆ- فەڕەنسا ١٩٦٨، جان فیلیپ سالابروی، فەڕەنسا ١٩٦٩، خۆسێ ماریا ئارگۆیداس- پیرۆ ١٩٦٩، فیلیپ ئەبو- فەڕەنسا ١٩٦٩، بول سیلان- ئەڵمانیا ١٩٧٠، کلۆد غوفرو- کەنەدا ١٩٧١، لو ولش-ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٧١، تورکاتۆ بیریرا نیتۆ- بەڕازیل ١٩٧٢، جۆن بیریمان- ویلایەتە یەکگرتووە کانی ئەمریکا ١٩٧٢، ئەلخاندرا بیپارنیك، ئەرژەنتین ١٩٧٢، یون میراندی-ئیسپانیا ١٩٧٢، ئیبراهیم زایر- عێراق ١٩٧٢، برایان ستانلی جۆنسۆن- بریتانیا ١٩٧٣، ئیگنبۆرگ باخمان- نەمسا ١٩٧٣، خایمی توریس بودیە- مەکسیك ١٩٧٤، ئان سکستون- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ١٩٧٤، ئەلفۆنسۆ کوستافریدا- ئیسپانیا ١٩٧٤، سۆفی بۆدۆلسکی- بەلجیکا ١٩٧٤، هێکتۆر مۆرینا- ئەرجەنتین

١٩٧٥، ڤیرۆنیکا فۆریست تۆمسۆن- بریتانیا ١٩٧٥، ئانتوان مشحور- لوبنان١٩٧٥، ینز بیۆرنیبۆ- نەرویج ١٩٧٦، توفادیتلفسون- دانیمارك١٩٧٦، ئەندرەبران - فەڕەنسا١٩٧٦، کریستیان دیف-فەڕەنسا ١٩٧٧، ماری هیلین مارتان- فەڕەنسا١٩٧٧، لویس ئارناندیپ کاماریرۆ- پیرۆ١٩٧٧،ایلی سیغل،لاتفیا،١٩٧٨، فرانك ستانفورد،ویلایەتە یەکگرتووەکان، ١٩٧٨،هاری مارتنسن، اسوج١٩٧٨، دانییل کولۆبیر، فەڕەنسا١٩٧٨، ئێدوارد ستاشورا،پۆلۆنیا١٩٧٩،خوستو ئەلیخۆ، ئیسپانیا١٩٧٩، ئەلکسیس ترایانووس، یۆنان١٩٨٠، ئیلهامی سیساك- تورکیا١٩٨٣، فابریس غرافورو- فەڕەنسا١٩٨٢، ئانا کریستینا سیزار- بەڕازیل ١٩٨٣، ریچاردبراوتیگان- ویلایەتە یەکگرتووەکان ١٩٨٤، بیبی سالفیا-ئیتاڵیا١٩٨٥، مایکل سترونگە، دانیمارك١٩٨٦، قاسم جبارە- عیراق ١٩٨٧، نیلگۆن مارمارا- تورکیا١٩٨٧، عەبدوڵڵا بوخالف- جەزائیر١٩٨٨، سفیە کتتو- جەزائیر١٩٨٩، های تسی-چین ١٩٨٩، عەبدوالرەحیم ئەبو زیکرا- سودان ١٩٨٩، ریناڵدو ئاریناس، کوبا ١٩٩٠، جۆن بلۆتۆن، ویلایەتە یەکگرتووە کانی ئەمریکا، ١٩٩١، متین ئاکاس تورکیا ١٩٩٢، کو چنگ- چین ١٩٩٣، کەمال تاستکین- تورکیا ١٩٩٤، غیراسیم لۆکا- رۆمانیا ١٩٩٤، سۆیسال ئەیکنسی، تورکیا ١٩٩٤، فاروق ئەسمیرە- جەزایر ١٩٩٤، تۆر ئۆلگن- نەرویج ١٩٩٥، یۆهان فیدینغ- ئەستۆنیا ١٩٩٥، ئامیللیا روسیللی-



ئیتالیا ١٩٩٦، کەریم حوماری- مەغریب ١٩٩٧، تییری میتز- فەڕەنسا ١٩٩٧، ئەلبێرت فاس، هەنگاریا ١٩٩٨، خۆسێ ئۆگۆستین گۆیتیسیلۆ، ئیسپانیا ١٩٩٩، خافێر ئیخیا- ئیسپانیا ١٩٩٩، حسین القتلی، تورکیا ٢٠٠٢، نەفیر ئەکالین- تورکیا ٢٠٠٢، سۆمیکۆ یاگاوا- ژاپۆن ٢٠٠٢، ئۆزگە دیریك- تورکیا ٢٠٠٤، شاهیر فیلاس دوغریە- هیندستان ٢٠٠٥، لیۆناردۆ ئالیشان- ئەرمینیا ٢٠٠٥، محەمەد مستەفا- سوریا ٢٠٠٦.

## لەبری کۆتایی

مرۆڤ هەرچیەك بێت, باش یان خراپ, یاخی یان ترسنۆك, ئەوا خۆی ئەو خەسڵەتانەی بۆخۆی هەڵبژاردووە و لەگەڵ خۆیدا بە زگماکی نەیهێناوەتە جیهانەوە, مرۆڤی ترسنۆکی یاخی نەبووی کەم هێز, لە لێپرسینەوە رادەکات و پەنا دەباتە بەر کەسانی تر, تاکو بڕیاری بۆ بدەن, لەئاکامیشدا لۆمە و گوناهەکان دەخاتە سەر شانی ئەویتر, ئەوانەی کە خۆیان لە لێپرسینەوە دەدزنەوە, بڕوایان بە رەوگی ناچارەیی هەیە. زۆری بڕواکەر و

پیاوانی ئایینی، باشترین نموونەن بۆ روونکردنەوەی هەڵوێستی مرۆڤی کەم دەسەڵات و یاخی نەبوو. ئەشێت کەسێك بڕوای وابێت کە رووداوەکانی ژیانی، لەچارەی نووسراون و خۆی دەسەڵاتی گۆڕینیانی نییە(٧٧).بەڵام شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە عەقڵی مرۆڤ توانای گۆڕانی سەرلەبەری ژیانی هەیە.

سەربەستی پێشمەرجی داهێنانە، مرۆڤی سەربەست خاوەنی خۆیەتی، خۆناسە و داهێنەرە، مرۆڤێکیش ناچار بێت، ئەوا ناڕەسەنە، نامۆیە، خاوەنی خۆی نییە و بڕیاریش لەسەر پرۆژەکانی بوونی خۆی نادات. کەواتە مرۆڤ سەربەستە لەوەی مەرگیش هەڵبژێرێت و کۆتایی بە بوونی خۆی بهێنێت، بەڵام ئەوەی کە مرۆڤ پێی دەڵێت: مردن لە راستیدا بریتیە لە گواستنەوەی گیانی مرۆڤ لە جیهانێکی ماتریالیەوە بۆ جیهانێکی بەرزی گیانەکی بەبێ ئەوەی گیان بکەوێتە ژێر کاریگەری کات و شوێنەوە(٧٨). ئیدی ئێستا بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان خۆکوژی و نووسەری و هونەرمان بۆ نائاسایی نییە، چونکە بەوردی روونمان کردەوە کە لەروانگە ستاتیکیانەوە دەتوانرێت لەڕوانگەی رەهای هونەرییەوە خۆکوژی وەك ئیدەئالێك وەسف بکرێت (بەهۆی سڕینەوەی بکەرەوە). ئەو پەیوەندییە پەیوەندیەکی خۆییە لەنێوان دوو جۆر هەڵسوکەوتی مرۆیدا کە بەئاشکرا و تاڕادەیەکی زۆر هەردووکیان بەشێوەیەکی ناکۆك لەدوای شتێك دەگەڕێن،



چونکە سەبارەت بەهونەر و پێش هەر شتێك دەربارەی هونەر دەتوانین بڵێین کە هونەر حەزێکە بۆ کۆتایی پێهێنان بەشتێك و گۆڕینی بۆ پێکهاتنێکی تر بە مەبەستی نەمرکردنی، یان گەڕانەوە بۆ ئەزموونکردنی نەمری.

دواجار دەتوانین بڵێین نووسەران لەگەڵ ئەو هەموو تایبەتمەندییەی لە پێکهاتەی سایکۆلۆژیدا هەیە، بەڵام زۆر جار رەفتارەکانی لە رەفتاری مرۆڤی ئاسایی وێرانکەرن و کە هەندێجار بە وێرانکردنی (خود) کۆتایی دێت.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:


١-هەڵکەوت عەبدوڵڵا، دەروازە- دەفتەری دووەم، چەند تێکستێکی وەرگێڕدراو- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی (٢٠٠٢).

٢-بابان سەقزی، نووسین لە کۆنەوە تا، رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (٩٧) رۆژی ( ٧/ ٦ /٢٠٠٥).

٣-هەمان سەرچاوە

٤-محمود شكر محمود, نووسين لە ژيانی مرۆڤدا, وەرگێڕانی: محەمەد کەساس, رۆژنامەی هەواڵ ژمارە (١٣٧) رۆژی (٢٠٠٥/٦/٢٥)

٥-بابان سەقزی, نووسین لە کۆنەوە تا, رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (١٠٠) رۆژی ( ٦/١٤ /٢٠٠٥).

٦-بەختیار عەلی, خوێنەری کوشندە- کۆمەڵە وتار, لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج ساڵی (٢٠٠٥).

٧-هەمان سەرچاوە

٨-کەمال میراودەلی, زانین و دەسەڵات- خوێندنەوەی فۆکۆ وەك خۆی، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج ساڵی (٢٠٠٧).

٩- مارگرێت دۆراس، چاوپێکەوتن لەگەڵ "سەنکلێر دیمۆنتێس"، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە: ئێوارە عەلی، سایتی دەنگەکان رۆژی (٢٠٠٧/٨/٦).

١٠- ئۆرهان پامۆك، جانتاکەی باوکم-وەرگێڕانی: شەیدا سەلاح، گۆڤاری سەردەم ژمارە (٥٢) ئەیلولی (٢٠٠٧).

١١- غادە سەممان، دەریا ماسییەك دادگای دەکات، وەرگێڕانی ئومێد عوسمان، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری رووناکبیری ژنان ساڵی (٢٠٠٤).

١٢- کەمال مەعروف، کەڵەئەدەبیانی بیانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٢).

١٣- سەلاح حەسەن پاڵەوان, داهێنان مەرگ, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٣).



١٥- رەووف بێگەرد، کتێبی (بێدەنگی و شتی تر)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٧).

١٦- عەتا محەمەد لەکتێبی (دەستنوسی یەکەمو پەرتوکی خەون)، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٣).

١٧- حەمە سەعید حەسەن، کۆتر و پڵنگ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی ئاراس (٢٠٠٥).

١٨- رۆشنا ئەحمەد, داهێنان لە روانگەی چەند تیۆرەیەکەوە, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی (٢٠٠١).

١٩- سەلاح حەسەن پاڵەوان, داهێنان مەرگ, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٣).

٢٠-د. محەمەد کەمال, ئۆنتۆلۆژی و بنەڕەتی بوونی مرۆڤ, چاپی یەکەم ساڵی (٢٠٠٠).

٢١- جۆرج ئۆریل, ١٩٨٤-رۆمان, وەرگێڕانی حەکیم کاکە وەیس- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی (٢٠٠٥).

٢٢-د. محەمەد کەمال, ئۆنتۆلۆژی و بنەڕەتی بوونی مرۆڤ, چاپی یەکەم- سلێمانی ساڵی (٢٠٠٠).

٢٣- ئۆرهان پامۆك، جانتاکەی باوکم-وەرگێڕانی: شەیدا سەلاح، گۆڤاری سەردەم ژمارە (٥٢) ئەیلولی (٢٠٠٧).

٢٤-محەمەد عومەر عوسمان، لە غوربەتا، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج ساڵی (٢٠٠٢).

٢٥-دڵشاد عەبدوڵڵا، بەفرەلوك، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ساڵی (٢٠٠٦).

٢٦- سەلاح حەسەن پاڵەوان, داهێنان مەرگ, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٣).

٢٧- هەمان سەرچاوە

٢٨- سەلاح حەسەن پاڵەوان, داهێنان مەرگ, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٣).

٢٩- فریدریك نیتشه، ماوراو الخیر و الشر، ترجمە:د.محمد عزیمە.

٣٠- مەریوان وریا قانیع, شوناس و ئاڵۆزی, لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ساڵی (٢٠٠٤).

٣١- محەمەد عومەر عوسمان، لە غوربەتا، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رەنج ساڵی (٢٠٠٢).

٣٢- د. حەمید عەزیز, بنەڕەتەکانی فەلسەفە, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٤).

٣٣- هەمان سەرچاوە

٣٤- رۆشنا ئەحمەد, داهێنان لە روانگەی چەند تیۆرەیەکەوە, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی (٢٠٠١).



٣٥- هاشم ساڵح, لە نێوان بلیمەتی شێتیدا, وەرگێڕانی نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد, لە بڵاوکراوەکانی زنجیرەی کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٢).

٣٦- هەمان سەرچاوە.

٣٧- هەمان سەرچاوە.

٣٨- هەمان سەرچاوە.

٣٩--یاسین بانیخێڵانی, ئایا خۆکوشتن جۆرێکە لە شێتی, گۆڤاری ئاینده ژمارە (٢٤) ساڵی (٢٠٠١).

٤٠-ئەریك فرۆم, شۆڕشی ئومێد, وەرگێڕانی لە فارسییەوە: هەژار جوانڕۆیی, لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما ساڵی (٢٠٠٥).

٤١- ئەلبێرت کامۆ, ئەفسانەی سیزف, وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی , گۆڤاری ئاینده ژمارە (٤) ساڵی (١٩٩٩).

٤٢- فرنتز کافکا,مەسخ"بەدگۆڕان", وەرگێڕانی: جەلیل کاکە وەیس- هەولێر-ساڵی (٢٠٠٢).

٤٣- سیامەند هادی, چیرۆکی"ئەو ژوورەی هاوڕێکەم خۆی تیاکوشت" گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (١٧-١٨). هەر ئەم چیرۆکە لە فیستیڤاڵی چوارەمدا گەلاوێژدا خەڵاتی یەکەمی بەدەستهێنا.

٤٤- عەزیز مەحمود پور, چیرۆکی (کەس نازانێ خاڵم چۆنا و چۆن خۆی دەکوژێ), گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ژمارە (٣٢-٣٣).

هەر ئەم چیرۆکە لە فیستیڤاڵی حەوتەمی گەلاوێژدا خەڵاتی دووەمی بەدەستهێنا.

٤٥-دڵشاد عەبدوڵڵا, شیعری پڕۆژەی کوشتنی خۆ, گۆڤاری رامان ژمارە (٨٦-٨٧) ساڵی (٢٠٠٤).

٤٦-بەرزان هەستیار, شیعری (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن)و رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (٢٢٤) رۆژی (١٨/٥/٢٠٠٥).

٤٧-عەتا محەمەد، ئەمری- چیرۆك، رۆژنامە- پاشکۆی پەیك ژمارە (٥)ی رۆژی (٤/١١/٢٠٠٧).

٤٨- مەریوان وریا قانیع, شوناس و ئاڵۆزی, لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی ساڵی (٢٠٠٤).

٤٩- سایتی البیان (www.albayan.com) رۆژی (١٨/٥/٢٠٠٥).

٥٠- فؤاد شاكر,الأبداعات الأدبيه, الدار المصريه البنانيه- سنه (٢٠٠٥). ئەم کتێبە تا هەنووکە"مانگی تەمووزی ٢٠٠٥" نۆ بەرگی چاپکراوە و یەکێکە لەو کتێبانەی زۆر بەووردی بە ژیانی گەورەنووسەران دەخاتەڕوو.

٥١- هەمان سەرچاوە.

٥٢-عەفییف ئەخزەر، عەلمانییەت و ئوسوڵیەت،وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٢).

٥٣- فؤاد شاكر,الأبداعات الأدبيه, الدار المصريه البنانيه- سنه (٢٠٠٥).



٥٤- د. محەمەد کەمال, کێشەی بوون لە مێژووی فەلسەفەدا, لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(٢٠٠٢).

٥٥- فؤاد شاكر,الأبداعات الأدبيه, الدار المصريه البنانيه- سنه (٢٠٠٥).

٥٦- هەمان سەرچاوە.

٥٧- هەمان سەرچاوە.

٥٨- رجاو نقاش, تێرامان لە مرۆڤ, وەرگێڕانی دنیا شێخ تاهیر چاپی یەکەم (١٩٩٨).

٥٩- هەمان سەرچاوە.

٦٠- هەمان سەرچاوە.

٦١- سایتی البیان (www.albayan.com) رۆژی (١٨/٥/٢٠٠٥).

٦٢- رجاو نقاش, تێرامان لە مرۆڤ, وەرگێڕانی دنیا شێخ تاهیر چاپی یەکەم (١٩٩٨).

٦٣- سایتی البیان (www.albayan.com) رۆژی (١٨/٥/٢٠٠٥).

٦٤- هەمان سەرچاوە.

٦٥- حەمەکەریم عارف, ئەودیوی مەرگ, , لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی موکریان(٢٠٠١).

٦٦-سادق هیدایەت، (کوونەپەپووی کوێر)، وەرگێڕانی: عەلی نانەوازادە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ بڵاوکردنەوەی موکریان(٢٠٠٥).

٦٧- حەمەكەریم عارف, ئەودیوی مەرگ, , لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ بڵاوكردنەوەی موكریان(٢٠٠١).

٦٨- حەمەكەریم عارف, سادق هیدایەت-نموونەی مەرگی نووسەر, لە بڵاوكراوەكانی پرۆژەی كتێبی یانەی قەڵەم (٢٠٠٧).

٦٩- هەمان سەرچاوە.

٧٠- سایتی البیان (www.albayan.com).

٧١- هەمان سەرچاوە.

٧٢- هەمان سەرچاوە.

٧٣- هەمان سەرچاوە.

٧٤- رامین جەهانبەگلو, مۆدێرنەكان, وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی, لە بڵاوكراوەكانی سەنتەری رۆشنبیری نما ساڵی (٢٠٠٣).

٧٥- سایتی البیان (www.albayan.com).

٧٦- هەمان سەرچاوە.

٧٧- د. محەمەد كەمال, ئۆنتۆلۆژی و بنەڕەتی بوونی مرۆڤ, چاپی یەكەم- سلێمانی ساڵی (٢٠٠٠).

٧٨-هەمان سەرچاوە.

### بەشی دووەم

## دەق و مەرگ

# خۆکوشتنی مەحوی
# لە شیعری "کە دیم ئاڵۆزە چاوی"

گومان لەوە ناکرێت یەکێك لە شاعیرە دیارەکانی نێو ئەدەبی ئێمە "مەحوی"ە, ئەم شاعیرە لە رێگەی شیعرە غەزەل و سۆفیگەرییەکانییەوە و بەو دنیا جوان و پڕ لە ئیستاتیکایە توانی خۆی بکاتە دەنگێکی دیار و نەمری نێو ئەدەبی کوردی. ئەوەی مەحوی لە شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی جیادەکاتەوە ئەو سادەییەیە لە دەربڕیندا و قوڵیە لە مانادا. ئەم شاعیرە جیا لە شاعیرانیتر و لە دنیایەکی جیاوازدا شیعری هۆنیوەتەوە, دنیایەك کە پڕبێت لە زۆرترین وشەی کوردی و لە چاو شاعیرانی هاوسەردەمی خۆی، بەرێژەیەکی کەم وشەی بێگانەی بەکارهێناوە رەنگە ئەم قسەکردنەی من تەنها حوکمێکی خێرابێت, بەلام ئەمە رای تایبەتی خۆمە و پاش خوێندنەی سەرجەم دیوانی ئەم شاعیرە هەستم پێکرد, لە هەمانکاتدا دەبێ ئەوەش بڵێم کە مەحوی شیعری عەرەبی و فارسیشی هەیە و بەشێکی دیوانەکەی بۆ ئەم دوو زمانە تەرخانکراوە, بەلام خوێندنەوەی شیعرەکانی مەحوی شاعیر دنیایەکی تایبەتترە لە



هەموو شاعیرانیتر, هەست دەکەم ئەوەی مەحوی لە وەسفی ئافرەتێکدا دەینوسێ جیایە لەوەی شاعیرێکیتر دەینووسێ, ئەمەش تەنها تایبەتمەندێتی مەحوی نییە، بەڵکو هەموو شاعیرە دیارەکانی نێو ئەدەبی ئێمە هەڵگری شوناسێکی تایبەتی شیعرین و هەر ئەم شوناسەشە وای لەو شاعیرانە کردووە دەقەکانیان تا هەنووکەش بە نەمری بمێنێتەوە, بێگومان دەبێ ئاماژەش بەوە بدەم کە چەندین هۆکاری تر لە پشت زیندوومانەوەی بەرهەمی ئەو شاعیرانەدا دەیان نهێنیتر هەیە.کە رەنگە لە چەند دەیەی داهاتوودا پەییان پێببرێت.

یەکێك لە تایبەتمەندیە دیارەکانی دەقی شاعیرانی وەکو نالی و مەحوی و مەولەوی و سالم...هتد ئەوەیە بەردەوام زیندوون و بەردەوام لەگەڵ گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگەکەی خۆیاندا رێ دەکەن و ئەو هێزەی بەردەوامی دەداتە هەنووکەیبوونی دەقی ئەم شاعیرانە, ئەو هێزە ئەفسونەیە کە پێموایە راستگۆییە لە گوتار و دەربڕیندا, راستگۆیی بەو واتایەی لای شاعیر ئیحساسەکانی خۆی رتوش نەکات, ئەوەی شیعر دەکوژێ و نایەڵێت بە نەمری بژی و بەردەوام لەگەڵ ساتە جیاوازەکانی و گۆڕانە هەمیشەییەکانی کۆمەڵگەکەیدا بێت ناڕاستگۆییە لە گوتاردا و نوسینەوەی ئیحساسە رتووشکراوەکانە, یان دەتوانین بڵێین پیشاندانی هەموو رووداو و گۆڕانەکانی کۆمەڵگەیە بە دەمامکدارییەوە. بۆیە پێموایە دەقی نەمر شاعیری راستگۆ دەینوسێ، شاعیری

راستگۆ نەمرە. هەموو دەزانین لە هەموو سەردەمێکدا کۆمەڵێك، یان سەدان شاعیر هەبوون، بەڵام ئەو شاعیرانەی کە نەمریان بۆ خۆیان بەدەستهێناوە زۆر کەم بوون. هەنووکەش لەنێو ئەدەبی کوردیدا سەدان و هەزاران شاعیر هەن و رۆژانە بەرهەمی بڵاوکراوەیان دەبینین، بەڵام ئەوانەی هەستمان دەجوڵێنن و ئاشنای دنیایەکی پڕ فەنتازیامان دەکەن زۆر کەمن.

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم قسەکردنە لەسەر خۆکوشتنی مەحوی لە شیعری (کەدیم ئاڵۆزە چاوی) ئەم شیعرە، یەکێکە لە شیعرە غەزەلیەکانی مەحوی و لەم شیعرەدا مەحوی راستەوخۆ موخاتەبەی دڵدارەکەی دەکات و سەرەتا مەحوی نیگەرانە لەوەی کە یارەکەی چاوی شێواوە لەسەرئەوەی چەند ناحەزێك لەبەینی هەردوولادا بوونەتە هۆی دروستکردنی فیتنە و قسە دروستکردن لە نێوانیاندا.

ئەوەی مەبەستی سەرەکی منە لەم نوسینەدا قسەکردنی مەحوییە لەسەر چەمکی (خۆکوشتن) و بەکارهێنانی غەزەلیانەی ئەم چەمکە لای شاعیر. مەحوی وەکو لەسەرەتادا ئاماژەیەکی خێرام پێدا زۆر زیرەکانە کاری کردووە و وردەکارییەکی زۆری لە بیر و مانا و زماندا لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە، لەم شیعرەشدا بەهەمان شێوەش بەکارهێنانی هۆگەلێکی زۆر دواجار بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی مەرگ دراوە. بەکارهێنانی وشەکانی (ئاڵۆزی، کوشتنم، سوتاندنم، ئەجەل....هتد) لەسەرەتا و ناوەڕاستی شیعرەکەدا یەکێکە لە



کارکردنێکی سایکۆلۆژیانەی شاعیر لەسەر بەکاربردنی چەمکی خۆکوژی لەو شیعرەدا. ئەگەر قسە لەسەر تەفسیرە سایکۆلۆژیەکەی شاعیر بکەین دەبینین لەسەرەتای شیعرەکەدا باس لە ئاڵۆزبوونی چاوی یار دەکات کە ئاماژەیە بۆ ئاڵۆزبوونی ژیان دواتر شاعیر دەڵێ(بەجێیە کوشتنم، سوتاندنم) ئەمەش لوتکەی بێئومێدی تاربوونی ئایندەیە، پاش ئەمەش کە دەنوسێ(وەك ئەجەل هات) واتە هاتنی مەرگ بۆتە حەقیقەت گەڕانەوەی یان دواخستنی لە دەستی ئەمدا نەماوە. تا دواجار دەڵێ" بەخۆکوشتن نەجاتی خۆ بدە (مەحوی). ئەمە دواچارە و دوا ترۆپکی مەرگدۆستیە لای شاعیر.

بیرکردنەوە لە خۆکۆشتن، بیرکردنەوەیە لە گەورەترین نهێنی و رەنگە کەشفکردنی هەڵگری ئاڵۆزییەکی زۆربێت. بیرکردنەوەی مەحوی سۆفیگەر لە (خۆکوشتن) سەرەتای وروژاندنی گەورەترین پرسیارە. پرسیارێك کە پڕیەتی لە نهێنی و نهێنیەکەش وەکو وتم کەشفکردنی هەڵگری ئاڵۆزییە، چونکە مەحوی شاعیر سۆفیگەر و ئیسلامە و لە ئایینی ئیسلامیشدا کەسی خۆکوژ بەرنەفرەتی خودا دەکەوێت. نەفرەتێك کە پاکبوونەوەی مەحاڵە، چونکە خودا باڵا دەستی هەموو گەردوونە ژیان و مردنی هەموو مرۆڤ و هەموو بوونەوەرەکانی تریشی بە دەستە،بۆیە هەڵبژاردنی مەرگ لەلایەن مرۆڤەوە یاخیبوون و شکاندنی سنوری پیرۆزیەکانی ئاینی ئیسلامەو کەسێکیش کە هەستێت بە شکاندنی سنوری پیرۆزیەکانی

ئیسلام بەرنەفرەت دەکەوێت. دەکرێت لێرەدا پرسیارێك بکەین ئەی چۆن مەحوی خواناس و سۆفیگەر پەنا بۆ(خۆکوشتن) دەبات, ئەمە سەرەتای کێشەکانی دەروونی مرۆڤە, سەرەتای جودابوونەوەی عەقڵە, یان بەمانایەکیتر سەرەتای سەرهەڵدانی دووفاقی کەسێتییە، ئەم دووفاقیەش کۆمەڵگەو کارتێکەرەکانی دەوروبەری هۆکاری سەرەکین. لێرەدا دەکرێت بڵێین مەحویش وەکو هەر مرۆڤێکی تر هەڵگری سیمایەکی دووفاقیە بووە, چونکە دین کە ئاینی ئیسلامە و مەحوی پەیڕەوکەریەتی دژی خۆکوژییە و ئەو بڕیارێکی لەشیعری ناوبراودا ئاماژەی پێکراوە, هەروەها بیرکردنەوەی مەحویش لەپووچی و تاڵی و بێ بەهابوونی ژیان سەرەتای سەوزبوونی تۆوی خۆکوشتنە لەهزری مەحویدا.

مرۆڤ لەبەرامبەر هاتنی مەرگ بێ ئەندازە بێ توانایەو ئەو حەقیقەتەشی درك کردووە کە هەرگیز ناتوانێ چرکەیەك مەرگی خۆی دوابخات, بۆیە کاتێك هەست دەکات لەهەرچوارلاوە بۆنی مەرگ دێت و مردن خەریکە دەبێتە هاوسێی لێرەدا بەناچاری خۆی بڕیار لەسەر هەڵبژردنی مەرگ دەدات. "مەحوی" یش بەهەمان شێوە هەست بەبۆنی مەرگ و هاتنی نەسیمی مەرگ دەکات بۆ نێو ژیانی، بۆیە لەدواجاردا و بەناچاری بڕیاری خۆکوشتن دەدات، لێرەدا خۆکوشتنی مەحوی لەم شیعرەدا جیانیە لەهەموو خۆکوشتنێکی تر لەگەڵ ئەوەی مەحوی لەوپەڕی نائومێدیدایە و مەرگ و کوشتن و سوتاندن لەچوارلاوە



گەمارۆیان داوە و شاعیر دەخەنە دۆخی نائومێدیەوە نائومێدیەك کە چارەسەرکردنی نیەو هیچ شتێك ناتوانێ بەفریای مەحوی بکەوێت بۆیە زۆرناچارانەو لە دوا بەیتی شیعرەکەدا دەڵێ:

بەخۆکوشتن نەجاتی خۆبدە(مەحوی) وەکو فەرهاد
لە زۆری قەهرەمانی عیشق, ئەفەندم, هەرئەجەل بەستە

لێرەدا دەکرێت دیسان بگەڕێینەوە بۆ بیرکردنەوەی مەحوی لەهەڵبژاردنی مەرگ و بپرسین ئایا مەحوی لەوکاتەدا کەئەم شیعرەی نوسیوە چۆن بیری لە سۆفیگەری و دینداریەکەی نەکردۆتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانباتەوە بۆ پێناسەی شیعرو چۆنێتی لەدایکبوونی دەق, شیعر هەرگیز بەدەرنیە لە هەڵچوونە چرکەساتیەکانی خودی شاعیرو ئەو زەمەن و بارودۆخە سوسیۆلۆژی و سایکۆلۆژیەی شاعیر پێیدا گوزەر دەکات, هەروەها بەدەریش نیە لەکارتێکەرە دینی و مەزهەبیەکان, بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کاتی بەرهەم هێنانی دەق بەتەنها هۆکارێك لەمانە باڵادەستی بەسەردەقدا دەکەن و ئەوانی تر پشتگوێ دەخرێن, چونکە زۆرکەمن ئەو دەقانەی هەڵگری هەموو کارتێکەرەکانی ژیان وبوون بن, هەموو دەقێك لایەنێك لەژیان و بوون دەنوسێتەوە, نوسەر لەکاتی نوسینی دەقدا تاڕادەیەکی زۆر لەپانتایی نەستدا کار دەکات واتە(لاشعور) کارێکی زۆر دەگێڕێت لەبەرهەمهێنانی دەقدا و

هەندێك جار دەبێتە كاریگەرترین فاكتەری هاتنە دنیای دەق.
دەكرێت لێرەدا ئەو پاساوە بۆ مەحوی راست بێت كە ئەم شیعرەی مەحوی لەنائاگاییەوە هاتبێتە بوون و لە چركەی هاتنە دنیای دەقدا شاعیر لەوپەڕی نائاگایدا بووبێت، بێگومان ئەم ڕایەش هەڵگری راستی رێژەییەو دەكرێت مەحوی زۆربەئاگاییەوە ئەم دەقەی نوسیبێت، بەڵام ئەگەر گریمانەی یەكەم راست بێت ئەوا شەرعیەت دەدرێت بەڕاكەی مەحوی لەمەڕ هەڵبژاردنی مەرگ، بەڵام ئەگەر گریمانەی دووەم هەڵگری راستیەكی زیاتربێت ئەوكات ئەگەر لەڕوانگەی دینییەوە سەیربكەین هیچ پاساوێك بۆ مەحوی نامێنێتەوە لەبڕیاردان لەسەرمەرگی خۆی، بەڵام ئەگەر لە روانگەیەكی بەدەر لەئاینییەوە سەیربكەین ئەوا مرۆڤ ئازادە لەوەی چۆن دەژی و چی دەكات و چۆن مەرگی خۆی هەڵدەبژێرێ، دواجار ئەوەی دەمەوێ ئاماژەی پێبدەم ئەوەیەكە چەمكی(خۆكوشتن) چەمكێكە هەڵگری دەیان و بگرە سەدان راڤەی جیاو بۆچوونی جۆراوجۆرە و زۆرێك لەنوسەرانی دنیا راستەوخۆ و ناراستەوخۆ باسی ئەم چەمكەیان كردووە و دەبێ ئاماژە بەوەش بدەم كە باسكردنی خۆكوشتن لەسەردەمی یۆنانی دێرینەوە لەنێو نوسەراندا هەبووەو باسكراوەو لەسەدەی ڕابردوودا(كافكا) یەكەمین هەڵگری بیری عەدەمیەتەو پاشانیش نوسەرانی وەكو كامۆو وڵف و هیدایەت و هەمینگوایی كارتێكەری ئەم بۆچوونە عەدەمیانەبوون و



رەنگدانەوەی لە نووسین و رەفتاریاندا هەبووە، بەڵام ئەوەی مەحوی لەم نووسەر و بیرمەندانە جیادەكاتەوە ئەوەیە كە ئەم شاعیرە تا سەرئێسقان سۆفیگەرو دیندار بووە و ئەمەش یەكەمین هێڵی سوورە لەبەردەم ئەودا كە بەزاندنی مەحاڵە، بەڵام كاتێك مەحوی دێت و لەم دەقەدا باس لە هەڵبژاردنی مەرگ دەكات، بەدەر لەوەی لەبەشێكی دەقەكەدا پوچی ژیان هەست پێدەركرێت ، بەڵام ئەم شاعیرە لەو پەڕی زیكری عیشقدا و و لە پێناو مەعشوقەكەیدا مەرگ هەڵدەبژێرێت، واتە لەو بەیتەی لەسەرە و ئاماژەمپێدا شاعیر دەیەوێ بڵێ" سەرەنجامی عاشق هەر مەرگە، چونكە ژیانی عاشق دەردو مەینەتە جا بۆ رزگاربوون لەو دەردو مەینەتە خۆكوشتنی فەرهاد ئاسا، كە ئاماژەیە بۆ خۆكوشتنێكی مەردانە دوابڕیارە كە ئەمەش دیسان ئەوە دەگەیەنێت مەحوی دەیەوێ بەسەربەرزی و لە پێناوی عەشقدا خۆی بكوژێ، كە ئەمەش خاڵی جیاوازی مەحویە لەم دەقەدا.

# گێڕانەوەی بەهاکانی ژیان، یان...
# لە قەسیدەیەکی زمناکۆ بورهان قانعدا

شیعر تۆبەیەکی ناتەواوە. ئەمە قسەی شاعیرێکە بەناوی (تراکل) ،کەمن تارادەیەك لەگەڵ بۆچونەکەیدام، بەڵام هەرگیز بە تەنها پێناسەیەك بۆشیعر رازی نیم، هەرکاتێك دەقێکی جوان دەخوێنمەوە خولیای گەڕان بۆ پێناسەی نوێ دێنە بیرم و ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەمیشە بەدوای دەرك کردندا بم بۆ پێناسەی نوێی شیعر، یان هەوڵی خوێندنەوەی هەمووئەو پێناسانەبم کە بۆ شیعر کراون، بەڵام لەدواجاردا هەرگیز لەگەڵ هیچ کام لەپێناسەکاندا کۆك نیم،یان رادەی جیاوازی بیرکردنەوەی من لێیان زۆرە ، بۆیە لەم حاڵەتانەدا پێناسەکەی کانت کەدەڵێت، شیعر بەرزترین هونەرە. خۆی لەبەر چاومدا قوت دەکاتەوە ودیسان توشی رامانی کردووم، بەڵام ئەوەی لای من گرنگە ئەوەیە دەقەکان پێناسەی نوێ دێنن و ئەوەی تەفسیری نوێش دروست دەکات تەنها هێزی باڵای دەقە بەگوتەی کانتیش کەدەسەڵاتێکی باڵای داوەتە شیعر، واتە باڵای لای شیعرە،یان شیعر وەکو ژانرێکی ئەدەبی توانیویەتی



فرەراڤی بۆ خۆی دەستەبەربکات و لەگەڵ بوونی مرۆڤدا قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتی ببڕێت. بەهەمان گوتەی کانت کە شیعر بە باڵاترین هونەرەکان پێناسە دەکات دەکرێت بڵێین، شیعر ئەو ژانرەیە کە هەڵگری پێناسەی ناکۆتاو تەفسیری ناکۆتایە، ڕەنگە ئەمە تەنها شیعر نەگرێتەوەو بەرهەمی ئەدەبی هونەری تریش بگرێتەوە، بەڵام شیعر دەتوانێت پێشڕەوی هەموویان بێت.

دەکرێت لەم سەرەتایەوە قسە لە شیعرێکی(زمناکۆ بورهان قانع)بکەین لەژێر ناونیشانی (قەسیدەیەك بەر لەخۆکوشتن). ئەم شیعرەش یەکێك بوولەو شیعرانەی شایەنی خوێندنەوەو لەسەر وەستان بوو، بۆیە بەپێویستم زانی لەم نوسینەدا لەسەرچەند لایەنێکی بوەستم. سەرەتا دەمەوێ ئەوە بخەمەڕوو کە شاعیر تەنها شیعر نانوسێت، بەڵکو چەند کورتە چیرۆکێکیش هەیە، هەروەها یەکێك لەو چەمکانەشی هەم لەچیرۆکەکانی و هەم لەم شیعرەشدا لێی دواوە(خۆکوشتن)ە. واتە ئەم چەمکەرەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لەنوسینەکانی ئەم شاعیرەدا هەیە، هەربۆیە شایەنی لەسەر وەستانە.

شاعیر سەرەتای قەسیدەکەی وبەرلەدەستپێکردنی شیعر ئەم دێڕە نوسراوە (خۆکوشتنێك خۆی خزاندۆتە ژووری نوستنەکەم ناهێڵێت ئەم قەسیدەیە تەواو بکەم). هەرلەم دێڕەوە هەست بە یەئس و نائومێدی دەکەین نائومێدیەك کەلەهەنووکەیی شاعیردا ئامادەیی هەیە، گرنگی ئەم قەسیدەیە لەوەدا

هەنووکەیبوونی خۆی هەرلەسەرەتاوە بەیان دەکات هاوکات مەوزوعیەتیش ئامادەییەکی هەنووکەی لەئێستای کۆمەڵگەی کوردیدا هەیە لەسەرەتای دەنوسێت:

بێزارم...
هێندەی بێزاری خواوەند لەئەفعالی ئەهریمەن .
بێزارم ...
هێندەی بێزاری عاشقێك لەگوڵێکی بیٚ بۆن .

لەم دوودێرەدابەتەواوی هەست بە نائومێدی شاعیرو هەنووکەبوونی دەق دەکەین، هاوکات بوونی ئەو مۆسیقایەشی کە خەسڵەتی هەموو دەقێکی زیندووە، چونکە بەرای من پەیامی شاعیر لەپلەی یەکەمدا پێویستە باس لە ئێستا بکات و وێنەکانی ئێستا لەهەناویدا هەڵبگرێت وهەرشیعرێك وێنەکانی زەمەنی نوسینی تێیدا رەنگدانەوەی بەرچاوی نەبێت دەقێکی نەمر نیە،هەروەها ئەو دەقانەش بۆ رووداوە مێژووییەکان دەنوسێت دەکرێت ببنە دەقی نەمرو بتوانن درێژە بەزیندوێتیان بدەن، بەڵام بەشێکی زۆریان دەقی تەمەن کورتن، بێگومان داهاتووش بەهەمان شێوە، چونکە زەمەنێکی گریمانەییە. شاعیر ناوداری عەرەب (مەحمود دەروێش) شیعر بەسەرسیٚ لقدا پۆلێن دەکات ولە دیمانەیەکدا دەڵێت، سەبارەت بەمەعریفەی شیعر من لەو بڕوایەدام بەسەر سیٚ لقدا



دەبەشدەبێت. مەعریفەی پێشبینگەرای ، مەعریفەی دنیابینی، مەعریفەی شیکاری وشیعر توانیویەتی سودلە هەرسێکیشیان وەربگرێت بەتایبەتی مەعریفەی پێشینگەرایی ومەعریفەی دنیابینی.
هەروەها لەشوێنێکی تردا هەمان شاعیر دەڵێت، لەئێستادا شیعر بایەخ بە شتە پەراوێز خراوەکان ئەدات زیاتر لەوەی بایەخ بەمەسەلەی گەورەکان بدات.
منیش لەگەڵ هەمان بۆچووندام، پێموایە شیعری زیندوولە ئێستادا ئەو شیعرانە باس لەقەیرانە خودیەکانی تاك وئەو کێشە ڕۆحیانەی تاك دەکەن کەرۆژانە رووبەرووی دەبێتەوە، واتە کێشەی سەرەکی پەیامی شیعر لەئێستادا قسەکردن نیە لەسەر رواڵەت، بەڵکو پەیامی شیعر لەئێستا قسەکردنە لەسەر جەوهەری مرۆڤ وئەو قەیرانە خودیانەی لەبوونیدا هەڵیگرتووە، هەروەها وروژاندنی پرسیارە فەلسەفیەکان لە دەقێکی شیعریدا، یان سادەکردنەوەی پرسیارەکانی بوون وقسەکردن لەسەر ماهیەتی ئینسان ئەمانە رەنگدانەوەی بەرچاویان لەشیعری نوێی جیهانی و تارادەیەکیش شیعری کوردیدا هەیەو زمناکۆش لەم قەسیدە یەیدا بوێرانە باس لەقەیرانێکی خودی نێوناخی تاك دەکات کەبەرای من هەڵبژاردنی ئەم بابەتە یەکێکە لە خاڵە جوان ودرەوشاوەکانی ئەم دەقە، هەروەها تەوزیفکردنی لەچەند وێنەیەکی خێرادا کەبەزووی بگاتە هزری خوێنەر ودروستکردنی گریٚ کوێرە لەسەرەتای شیعرەکەوە کە خوێنەر

ناچار بەخوێندنەوەی دەقەکەی بکات، ئەمەش خەسڵەتێکی تره جوانی ئەم شیعرەی زمناکۆیە.

گێڕانەوەی تراژیدیای خۆکوشتن ڕەنگدنەوەی بەرچاو، یان دەتوانین بڵێین سەرتاپای شیعرەکەی داگیرکردووەو بەگوتەی شۆپنهاوەریش، تراژیدیا بەرزترین جۆری شیعره. ئەم گوتەیەی شۆپنهاوەر هێندەی گەورەیی فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفە نیهلیزمە جێی تێڕامانە و هەر لەم پێناسەیەوە دەکرێت ئێمە وێنەی ژیانی شاعیر و کەسایەتی شاعیرمان بێتە بەرچاو و پاشان پەیامی یەکەمی شیعریش. لەم پێناسەیەوە تێدەگەین شاعیر مرۆڤێکی هەستیارە و ئەوەی زیاتر هەستی دەبزوێنێ تراژیدیاکانە نەك ئاهەنگەکان، ئەوەی پەلکێشی دەکات بۆ دنیای ئەفراندن زیاتر (بێگومان لە ڕوانگەی شۆپنهاوەرەوە) تراژیدیایە نەك بەزم و شادی. بێگومان بەزم و شادی و ئاهەنگیش دەکرێت ببێتە هۆی داهێنان و شاعیر لە ڕێگەی ئەوانەشەوە هەستی ببزوێ، بەڵام قسەکردنی ئێمە زیاتر لەسەر تراژیدیا و مەرگە. شاعیر ژیانی خۆشدەوێ، یان لە خۆشەویستی ژیانە ڕقی لە مەرگە، یان ترسی لە مەرگ هەیە و بەردەوام دەیەوێ لێی بدوێ، هەروەها ژیانی خۆشدەوێ بۆیە باسی دەکات، واتە حاڵەتەکە ڕەنگە لای شاعیرێك هاوسەنگی هەبێت، یان ژیاندۆستی زیاتر بێت، یان بەپێچەوانەوە مەرگدۆستی زیاتربێت.



ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزانین شاعیری ئەم قەسیدەیەی ئێمە لێی دەدوێین چ پێناسەیەکی بەسەردا دەبڕێت. لە ڕوانگەی منەوە زمناکۆ شاعیرێکی ژیاندۆستە و خۆشەویستی ژیان کەڵکەڵەی مەرگی خستۆتە مێشکەوە و ئەو دەیەوێت ژیانێکی ئاسایی بژی وەلێ ژیان لەم دەڤەرەی ئێمە لاسارە و بە مەیلی مرۆڤەکان ناگوزەرێ، هەروەها ئاسۆی ئایندەش لێڵە و ئەوەی هەیە ئێستایە و ڕابردووش پڕە لە شکست. بۆیە شاعیر بۆ ئەوەی حورمەت بگێڕێتەوە بۆ ژیان مەرگ وەکو دەلیل هەڵدەبژێرێت و دەیکاتە ڕێبەرێکی ڕۆحسوك و ئامادەی پێشوازیکردنی دەبێت و شاعیر دەنوسێت:

ڕەشبینم و بێزارم...ئەی مەرگ
دەلیلم بە...
دەلیلم بە...و
ڕزگارم کە لەم ژیانە لاسارەی خۆم
بمخەرە سەر کەنارێکی پڕ لە سکون.

نائارامی ژیان و پەشێویە بەردەوامەکانی ڕۆح لەو ژیانەدا، هاوکات کەرتبوونی ڕۆح لەزەمەنی نائومێدیدا و داڕووخانی ڕێگە باریکەکانی هیوا شاعیر بەرەو عەدەمیەت و نائومێدی دەبات، هەروەها بێ بەهابوونی ژیان و ژەنینی مۆسیقای بێ مەئوا ئەوەندەی تر برینی بوون قوڵتر دەکاتەوە و بۆ

ساڕێژبوونی ئەو برینە مەرگ و خۆکوشتن بەهادەگێڕنەوە بۆ ژیان، چونکە تەنها هەڵبژاردنی مەرگ دەتوانێ تەفسیرێك بدات بەژیان واتە خۆکوشتنی شاعیر لەپێناوگێڕنەوەی خۆشنودیە بۆ رۆحێکی پەرتەوازە کە نەیتوانی چێژ لەو شتە وەربگرێت و ئێستا دەیەوێت چێژ لەمەرگ وەربگرێت، یان بەتەفسیری (زۆربا)یانە مرۆڤ دەبێت چێژ لەو شتە وەربگرێت کە ئارەزوویەتی هەتا ئەگەر مەرگیش بێت، زۆربا ئەو کەسایەتیەیە کە دەکرێت لێرەدا لەسەری بوەستین. ئەو تەنها دەیەوێ بژی و ژیان لای ئەو، ئەو چرکەیەیە کە تێیدایە و بیر لە ساتی داهاتوو ناکاتەوە و رابردووش لای ئەو سفرە، هەروەها دەشیەوێت هەرچی دڵ دەیخوازێ ئەزموونی بکات، واتە ئەزموونکردنی ژیان بەهەموو رووەکانیەوە. لای زمناکۆش من هەست بەهەمان حاڵەت دەکەم، یان راستربڵێم هەمان حاڵەت رەنگدانەوەی لەم قەسیدەیەدا هەیە و ئەو دەیەوێت (مەعین بەسیسۆ)یانە بژی و دواجاریش لەژووری نوستنەکەیدا مردن هەڵبژێرێت. (مەعین بەسیسۆ) لە ئوتێلێکدا دەژیا و بەدەرگای ژوورەکەیەوە نوسیبووی "تکایە بێزارم مەکەن" پاش دوو رۆژ لەبێدەنگی و نادیاری ئەم نووسەرە ئەوسا هەستی پێدەکەن کە خۆی کوشتووە. ئەم لە ژیان بێزار بوو چونکە نەیدەتوانی ئەوەی ئارەزووی دەکات ئەزموونی بکات. رەنگە "سادقی هیدایەت"یش نمونەیەکی تربێت کە دەکرێت ئێمە قسەی لەسەر بکەین. هیدایەت بەهۆی بێزاری لە دەسەڵاتی سیاسی ئێران



بێمەسئولی بەرپرسەکان لەئاست گەلەکەیان و بێئومێدبوونی لە گۆڕان و نوێبوونەوە دواجار لەماڵەکەی خۆیدا لە پاریس بەر لە خەوتنی بەلوعەی غازەکەی کردەوە و نوست. ئەو نووستنەی تا سێ رۆژ کەس نەیزانی بەمەرگی و پاش سێ رۆژەکە تەرمەکەیان لەماڵەکەی هێنایە دەرەوە. هێنانەوەی ئەم دوونموونەیە لەبەر نزیکی جۆرو حەزە مەرگدۆستیەکە بوو، هەردوو نووسەری ناوبراو و زمناکۆش دەیانەوێت لەکاتی خەوتندا بەهەمیشەیی بخەون و خۆکوشتن دەلیلی قوتاربوونیان بێت لە ئازارەکانی بوون و بە بەجێهێشتنی ژیان بەها بۆ پیرۆزیەکان بگێڕێتەوە.

شاعیر لە کۆتایی قەسیدەکەیدا دیسان ئاماژە بەوە دەکاتەوە کە نائومێدە لە هەموو شتێك و نایەوێت چیتر لە نائومێدیدا بژی و دەیەوێت خۆی یەکلایی بکاتەوەو بۆنی خوێن و بۆنی ئازارو.. بۆنی برین کاسیان کردووە و جگەلەمەرگ هیچ شتێکی تربە دەلیل نازانێ لێرەدا دەکرێت بڵێین خۆکوشتن ڕاکردنە لەژیان بەکۆی پنتەکانیەوە، یان راکردنە لەپنتەکانی ژیان و رازینەبوونە لەو بوونەی مرۆڤ بێ ویستی خۆی بەسەریدا سەپێنراوە، یان هەوڵدانە بۆ شکاندنی سنورە موقەدەسەکان و هێڵەسورەکان،کەپێمواپە کەسی خۆکوژ بە جورئەترین مرۆڤە بەرامبەر مەرگ و لاوازترین مرۆڤیشە بەرامبەر ژیان.

دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم ئەوەی من لەم نوسینەدا خستمەروو چەند سەرنجێکی کورتی بابەتیانە بوو لەسەر

قەسیدەی ناوبراوی شاعیر و دەکرێت لەرووی فۆرم و تەکنیکەوە قسەی زیاتری لەسەربکرێت و ئەوەشی منی ڕاکێشا بۆ خوێندنەوەی ئەم قەسیدەیە ناوەڕۆکی قەسیدەکەبوو ئەم نوسینەش زیاتر ویستی قسەلە سەر ئەو بەشەی قەسیدەکە بکات. جوانی قەسیدەکەش هۆیەکی تری سەرنجڕاکێشانی من بوو.بەهیوای بەرهەمی نوێتری زمناکۆ دەستخۆشی لێدەکەم .

*قەسیدەیەك بەرلەخۆکوشتن، زمناکۆ بورهان قانع، ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ لەژمارە (٥٠٣) ڕۆژی( ١٤\٩\٢٠٠٦) بلاّو کراوەتەوە.



# کۆنسێرتی خۆکوشتنی کۆمەڵگەیەك

## رامانێك لەمەر چیرۆکی (کۆنسێرتی خۆکوشتن)ی زمناکۆبورهان قانع

یەکەمین پێوەرێك کە زیندوێتی دەداتە دەق هەنووکەیبوونی دەق وپێکهاتەی فیکری و ڕاڤەکارییەکانیەتی. ئەگەر دەقێك نەتوانێت هاوسەردەمی ژیانی کۆمەڵگەکەی بێت، ئەوا ئەو دەقە ناتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێ خزمەت بە پانتایی ژیان بگەیەنێت. لێرەوە ئەگەر لەپەیامی سەرەکی نوسین بدوێین دەبینین پەیامی ڕاستەقینەو لەپێشینەی نووسین جوانکردنی ژیان وپیشاندانی نەبینراوەکانی نێو گەردوونە، چونکە دواجار نووسەر کائینێکی کەشفکەرە ودەیەوێت کەشفی ئەونهێنیانە بکات کە(ئەوانیتر) ناتوانن بیبنن، یان ئەوجوانی و ناشیرینیانە کەشف دەکات کە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر هزرو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەیەك هەیە. مەکسیم گۆرکی گەورە ڕۆمانوسی ڕوسی دەڵێت: ئەو نوسەرەی کەباسی منداڵی خۆی دەکات بەزمانی منداڵ نادوێ بەبیانووی ڕاستگۆییەوە، بەڵکو بەهەستی منداڵیەوە قسەدەکات بەوشێوەیەی منداڵ

بیردەکاتەوە، ئەمە منداڵی بەرجەستە دەکات و ڕاستگۆیی دەکات. واتە گۆرکی دەیەوێت ئەوە بخاتەڕوو کە بەرجەستەکردنی راستگۆیی لە نووسیندا نەمری دەستەبەر دەکات بۆ دەق و گەڕانەوەش بۆ منداڵی لای گۆرکی گەڕانەوەیە بۆ راستگۆیی.

قسەکردن لەسەر هەردەقێك پێویستی بەوردبوونەوەو شۆربوونەوە هەیە بەناخی ئەودەقەدا، هاوکات لێکحاڵیبوونێکی بەرفراوانیشی هەبێت لەنێوان دەق وخوێنەردا. هیچ دەقێك لەسەدا سەد هەموو نهێنیەکانی نێوی لای خوێنەرکەشف ناکات و هەموو دەقێك هەڵگری کۆمەڵێ نهێنیە کە رەنگە ناکۆتابێت، ئەوەی سەرکەوتن و ونەمری دەداتە دەقێك بوونی ئەو نهێنیە ناکۆتایانەیە کە لە سینەیدا هەڵیگرتووە، ئەگەر دەقێك هەڵگری نهێنی نەبێت ئەوا دەقێکی سەرکەوتوو و نەمرنییە بەوپێیە نووسین حەز و سەلیقەییە ئەوەی نووسەری بەتوانا لەنووسەری ترجیادەکاتەوە نەبوونی سەلیقە و شێوازی دەربڕینە، واتە گرنگتریت خاڵێك کە بۆ پرۆسەی نووسین گرنگە شێوازی دەربڕینە، چونکە ئەگەر لە شێوازی دەربڕینی نووسەرێك سەلیقەیەکی وردی تێدا نەبێت ئەوا ئەو دەقەی دەقێکی ناکامڵ و کرچ و کاڵ دەبێت و هەمیشە دەقە سەرکەوتووەکانن کەخوێندنەوەو لێدوانی جدییان لەبارەوە دەدرێت و راڤەی جیاجیاو لەگۆشەنیگای جۆرا و جۆرەوە لێیان دەڕوانرێت. دەمەوێ لێرەدا ئامارژەش بەوەبکەم کەهەردەقێك نەبێتە جێی



پرسیارو پرسیارم لا دروست نەکات بەشایەنی لەسەر نووسینی نازانم، چونکە بڕوای تەواوم بەو قسەیە هەیە کە دەڵێ نووسین پرۆسەیەکی لا شعوریە و زۆرجار لە دەسەڵاتی نووسەر دەچێتە دەرەوە. ئەوەی دەمەوێ لێرەدا قسەی لەسەر بکەم چیرۆکی(کۆنسێرتی خۆکشتن)ی (زمناکۆ بورهان قانع)ە، ئەم چیرۆکە گەشتێکی حەزینە بۆ ولاتێك کەمرۆڤەکانی لەوپەڕی بێهودەیدا دەژین و دەستەوسان لەبەرامبەر ژیانداوەستاون و ئایندەیان نادیارە. زمناکۆ دەیەوێ هەر ناونیشانی چیرۆکەکەوە ئەوەبخاتەروو کەخۆکۆکوشتنێکی بەکۆمەڵ لەبەردەمماندایەو کۆمەڵگەیەك پێکەوە بڕیار لەسەرخۆکوژی دەدەن. من لەم نووسینەدا نامەوێ لەسەرتەکنیك ولایەنەکانی ترقسەبکەم، چونکە چیرۆکەکە بەتەکنیکێکی سادەنوسراوە، بەلاّم مەبەستمە قسە لەسەر(مەوزوعیەت) لەم چیرۆکەدابکەم. هەڵبژاردنی ئەم بابەتەو نوسینی چیرۆك لەبارەیەوە کارێکی گرنگە، چونکەخۆکوژی یەکێکە لەو دیاردانەی لەم چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕین بەڕێژەیەکی زۆر بەرچاو بلاّوبۆتەوە و کارگەرییەکی لەسەر سەرجەم بنەماکۆمەلاّیەتیەکانی کۆمەڵگەی ئێمە هەیە. لەم ڕوانگەیەوە هەموو قسەکردنێك لەسەرئەم دیاردەیەپەنجەڕاکێشانە بۆ ئەو زەنگە کوشندەیەی دەردێکی سامناك کەبەهێمنی تاکەکانی کۆمەڵگە بەرەو فەنابوون دەبات. خۆکوژی ئەگەرچی ناتوانین لەژێر پێناسەیەکدا قەتیسی بکەین، بەلاّم ئەوپێناسەیە کە دەڵێ کاتێ ناخ دەڕووخێت وهەموو

دەرگاکانی ژیان لەڕووی (تاك)دا دادەخرێت. تاڕادەیەکی زۆر پێناسەیەکی گشتگیرە. ئەگەرچی بەسەرهەندێك لەحاڵەتە خۆکوژیەکاندا تەوزیف نابێت.

ئەگەر سەرەتا بپرسین بۆچی مرۆڤ خولیای گێڕانەوەی هەیەو بەردەوام دەیەوێ شتەکان بگێڕتەوە، یان بۆ چێژ لەگێڕانەوە وەردەگرێت. "عەتا محەمەد" چیرۆکنوس لەپێشەکی کۆمەڵە چیرۆکی(زارەکانی خەون)دا دەڵێت گێڕانەوە بۆ خۆی یەکێکە لە ڕەگەزی پێکهنەرەکانی ژیان ودەتوانین وەکبوونێکی سەربەخۆ سەیری بکەین کە توانای ژیان گەشەسەندنی هەیە و لێیەوە بەرەو پەنهانیەکانی ئەندێشەو ئەودیو واقیع دەڕۆن نەك واقیع.

دیارە مرۆڤ هەرگیز ئارەزووی گێڕانەوەی کتومتی واقیع ناکات دەیەوێت ئەوەشی بەخەیاڵدا دەگوزەرێ هەوڵبدا لەگێڕانەوەدا بەرجەستەی بکات، واتە مرۆڤ لەڕێی گێڕانەوەوە دەیەوێت نەمری بەدەست بهێنێت وهەوڵدانی مرۆڤیش بۆ بەدەستهێنانی نەمری تەنها نوسین دەتوانێت لە ئەستۆی بگرێت، چونکە تەنها نوسین دەتوانێ سەردەمەکان تەی بکات وخۆی بەنەوەکان بناسێنێت.

زمناکۆ لەڕێی ئەم چیرۆکەوە دەیەوێت تراژیدیاکانی ژیان قوڵتر لەوەی هەیە پیشانی مرۆڤ بدات، یان دەیەوێت بڵێت ئەوەی ئێوە بەساناییەوە لێی دەڕوانن وانییە و برینی ژیان هێندەی قوڵیەکی ناکۆتا قوڵەوئەگەرلەو قوڵیەوە سەیری نەکەین ژیان فریومان دەدات ئەوەتا دەنوسێت: زیندەگی فێڵێکی گەورەیە



لەمردن وپێکەنینێکی ساختە بەرامبە هەستێکی یەقین، مرۆڤ بۆئازار چەشتن لەنەبوونەوە دێتەبوون، لەبەرئەوە پێویستە لەسەرمان کەقومارخانەی ژیان پڕبکەین لەدۆڕاوی دڵڕەق.

ئەگەرچی ژیان هێندە بێمانایەکە تەفسیرناکرێ، بەلأم لای زمناکۆ هەمووسنورەکانی بێمانای دەبڕێت و تا ناکۆتا بێمانا دێتەبەچاو. زمناکۆ نەوەی سەردەمی تەکنەلۆژیایەو ئەو هەموو ئاسانکاریەی دنیای گلۆبالیزم بەپوچ دەزانێت و پێیوایە بێجگە لەسازدانی کۆنسێرتێك بۆ خۆکوشتن هیچ نیە ودەیەوێت وەکو "یەسەنین" کۆمەڵگەو تاکەکانی بکاتە دەرەوەی ئەو زەمەنەی کەئەوی تێدا دەژی، ئەو بێزارە لەو ڕۆژگارە تەکنەلۆژیا ئاڵۆزی دەکات ولەچنگی مرۆڤی دەردەکێشێت، یان دەیەوێت وەك "سادقی هیدایەت" دووری هەموو بەهاکانی ژیان لەسوچێکی ئەم کەونەدا خۆکوشتن هەڵبژێرێت. زمناکۆ دەنوسێت: پێویستە چی دی درێژە بەژیان نەدەین تائازار نەچێژین. هەڵهاتن لەژیان بەجۆرێك لەجۆرەکان هەڵهاتنە لە کاتێك کە کۆمەڵگە بەرەو هەڵدێردەڕوات وبێماناییەکی ترسناك باڵی بەسەردا دەکێشێت ژیانیش لەوکۆمەڵگەیەدا بێجگە لەئەزموونکردنی ئازار هیچی تری تێدا بەدی ناکرێت، بۆیە چیرۆکنووس وەك عادەتێکی هەمیشەیی کەلەچەندین دەقی تریشدا ئەزموونی کردووە دەیەوێت لەم دەقەشدا ئەزموونی خۆکوشتن بکات، بەلأم جیاوازی ئەم دەقە لە دەقەکانی تری نووسەر لەو خاڵەدا یەکە دەیەوێت ئەمجارە بەتەنها نەبێت و تەنها خۆی بەرەو نادیار

نەڕوات، بانگهێشتی تەواوی کۆمەڵگە دەکات بۆخۆکوشتن و دەیەوێت کۆمەڵگە لەکۆنسێرتێکی تایبەتدا پێکەوە بڕیار لەسەر خۆکوشتن بدەن. زمناکۆ لەوگەنجانەیە کەنوێنەرایەتی نەوەیەك دەکات کەبە تەواوەتی و تادوا پلەلەژیان بێزارن ودەیانەوێت، خۆکوژی ئەزموون بکەن، یان کردوویانە.ئەو نەوەیەش پاش ڕاپەڕین بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە، بەشێوەیەك کەمایەی تێڕامان ووردبوونەوە بوو، بۆیە ئەگەر سەیری ئەو ئامارانە بکەین کە لەبارەی خۆکوژی گەنجانەوە بلاۆدەکرێتەوە ئەو ڕاستیەمان بۆ ساخ دەبێتەوە کە زمناکۆ تەنها کاری لەخەیاڵدا نەکردووە، بەڵکو ویستویەتی لەڕێی گێڕانەوەیەکی فەنتازیەوە واقیع بەرجەستەبکات، کەمن پێموایە سەرکەوتووبووە، هەروەها ئەگەر زمناکۆ نوسەر نەبوایە پێموایە یەکێك دەبوو لەو گەنجانەی کە سالأنێك دەبوو خۆکوژی ئەزموون دەکرد، چونکە بەپێی لێکۆڵنەوەی ئەو زانایانەی لەدەروونشیکاری ئەدەبدا کاریان کردووە نوسەران لەنوسینەکانیاندا بەر لە هەرشت ئەوشتانە دەخەنەڕوو کەدەیخوازن، یان دەیانەوێت ئەزموونی بکەن، بۆیە ئەگەربەوردی سەرج لەزۆرێك لەڕۆمان و چیرۆکی گەورەنووسەرانی جیهان بدەین وێنەیەکی ناڕوون، زۆرجار ڕوونی ئەو نوسەرەمان دێتە بەرچاو، کە نزیکیەکی لەگەڵ ژیانی تایبەتی و ژیانی واقیعی نووسەردا هەیە. هەرچۆن کاتێك (پیرەمێردو زەریا)، یان (بحر القدر)ی هەمەنگوای دەخوێنینەوە



وێنەیەکی ڕوونی ژیانی ئەو نووسەرەمان دێتەوە بەرچاو، یان کاتێك تاوان و سزای (فیۆدۆر دۆستویڤسکی) دەخوێنینەوە هەستێکی تەواومان لادروست دەبێت کە پاڵەوانی ڕۆمانەکە "راسکۆلینکۆف" خودی نووسەر خۆی بێت، ئەمەش بە بەراوردکردنێکی سەرپێیانەی ژیانی نوسەر و ئەو پاڵەوانە دەردەکەوێت، بۆیە لەم چیرۆکەی زمناکۆشدا تەواو هەست بەوە دەکەین کە زمناکۆی نووسەری چیرۆکەکە ژیانی خۆی نووسیوەتەوە، ئەمە قسەیەش بەو مانایە دێت ئەم دەقە بەرلەوەی بۆنی کەسی تری لێبێت نزیکییەکی زۆری لەگەڵ ژیانی تایبەتی نووسەردا هەیە.

جان فریفیل دەڵێت: ئەدەب و هونەر خۆیان مەیدانی جەنگن و تێیاندا ئایدیۆلۆژیای جیاجیا ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و بێبەزەییانە کۆن و نوێ دەستەو یەخەی یەکتر دەکات و بیرو بۆچوونی کۆن هەرەس دێنێت و لەناو دەچێت و گۆڕانی قوڵ لە ژیانی مرۆڤدا بەرپا دەکات. واتە ئەدەب و هونەر هەندێکجار دەبێتە ئەو مەیدانەی نەوەکان (کۆن و نوێ) تێیدا دەستەویەخە دەبن و لە دواجاردا یەکێکیان سەرکەوتوو دەبێت کە (جان فریفیل) پێیوایە کۆن هەرەس دێنێت، بەلاّم لەم چیرۆکەدا تەنها نەوەیەك هەرەس ناهێنێت، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگە بەتەواوەتی هەرەس دێنێت و زمناکۆ تەواوی کۆمەڵگە داوەتی خۆکوشتن دەکات و خۆیشی دەیەوێت"رازاوەتری بکات" بۆیە دەکرێت ئەم چیرۆکە لەریزی ئەوئەدەبەدا پۆلێن کەین

کەبەئــەدەبی(عەدەمیــەت) ناودەبرێــت و هــیچ تروســکەیەکی ئومێدی تێدابەدی ناکرێت وئەگەرئەمەشمان پۆلێن کرد زمناکۆ لەریزی ئەو نوسەرانەیە کەبە عەدەمی دەناسرێ.

٢٠٠٧/١٠/١٥



# رامان لەمەرگ

## لە شیعری (گەر لە حەق بێم و نەیەم)ی بەرزان هەستیاردا

مـەرگ یەکێکـە لـەو چـەمکە بنەڕەتیانـەی لـە نێـو ئـەدەبی ئێمـەدا پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە. هەر لە ئـەدەبی کلاسیکییەوە تـا ئـەدەبی نـوێ مـەرگ زۆرتـرین ئامادەییـەش لـە نێـو شـیعری کوردیــدا هەیــە ئــەم ئامــادەیش درێــژکراوەی مێــژووی ژیــانی تاکــەکانی کۆمەڵگــەی ئێمەیــە، چــونکە هــەموودەزانین ئــەدەب بەگشتی ڕەنگدانـەوەی هـەموو جوڵـە وگۆڕانـەکانی کۆمەڵگەیـە و گوزارشتەلە هەموو پێشهاتەکانی. دەمەوێ بۆ دەسپێکردنی ئەم نوسینە رای چەند نوسەرو بیرمەندێك لەمەڕ مەرگ بخەمەڕوو بۆ کارئاسـانی و روونکردنـەوەی مەبەسـتمان لـەبارەی مەرگـەوە. شیلەر دەڵێت: مـەرگ شتێکی خراپ نیە، بۆیـە هـیچ کـەس لێـی بێبـەش نیـە. هاوکـات ئیدواردیۆنگیست دەڵێـت: مـەرگ تـاجی ژیانـە، ئەگـەر مـەرگ نەبوایـە ژیـانیش نـەدەبوو. مـۆریس میتـەر لینگـیش دەڵێـت: ئەگەرمــەرگ نەبوایــە هەســتمان بەخۆشــی و شـیرینی دنیـا نـەدەکرد . ڤـۆڵتێریش لـەبارەی مەرگـەوە دەڵێـت: ئەوکەسـەی لەمـەرگ دەترسێت. لـەژیانیش دەترسێت. دەکرێـت لـەم سـەرەتایەوە بـچمە سـەر تـەوەرەی سـەرەکی ئـەم نوسـینە کەقسەکردنە لەسەر شیعری (گەرلـە حـەق بێم ونەیـەم)ی بـەرزان

هەستیار کە لە ژمارەی ( ٥٠٠ ) ئەدەب و هونەردا بڵاوبویەوە، ئەم شیعرەش دیسان وەکو چەندشیعرێکی تری بەرزان قسەکردنێکی زۆری لەسەر مەرگ تێدایە، یان راستر بڵێم مەرگدۆستیەکی زۆر باڵی بەسەر ئەم شیعرەی بەرزاندا گرتووە، بەرزان هەستیارلە ئەزموونی نامیلکەی (بەتەنیش فەنابوونەوە) ودوای ئەوئەزموونەش لەزۆرێك لەشیعرەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ لای مەرگ وقسەکردن لەسەرمەرگ. لەم شیعرەدا بەیاریدەی چەند بەیتێکی مەحوی لەمەرگ دەدوێ. لەم شیعرەیدا بەرزان دەیەوێت زۆر نزیك خۆی لە مەحوی نیشان بدات، نزیکیەك کە لە بارەی مەرگ و ژیانەوە هاوبۆچوون بێت، یان دەیەوێ هاوسەفەری مەحوی خۆی نیشان بدات، بەڵام من جیاوازیەکی زۆر لەنێوان بەرزان هەستیارو مەحویدا دەبینم لەڕوانینیان بۆمەرگ ولەهەڵبژاردنی مەرگدا. لای مەحوی مرۆڤ هەرچی بکات ناتوانێ قەرزی بوونی خۆی بەزاتی خودا بداتەوە ومرۆڤ قەرزاری خودایەو بەهیچ شتێکیش ئەم قەرزەی بۆنادرێتەوەو هەڵبژاردنی مەرگ یان ئاوات خواستن بۆ مردن لای مەحوی هەوڵی خۆدزینەوەیە، یان بۆئەوەیە کەقەرزەکانی زیاترنەبێت، ئەمە پرسیارێکی قورسە فەلسەفیەکە هەڵگری تەفسیری قوڵ ووردترە لە شیعرەکانی مەحویدا، چونکە بوون لای مەحوی پرسیارێکی جەوهەریەو لەزۆرێك لەدەقەکانیشیدا تەفسیری جۆراوجۆرکراوە. وەلێ لای بەرزان هەستیار مەرگ هەڵهاتنە لەژیانێك کەشایستەی ژین نیەوئەمەش لەوبۆچوونە



پووچگەراییەوە سەرچاوەی گرتووە کە شیعر هەڵگریەتی، کەلای مەحوی تەواو پێچەوانەیە، واتە خەیاڵی دووری نێوان بیرکردنەوەی بەرزان هەستیار و مەحوی لێرەدایە بۆ بەرزانی تاراوگەنشین مەرگ وەڵامە بۆ زۆرێك لەپرسیارەکانی ژیان، بەڵام لای مەحوی سۆفیگەر مەرگ وەڵامە بۆ چیتر قەرزدارنەبوونی زاتی خوداو هەم پاکبوونەوەش لەژیانێك رەنگە پڕبێت لەتاوان وگوناه. بەرزان دەیەوێ بەهەڵبژاردنی مەرگ ناڕەزایی لەبەرانبەر ژیاندا دووپات و دەپات بکاتەوە، هەتا ئەگەر بۆی بکرێ دنیا بشێوێنێ، بەڵام مەحوی وەکو پێشتریش ڕوونم کردەوە مەرگی خۆش ویستوە. لە شیعری (گەرلەحە ق بێم ونەیەم )دا بەرزان زۆر بەوردی بەهەمان شێوەی شیعری (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن )مەرگدۆستیەکی زۆری داڕشتووە و یەکەمین دێڕ بەمشێوەیە دەستپێدەکات (زانیم ناهێڵیت ئەمشەویش بمرم) لێرەوە بەرزانی مەرگدۆست ئەوە دەخاتەڕوو کە پیلانی هەڵبژاردنی مەرگی پوچبۆتەوە تا دەگاتە ئەوەی بنوسێت:

ئەمە یەکەمین تاوانی تۆ بوو
یەکەم تۆڵە بوو لە بەختەوەری منت کردەوە

دەبینین شاعیر بە هەڵبژاردنی مەرگ بەختەوەرە و پوچکردنەوەی ئەو پیلانەش نەمانی بەختەوەریە لای ئەو، ئەو

پێیوایە بەهەڵبژردنی مەرگ مانایەك بەبێ مانایی ژیان دەبەخشێ و هەموو مرۆڤە خەوتووەكانی كۆمەڵگە بەئاگا دێنێتەوە دواتر دەڵێت، نەتهێشت بەمردن تەحەدای ژیان بكەم.
لەم بارەیەوە مالرۆ دەڵێت: مرۆڤ تاكە گیانداریێكە كە بە مەرگی خۆی دەزانێت، لای بەرزانیش ئەم حەقیقەتە بناغەیە و بۆتە تاكە رێگە و فریادڕەس لە دەست ناهەمواری و ناعەدالەتی و پوچی بێمانایی ژیان.
بیركردنەوەی بەرزان لەمەرگ بیركردنەوەی ئەو تاراوگە نشینانەیە كەژیان هەم لە ولآت و هەم لەتاراوگەش غەدری لێكردوون و مانایەك بۆ ژیان نەماوە. لەكۆی ئەم شیعرەدا شاعیر دەیەوێ بەهەڵبژاردنی مەرگ تەحەدای كۆی ژیان بكات و ژیان بگۆڕێ، چونكە بەبوون ومانەوەی لە نێو ژیاندا ناتوانێ و نەیتوانیووە ژیان بكات و نەیتوانیووە هەموو رێگاكان ئاوەژوو بكاتەوە تا نەچنەوە بانە و حەرامەكان حەڵاڵ بكات و درۆكان راست بكاتەوە و درۆزن ببێتە راستگۆ و غەدرەكان نەمێنێ، یان ڕاستر بڵێین ریفۆرم لەكۆی سیستمی ژیانی سیاسی وكۆمەلآیەتی و رۆشنبیری ئێمەدا بكات. هەروەها هیچ شتێك نەمێنێ بەناوی پیرۆزی وپیرۆزگەراكان وشیاربكاتەوە.
بەرزان لەم شیعرەدا دەیەوێت لەكۆی سیستمی كۆمەلآیەتی ئێمە رابمێنێت و رێگەیەك بۆ قوتاربوون لەوتەنگەژانە بدۆزێتەوە كەبۆژیان دروستبووە، كاتێك هەموو دەوا و چارەكان دەگەنە بنبەست، شاعیر تەنها مەرگ شك دەبات وەكو دواهاورێ



وهاودەم كە هەڵیدەبژێرێت بۆیەبەر لەهەڵبژاردنی دەیەوێ بەئەسپایی لەمەرگ رامێنێت. ئەم شیعرە ئەوەندەی رامانە لەبەردەم مەرگدا ئەوەندە هەوڵ نیە بۆئەزموونكردنی، چونكە شاعیر لەچەند دەقێكی پێشترداو بەشێوەیەكی فیزیكی مەرگی ئەزموون كردووە، هەر لەم بارەیەوە لێكۆڵەرێكی روسی دەنوسێت: مەرگ و شیعر هەمیشە جۆرە مەیلێكیان بەلای یەكدا هەبووە و شاعیری ئەمریكی (ئۆدین) شاعیرانی بەكەسانێك زانییوە كە یان لە لاویدا دەمرن، یان سالآنێكی لە گۆشەگیری و تەنیایدا ژیان دەبەنە سەر ئەم پێناسەیە بەتایبەتی بەسەر شاعیران و نووسەرانی سەردەمی رۆمانتیزمدا دەچەسپێ زۆربەیان و هەندێك لە هەڵكەوتووەكانیان لەلاویدا مردن هەندێكی تریان لەوانە (وۆردزۆرت، كولیریج) سالآنێكی زۆر ژیان بەبێ ئەوەی چیدی بتوانن بەرهەمی لەچەشنی بەرهەمەكانی تافی لاوی خۆیان بخولقێنن.
هاوكات دەمەوێ وتەیەكی مۆریسی میتەر لینگ بهێنمەوە كەتائاستێكی زۆر خزمەت بەم نوسینە دەكات كەدەڵێت: هەڵەكانی ئێمە سەبارەت بە مەرگ لەوێوە سەرچاوە دەگرێت كەپێمانوایە ئەو ئێش وئازارەی ئێمە بەرلەمردن ئەیچێژین پەیوەندی بە مەرگەوە هەیە لەكاتێكدا وانیەو پەیوەندی بەمەرگەوە نیە، بەڵكو ژیان هۆكاری ئەوئێش وئازارەیە ومەرگ كۆتای ئازارەكانە.

لای بەرزانیش هەمان تێز خراوەتەروو ئەم شیعرەش ئیشکردنە لەسەر ئەم تێزە، بەڵام کاتێك نوسەر بەبنبەست دەگات ناچارە مەرگ ئەزموون بکات، بەڵام نایکات، چونکە پرۆژەکە تەواونەبووە. پێموایە ئەم شیعرە تەواونەبووەوبەردەوامی هەیە ،بەرزان زیرەکانە لەکۆتایدا چەند خاڵێکی داناوە وەکو دەلاقەیەکی کراوە بۆخوێنەر تا ئەویش هاوبەشی ئەو ژیانە ئاڵۆزەی نێوتێکستەکە ببێت.

لێرەدادەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم هەمووەقێك بەبێ بواردان بە خوێنەر دەقێکی زیندوونییە و ئەو دەقانەی بوار بیرکردنەوەی خوێنەردەدەن دەق گەلێکن کە خاوەنی نەمرین، پێموایە ئەم حاڵەتەش لای زۆرێك لە رۆمانووسان ونوسەرانی دنیا پەیڕەو دەکرێت ولەنێوئەدەبی کوردیشدا زۆرێك لەئەدیبە وشیارەکان ئەم حاڵەتە رەنگدانەوەی هەیە.

لێرەدا دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ وردبوونەوە لە پێناسی شیعر، لەم دەقەدا دەبینین شیعر منداڵی ئەو زەمەنە تاریکەیە کە مەرگدۆستی دەوری داوە یان وەکو عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا لە کتێبی "خەیاڵی زمان"دا دەنوسێت: شیعر کەشفکردنی پەیوەندیە تازەکانی وشە و شتەکانە، شتەکان و مرۆڤ و شتەکان و بوون، شیعر پەیوەندی نێوان واقیع و مرۆڤ و نوێکردنەوەی زمانە لە دوو توێی جیاوازیەکاندا. بەپێی ئەم پێناسەیە شیعر بەرکەوتنی راستەوخۆی نێوان و مرۆڤ و دەوروبەرە، یان راستتر بڵێین شیعر بەشێکە لەو هەستەی لەنێو



پێکهاتەی سایکۆلۆژی هەموو مرۆڤێکدا هەیە و رۆژگار و بەریەککەوتنەکان زەمینە بۆ گەشەسەندن و کپبوونەوەی خۆش دەکەن، واتە هەموو ئینسانێك بەجۆرێك لە جۆرەکان شیعری لە بوونیدا هەڵگرتووە و لای شاعیرەکان شیعر زمانی بێ پەردەیی دواندنەکانیانە و ئەگەر بتەوێت گفتوگۆ لەتەك شاعیرێکدا بکەیت دەبێت شیعرەکانی بخوێنیتەوە.

عەبدولموتەلیب لە هەمان کتێبدا دەنوسێ: شیعر لەو وزەیەدا خۆی دەدۆزێتەوە کە بەردەوام دەچێتە ناو شتەکان و دواجار دەیانبڕێ و لێیان گوزەر دەکات و پرشنگی نوێ دەخاتەوە. لەم بۆچوونەدا تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ نوسەری کتێبی "خەیاڵی زمان"دا هاوڕام و پێموایە ئەگەر شیعر دەربڕین و پەیامی نوێی تێدا نەبێت بەرلەوەی بگاتە خوێنەر شیعرێکی مردووە و نموونەی ئەم جۆرە دەقەش لەنێو ئەدەبی کوردیدا بێ ئەژمارە، هەروەها کەنین ئەو شاعیرانەی بەدەقە زیندووەکانیان توانیویانە چەندین سەدە زیندوویێتی خۆیان بپارێزن .

ئەم دەقەی بەرزان هەستیاریش یەکێکە لەودەقانەی دەقێکی زیندووەو دەیەوێ پەیامێکی نوێ بەخوێنەربگەیەنێت ،پەیامێك کەژیانێك بخولقێنێ غەدر و درۆی تێدا نەبێت و مرۆڤەکان بەئازادی بتوانن پیاسەیەك بکەن هەروەها ئەوەی گرنگی زیاتردەدات بەم دەقەو بایەخی هێندەی تر زیاتر دەکات بەردەوامی ژیانە لەم دەقەداو ونبوویەك هەیە کە شاعیر زیرەکانە بۆ خوێنەری بەجێدێڵێت ،هەروەك چۆن (ئیسماعیل

حەمەئەمین)یش لەقەسیدەی ( پاڵەوانێك لەرەنگ ) دا هەمان گەمە دووبارەدەكاتەوەو دەیەوێت خوێنەربەشداری پێبكات لەدیاریكردنی چارەنوسی ئەو رووداوە پاڵەوانەی ئەو بیرۆكەی لەسەر بنیاتنراوە، بەرزانیش لەم شیعرەدا دەیەوێت خوێنەر ئامادەی زیاتری هەبێت وبەشداری لەوچارەنوسەی شاعیردابكات ،ئەمەش پێموایە یەكێكە لەو خاڵانەی دەیەوێت لەنێو دنیای جەنجاڵی تەكنەلۆژیادا ئەدەب بەگشتی وشیعر بەتایبەتی گرنگی خۆی لەدەست نەدات وخوێنەر بەبوونەوەرێكی زیندووی بزانێت .

دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم ئەم دەقەی بەرزان دەقێكە دەكرێت زۆر خوێندنەوەی وردو چڕتری بۆبكرێت ،چونكە شیعر لای بەرزان فەزایەكی بێ سنور دەنەخشێنێ وبەردەوام دەیەوێ قۆناغەكانی ئێستا  بڕێت وبەرەو ئایندە هەنگاوێكی تربنێت ،لەئەزموونی ئەم سێ ساڵەی دوای بەرزانیشدا ئەم خاڵە بە ڕوونی بەرچاو دەكەوێت وئەو دەیەوێت ئایندە بۆ خۆی بەرێ وببێتە شاعیری نەوەی ئایندە. ئەوەیش رەنگدانەوەی بەرچاوی لەنێو ئەزموونی شیعری ئەم سێ ساڵەی دوای ئەم شیعرە هەیە تەوژمی مەرگدۆستیە ،كەدەتوانێت بڵێین سەرجەمی شیعرەكانی ئەم قۆناخەی شاعیری داگیر كردووە وبۆتە هاوسەفەری ئەزموونە شیعریەكەی.



*گەرلەهەق بێم و نەیەم– بەرزان هەستیار، شیعر– ئەدەب و هونەری كوردستانی نوێ، ژمارە (٥٠٠)ی رۆژی (٢٤/٨٩/٢٠٠٨).

# مەرگ و چاوەڕوانی

## لە شیعری (خوێن بەربوونێك پێش خۆكوشتن)ی زمناكۆ بورهان قانعدا

شیعر ئەو ژانرەیە كە جێی هەموو شتێكی تێدا دەبێتەوە، دەتوانرێت لەشیعردا زۆرترین ئازارو مەینەتی وهەم زۆرترین شادی وجوانی بخرێتەڕوو، بۆیە شیعر هەم لای كورد وهەم لای گەلانی تریش زۆرترین قورسایی خراوەتەسەر (ئیبن سەلام) قسەیەكی هەیە كەدەڵێ: شیعر بەجەنگ زۆر دەبێ، ئەومیللەتانەی جەنگیان نییە شیعریان كەمە. من تاڕادەیەكی زۆر لەگەڵ ئەم قسەیەدام، چونكە ئەو گەلەی بەختیاربێت ودوورلەجەنگ بێت وشارستانییەتدا پێشكەوتووبێت، فەیلەسوف و ڕۆمانوس ورەخنەگری دەبێت وكەمتر دەپەرژێتە سەر شیعر، ئەمە بەمانای كەم كردنەوەی بایەخی شیعر نییە، بەڵام ئەمە حەقیقەتی ژیانە، چونكە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا منەوەرەكانی ئەو كاتی كورد لەرێگەی شیعرەوە هەوڵی وشیاركردنەوەی كۆمەڵگە وبەرەنگار بوونەوەی دوژمنانی كوردیان داوەو ئەم ژانرەیان وەكو ژانرێكی(حازر



بەدەست) هەڵبژاردووەو دەكرێت بڵێین تاكە كەناڵی بەهێزی گوزارشتكردن بووە لەوسەردەمەدا ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەشیعرەكانی بێكەس وئەحمەد موختار جاف و موفتی پێنجوێنی و.....هتد هەبووە، هاوكات لەوسەردەمەدا جەمیل سائیب و ئەحمەد موختارجاف هەوڵی نووسینی چیرۆكیان هەبووە و دواتر و پاش دەرچوونی رۆژنامەكانی تێگەیشتنی ڕاستی، ژین وژیان كەناڵی تر پەیدابووە كەئەمەش گرنگی شیعر دەخاتەڕوو لەمێژووی ئەدەبی ئێمەدا. هەروەها تائێستاش كاریگەرترین ودەوڵەمەنترین ژانری ئەدەبی لای ئێمەی كورد تەنها شیعرە.

ئەگەرچی لەئێستادا سوكایەتی بەشیعر دەكرێت وئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی خوێنەری شیعر كەمبێتەوە،بەڕادەیەك كەئەم پەتایە تەنها كوردستانی نەگرتۆتەوە، بەڵكو بۆتە هۆی ئەوەی بایەخی شیعر كەمبێتەوەو شیعر ئەو گرنگیەی جارانی نەمێنێت. لە ئێستادا لە فەرەنسا كە مێژوویەكی درێژ و دیاری ئەدەبیاتدا هەیە شیعر ئەو بایەخەی نەماوە و تیراژی كتێبە شیعرییەكان تا ئاستێكی ترسناك كەمبۆتەوە. (برنار مازۆ)ی شاعیری فەرەنسی لە گفتوگۆیەكدا لەبارەی كەمی خوێنەرەوە دەڵێت: تیراژی كۆمەڵە شیعرەكانی زۆر كەمبونەتەوە ناگەنە هەزاردانە خوێنەر هێندەكەمە كە دەزگاكانی چاپ لەچاپكردنی شیعر بێزار بوون و چاپی ناكەن. هەروەها لە ئێرانیشدا هەمان قەیران هەیە كتێبی شیعری گەورەترین شاعیری هاوچەرخی ئێستای ئێران تیراژی

لەهەزار دانە تێپەڕناکات و هەر لە ئێستادا لە وڵاتانی عەرەبی و لای خۆشمان حاڵی خوێنەری شیعر لە ئاستێکی زۆر وێراندایە، بێگومان لێرەوە تێدەگەین کەحاڵی خوێنەری شیعر لەچ ئاستێکدایە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەقگەلێکی جوان و ئیستاتیکی دەیبینم کەشایستەی خوێندنەوە ولەسەر وەستانن. یەکێك لەو دەقانەی من لەم ماوەیەدا خوێندمەوەو بەشایەنی لەسەر وەستانمزانی دەقی(خوێن بەربوونێك پێش خۆکوشتن)ی زمناکۆ بورهان قانع بوو. ئەم دەقەش وەکو چەند دەقێکی تری ئەم شاعیرە دیسان پرسیاری خۆکوشتن پرسیاری سەرەکی دەقە و لە ژێر سێبەری هەمان ئەو نائومێدیەدایە کە دووساڵە لەنێو سەرجەم دەقە شیعریو چیرۆکەکانیدا دەبینرێت هەر لەدەقی (خۆکوشتن لەئێوارەیەکی دیمەشقدا) تادەگاتە چیرۆکی(کۆنسێرتی خۆکوشتن). هەموو ئەمانە لەژێرکاریگەرییەکی سەختی سادقی هیدایەت ونوسەرانی هاوشێوەی ئەم نوسەرەدان، بێگومان ئەمەش بەدەلیلی ئەوەی لەپێشەکی ئەم شیعرەو چەندشیعرو چیرۆکێکی تری زمناکۆدا وتەیەك، یان پەرەگرافێك لەچیرۆکەکانی "سادقی هیدایەت" هێنراوەتەوە وپاشان دەق دەستی پێکردووە لەنێو ئەم دنیا جەنجاڵەی گلۆبالیزمدا کەم دەق هەیە رامان بوەستێنێت، بەڵام ئەم دەقەی زمناکۆ رامان دەگرێت وتوشی شۆکمان دەکات. زمناکۆ وێنەیەکی ڕاستەقینەی مرۆڤێك(کەڕنگە خۆی بێت)



دەخاتەڕووکە لەلێواری مردندایەو لەنێوان ژیان ومردندا بێجگە لەبوویەکی لاواز هیچی ترنییە زمناکۆ سەرەتا دەنوسێت:

ئەمشەو...
جەستەم داڕزاو
لاشەم کەنەفت
خوێن لە بەربینم دەچۆڕێت
هەناسەم تەنگ
چاوانم سوور
جێی نوستنم غەرقە لە خوێن.

شاعیرەکان مەحکومن بەوەی کەبەرلە گشت کەس خۆیان دەنوسنەوەو هەوڵی نوسینەوەی ژیانی خۆیان دەدەن. زمناکۆش لەم شیعرەدا هەوڵی نوسینەوەی خۆی داوەو دەیەوێت وێنەیەکی خۆی لە دۆخێکی نائارامدا بخاتەڕوو، دۆخێك کەمایەی تێڕامانە، ئەم شیعرە تاسەرئیسقان پڕە لە نائارامی ونائومێدی خوێنی لێدەچۆڕێت و چەندجارێك وشەی(خوێن) دووبارە بۆتەوە، هەروەها وشەی خۆکوشتنیش چەند جارێك دووبارەبۆتەوە. ئەمە بێجگە لەوشەکانی(گۆڕ، مەرگ، جەستەی داڕزاو...هتد) من پێموایە زمناکۆ لەو نووسەرانەیەکە حەزێکی زۆری لەهەڵبژاردنی مەرگە، بەڵام ترسنۆکەو ناوێرت ئەزموونی بکات، بۆیە لەدەقەکاندا تەوزیفی دەکات، چونکە بەڕای چەندین لێکۆڵەرەوەی جیهانی ئەو نوسەرو شاعیرانەی کەناتوانن لەواقیعدا مەرگ هەڵبژێرن لەنێو

دەقەکانیاندا ئەزموونی دەکەن، ئەزموونکردنی مەرگیش لەم دەقەدا لای زمناکۆ لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، ئەم دەقە تائاستێکی زۆر ترسناکە لەبەرئەوەی لەدەقەدا ژیان بەتەواوتی سفر دەکرێت و مەرگ یەکەم ودواهەم هاوڕێی هەمیشەییە زمناکۆ دەنوسێت:

بەڵێ ئەمشەو....
شکۆفەی خۆکوشتنێکی سوور
حاشا لە زیندەگ سپیم دەکا
هاوار دەکات و پێمدەڵێت:
تۆ.. ئەی فاشیلی لە خوێندا گەوزاو
تۆ..کە هەمیشە لە مەرگ دەدوێیت
ئێستا ترسێك هاتۆتە لات
وەکو میوان ڕێژی بگرە
هاتۆتە لات و پێت دەڵێت:
ئەمشەو شوێنت گۆڕستانە.

ئەگەر زمناکۆ وەکو نوێنەی ئەونەوە ڕەشبینەی پاش ڕاپەرین وەربگرین دەبینین ئەونەوەیە بەڕادەیەکی ترسناك ونبوون لەنێوگەمەی بەردەوام وترسناکەکانی دەسەلآتدا، بەشێوەیەك نەك لەکوردستان لەتاراوگەش ناتوانن خۆیان بدۆزنەوەشوناسێك بۆخۆیان دیاری بکەن. هەروەها ئەگەر ئێمە وردتر سەیری ئەم دەقە بکەین، ئەم دەقە لەهەلومەرجێکدا لەدایکبووە کە بێئومێدی ورەشبینی وپاشان خۆکوشتن



لەکۆمەڵگەی کوردیدا ڕێژەکەی بەرزبۆتەوە، واتە ئەم دەقە گوزارشتکەری هەلومەرجی ئێستای کۆمەڵگەیە. یەکێکی تر لەوشتانەی کەناکرێت ئاماژەی پێ نەکەین ئەوەیەکە ئەم دەقە لەژێر کاریگەرییەکی دیاری بۆچونەکانی سادقی هیدایەتدا نوسراوەو ناتوانێت لەوکاریگەریە دەربازبێت. هیدایەت ئەو نوسەرە ڕەشبینەی کەلەماڵەکەی خۆیدا لەپاریس بەلوعەی غازی ماڵەکەی بەردایەوەو بۆهەتایی نوست وپاش سێ ڕۆژ پۆلیس تەرمەکەیان لەماڵەکەی هێنایەدەرەوە.تەنهایە دەرەوە. تەنها خۆکوشتن سادق لەو ڕەشبینی و تەننیاییە رزگار کردو ئەو چارەنوسەش خۆی لە دەقەکانیدا بۆخۆی دەستنیشانی کردبوو.لەبارەی مردنەوە حەزدەکەم ئاماژە بە بۆچوونێکی دڵشاد عەبدوڵلا بکەم کەلە کتێبی (بەفرەلۆك)دا خستوویەتیەڕوو ودەڵێت: مردن پرۆسەیەکی کیمیا، فیزیاوی نییە. هێندەی پرۆسەیەکی رۆحی و وجودییە. بەتایبەتی ئەگەر باوەڕمان هێنا کە گۆڕانە لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی تر گەشتێکە بەرەو ئەو دیوی نەزانراو و نەدۆزراوی پڕا و پڕ لە ئەگەری بوونی خەفەکراوی عەدەم. هەروەها هێنری جیمس دەڵێت: مردووەکان شتێك دەزانن ئەویش ئەوەیە، کە ژیان خۆشترە لە مردن. وەڵامدانەوەی ئەوەی ئایا ژیان خۆشترە لە مردن یان نا ئەوە شتێکە ناتوانرێ وەڵامێکی دروست بدرێتەوە، ئەگەرچی هێنری جیمس پێی وایە ژیان لە مردن خۆشترە، بەڵام دەمێکەیە کە وتراوە ئەگەر ژیان خۆشتربوایە مردوویەك

دەگەڕایەوە!!! مرۆڤ دەیەوێت نەزانراوەکانی گەردوون کەشف بکات، بەڵام تا ئێستا مەرگ ئەو نەزانراوەیە کە وەڵام نادرێتەوە، بۆیە رەنگە خۆکوشتن هەوڵێك بێت بۆ کەشفکردنی ئەو نەزانراوە.

زمناکۆ لەم دەقەدا چاوەڕوانی خۆکوشتن دەکات وبەرەنگی زەردەوە وەکو موسافیرێك چاوەڕوانی شەمەندەفەری مەرگەتابەکجاری لەگەڵ خۆیبەرت. بەرزان هەستیاریش لەدەقی(ئێوارەیەك بۆخۆکوشتن) داهەمان چاوەڕوانی دەکات، بەڵام چاوەڕوانی بەرزان پاش هاتنی(ئەویتر) دێت کەهات پاش دەبێتە هاودەمی خۆکوشتن، بەڵام زمناکۆ وەکو تەنیاترین مەخلق بێ هیچ شتێك چاوەڕوانی خۆکوشتن دەکات شاعیر دەنوسێت:

خامۆش...خامۆش
چاوەرێ بە
تا ئەو کاتەی رەنگی زەردت
داوای خۆکوشتن دەکا لێت..
داوای خۆکوشتن دەکا لێت..

"ئۆجین گیلڤیك"ی شاعیری فەرەنسی دەڵێت: شیعر زمانی ڕاستەقینەی ئێستایە. یان دەڵێت: شیعر نابێت لە خزمەتی هیچ شتێك بێت تەنها لە خزمەت خودی خۆی نەبێت. شیعر ببێتە شتێکی دانسقە و ناوازە و خزمەتی مرۆڤ و توانای مرۆڤ لە چوارچێوەی کۆمەڵگادا بکات.ئەم شیعرەی زمناکۆش بەرلە



هەرشت وکەسێك لەخزمەتی خۆیدابووە وشاعیرش گرنگی تەواوەتی بە مەوزوعیەت داوە. لەدواجاردا دەمەوێ ئەوە بخەمە ڕوو کەئەم دەقە تاڕادەیەکی زۆر ترسناکە، ترسناك بەومانایەی خوێنەر بۆنی خوێن ومەرگ ونائومێدیەکی قوڵدەکات کە شاعیر هەوڵی گواستنەوەیەکی واقیعیانەی دۆخی مرۆڤێکی نائومێدی داوە، بەبێ رتوش و وێنایەکی شاراوە، کە محەمەد عومەر عوسمان لە شیعری ڤانکوخدا هەمان بابەت دەخاتەڕوو، بەڵام بە وێنایەکی شاراوە و رتوشێکی زۆرەوە، بۆیە پێموایە نەبوونی رتوش و وێنای شاراوە گرفتی سەرەکی ئەو زمانی نووسینەی زمناکۆیە.

# جوانترین خۆکوشتن

## له شیعری ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن-ی بەرزان هەستیار

مرۆڤ لەسەرەتای بوونیەوە هەمیشە دژی ئەو شتانە بووە کە کۆتایی بە بوونی دەهێنن و هەمیشە ویستویەتی نەمری بۆ خۆی دەستەبەر بکات (مەبەستم لە نەمری راڤە کردنیەتی بە چەندین واتای جیا جیا کە ئێرە شوێنی باسکردنی نییە)، بەڵام مرۆڤ لەگەڵ ئەوەی لە زۆرێك لەم هەوڵانەدا شکستخواردوو بووە، بەڵام ئەگەرچی تا رادەیەکی کەمیش بێت توانیویەتی پەی بە پەنهانەکانی بوون و گەردوون بەرێت و لەڕێی کەشفکردنی بووەکانیتری گەردوونەوە بوونی خۆی کەشف بکات، ئەم هەوڵە بەردەوامانەی مرۆڤ بە ژیاندۆستییەوە ببەستینەوە دەبینین لە بەرامبەر ئەمانەشدا زۆرێك لە مرۆڤەکان لە بوونی خۆیان ناڕازین و ئەم ناڕازیبوونەش سەرەتای بیرکردنەوەی عەدەمیانە و گەشەکردنی غەریزەی مەرگدۆستیە لە ئینساندا. بێگومان هەموو دەزانین مرۆڤ کائینێکی ئاڵۆز و هەستیارە لەمەوە هەمیشە ئەو هەستەی هەیە کە دەبوایە



شتەکانی دەوروبەری لە ئاستی باڵاتردا بوونایە و زیاتر لە خزمەتی ئەمدا بوایە، ئەم ناقایلبوونەی مرۆڤ بە بوون سەرەتای ئەو هاوکێشەیە کە "خۆکوشتن" دروستی دەکات و مرۆڤ بەر لەوەی سروشت مەرگی پێ رەوا ببینێت خۆی مەرگ بە خودی خۆی ڕەوا دەبینێت و ژیانی فانی بەجێدەهێڵێت و بەرەو نادیار دەکەوێتەرێ

دەکرێت لەم سەرەتایەوە قسە لەسەر شیعری (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن)ی بەرزان هەستیاری شاعیر بکەین، ئەگەر سەرەتا قسەیەك لەسەر ئەزموونی شیعری شاعیر بکەین دەبینین شاعیر لە هەشتاکانەوە دەنوسێ و وەکو دەنگێکی نوێی نەوەدەکان خۆی بە خوێنەران ناساند و ئەوەندەی من ئاگاداربم شاعیر لە دیوانی (نەوەیەك پیرە منداڵ)ی وەکو ئەزموونی قۆناغێکی بڵاوکردەوە، بەڵام پاشان لە ساڵی (٢٠٠٥)دا دیوانی ( بەتەنیشت فەنابوونەوە)ی چاپکرد کە ئەم ئەزموونەی بەرزان ئەزموونێکی نوێ و سەرکەوتوتری ئەم شاعیرە بوو. شاعیر لەم دیوانە نوێیەیدا جیهانبینی شیعری فراوانترە و بە روئیایی نوێ و وێنەی جیاواز و تازەوە خوێنەر دەخاتە بەردەم ئیستاتیکای شیعری. بەهەر حاڵ لێرەدا ناچمە تەفاسیلی ئەو دیوانەی بەرزانەوە ئەوە هەڵدەگرم بۆ شوێنێکیتر، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا لێی بدوێم شیعری (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن)ە. ئەم شیعرە ئەزموونێکی نوێی بەرزانە و پاش دیوانی ( بەتەنیشت فەنابوونەوە) نوسراوە. ئەگەر سەرەتا لە ناونیشانی شیعرەکە

بکۆڵینەوە دەبینێن چەمکی ناونیشان بەتەواوی گوزارشت لە نێو دەق دەکات و باڵادەستی تەواوی هەیە بەسەر دەقدا و هەردوو وشەی (ئێوارە) و (خۆکوشتن) بەکار هاتووە. ئێوارە رەمزە بۆ چەندین مانای جیاواز کە من مەبەستمە لە چەند مانایەکدا کە خزمەت بەم نووسینە دەکات باس بکەم. ئێوارە لە یەکێك لە ماناکاندا رەمزە بۆ بەیەکگەیشتن وژوانی نێوان دوو عاشق و گۆڕینەوەی رازەکانی یەکتری. هەروەها ئێوارە لە مانایەکیتریدا دەکرێت وەکو ئاوابوون و کۆتایی لێکبیدەینەوە وەکو ئەوەی کە رۆژ بەرەو ئاوابوون دەڕوات, بەڵام چەمکی (خۆکوشتن)یش بە هەمان چەشنی چەمکی (ئێوارە) دەکرێت چەندین راڤەی جۆراوجۆری بۆ بکرێت. ئێمە دەزانین خۆکوشتن دەیان بگرە سەدان هۆکاری جۆراوجۆری هەیە, بەڵام هۆکاری سەرەکی و دیاری کە زۆرترین کاریگەری هەیە بێئومێدی مرۆڤە بەرامبەر ژیان پێشهاتە جۆراوجۆرەکانی. لەم شیعرەشدا هەمان هۆکاری نائومێدی بۆتە هۆی ئەوەی بڕیار لەسەر خۆکوشتن بدرێ, نائومێدی لەوەی لە چاوەڕوانیدا هیچ رێگەچارەیەکیتر بەدی ناکرێت بۆیە بڕیاری لەسەر هەڵبژاردنی مەرگ داوە سەرەتا شاعیر دەنوسێت"

هیچ ئەسەرێکت نییە
فریای بینینی ئەم خۆکوشتنە جوانەم ناکەویت
پێ راناگەیت ئەو خوێنە ببینیت,
ئەو خوێنەی لە ئارام گرتندا پیس بووە



وەکو دەبینین شاعیر باسی ئەو خۆکوشتنە دەکات کە خۆی دەکوژێ وە ئەو خۆکوشتنەش جوانە ئاخر جوانی خۆکوشتن لەکوێدایە؟! کەی خۆکوشتن جوان بووە؟ کە ئێمە دەزانین هەرگیز خۆکوشتن جوان نییە, بەڵام ئەمانە پرسیارن و شاعیر رووبەڕووی خوێنەری دەکاتەوە. شاعیر ئەو خۆکوشتنەی پێ جوانە, چونکە بڕیاری خۆ یەکلاییکردنەوەیە لە دژی چاوەڕوانی و چەکی دەستی دژی نەهاتی کەسی بەرامبەر (هەڵبژاردنی مەرگ)ە ئەو مەرگەی هەر ساتێك بێت بێپەروایانە دەبێتە میوانی هەمیشەی مرۆڤ. مەرگی خۆویست بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤە دژی یاساکانی سروشت و تێکدانی ئەو یاسایانە. لێرەوە دەکرێت قسە لەسەر سروشتی مرۆڤ بکەین مرۆڤ ئەو بونەوەرە سەرکێشەیە کە دەیەوێت زۆرترین نهێنی ئەم گەردوونە کەشف بکات مەرگیش یەکێکە لەو نهێنیانەی مرۆڤ هەمیشە ویستوویەتی بەر لە هاتنی ئەزمونی بکات و رادەی چێژ و پەنهانەکانی تاقی بکاتەوە, ئەمە پەیامی فەلسەفی خۆکوشتنە, نەك ئەو هۆکارە سادانەی لەملا و لا باس دەکرێن من ئەو هۆکارانە رەت ناکەمەوە, بەڵام ئەو هۆکارانە هەڵگری راستیەکی رێژەیین, بەڵام دەکرێت هۆکاری سەرەکی خۆکوشتن ئەو خولیا لاشعورییەی مرۆڤ بێت بۆ ئەزمونکردنی پرۆسەی مەرگ.

دواتر شاعیر باس لەوە دەکات کە خوێنی جەستەی لە ئارام گرتندا پیس بووە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە شاعیر ناتوانێ

چیدی لە چاوەڕوانی کەسی بەرامبەردا ئارامبگرێ و ئەو ئارامگرتنە خوێنی جەستەی پیس کردووە. ئەمە ئاماژەکردنێکی جوانی شاعیرە بۆ وەسفکردنی چەمکی (چاوەڕوانی) دەیکات. شاعیردواتر دەنوسێت"

ئێوارەیەك لەنێو حەوشەی ماڵەکەمدا
رێك بەرامبەر خۆرئاوابوون.
خوێنێك ئەڕێژم لە رەنگی یاقووت

لێرەشدا دیسان شاعیر باسی (ئێوارە و خۆرئاوابوون) دەکاتەوە و جەخت دەکات کە لەو ئێوارەیەدا خوێنی خۆی دەڕێژێ و مەرگ هەڵدەبژێرێت ئێوارە وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا دەکرێت وەکو لێکدراوێك بۆ دوو مانا راڤەی بکەین مانایەك بۆ ژوان و مانایەك بۆ ئاوابوونی خۆر وەکو خۆی لەدواتردا باسی خۆرئاوابوون دەکات کە دەیەوێ لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا ئەویش ژیانی خۆی ئاوابکات.

بەرزان لەم شیعرەدا تا دوایلەی بڕوا ئاوێتەی مەرگدۆستیە مەرگدۆستیەك کە شاعیر ئاواتەخوازە خۆی خوێنی خۆی بڕێژێ و ئەوەش دەدرکێنێ کە ئەم ساتی هەڵبژاردنی مەرگ دووبارە نابێتەوە هەتا دەڵێت"

ئەمە ئەو خۆکوشتنەیە....
وەکو قیامەت یەك جار روو ئەدات
ئەو خوێن بەربوونەیە
هیچ دەمارێك بەخۆیەوە نەبینیوە,



لەم خۆرنشینەدا
لەگەڵ هاتنی تۆدا
لێزمەی خۆکوشتن داوەت ئەکەمە ماڵەکەم
لەگەڵ دیارنەبوونی تۆدا
لەرزینی گوللەیەك گەرم ئەکەمەوە و
ئەویش داخبوونی من ئەکات بە سەهۆڵ

فرۆید لە کتێبی (تەوتەم و تابۆ)دا لەمەڕ مەرگ دەڵێت" "لەوانەیە مەرگ گەورەترین نەگبەتی بێت کە ڕوو لە کەسێك دەکات, کەواتە دەتوانین بگەینە ئەو دەرەنجامە کە ئەوە مافی مردووەکانە تاکو بۆیان دەکرێت لەچارەنووسی خۆیان ناڕازی و توڕەبن".ئەمەش دیسان ئەوە روون دەکاتەوە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی رقی لە مەرگە مادام رقی لە مەرگە حەقی خۆیەتی بەرگری لێبکات و رقی لێبێتەوە, بەڵام لای بەرزان راستە رق لێبوونەوە لە مەرگ هەست پێدەکرێت, بەڵام بانگەشەیەکی مەرگدۆستیش سەتاپای شیعرەکەی گرتۆتەوە, ئێمە لەسەرەتادا لەسەر ئەم خاڵە وەستاوین و خۆسشی دەڵێت"

دەمێکە شەونمی ئەم خۆکوشتنە..
تکاوەتە سەر گەڵاکانی هەناوم

مرۆڤ رقی لە مەرگە چونکە کۆتایی بۆ پرۆژە و پیلانەکانی داهاتووی دادەنێ, مردن دێت و سنورێك بۆ ئارەزووەکانی مرۆڤ دادەنێت, مەرگ هێڵێکی سورە لەبەردەم ئینساندا, بۆیە ئینسان رقی لێیەتی و ئەوەندەی بۆی بکرێت لەدەستی رادەکات و خۆی

شێوەی مەرگ و شوێنی مەرگی خۆی هەڵدەبژێرێت.شاعیر دەنوسێت"

دیار نەبوویت, من ئیتر ناتوانم
لەزەتی خۆکوشتن دوابخەم
ئیدی من نامەوێ
خۆم لە میوەی بەهەشتی...
ئەم مردنە بێبەش بکەم

دەبێ لێرەدا قسە لەسەر ئەوە بکەین کەچی وا لە مرۆڤ دەکات لەزەت لە خۆکوژی وەربگرێت بێگومان وەکو لە چەند شوێنێکی تریشدا ئاماژەم پێداوە یەکێك لە هۆکارەکانی خۆکوشتن بێهیوابوونە لە شتێك. ئەو شتەی شاعیر لێرەدا لێی بێهیوایە ژوانی یارەکەیەتی. ژوانێك کە زۆر بۆی تامەزرۆیە, بەڵام لەگەڵ هاتنی (ئەویتردا) شاعیر بڕیاری خۆ یەکلایکردنەوە دەدات کە ئەویش خۆکوژیە و دەیەوێ لەزەت لە میوەی مەرگ ببینێت لەکۆتایی ئەم دەقەدا بەرزان دەنوسێت"

ناتوانم چاوەڕێت بکەم,
ئای کەسەکەم چەند بەتام بوو
ئەم ئێوارەیەم ئاڵتر کەیت
تاکو جوانتر خۆم بکوژم

لەم چەند دێڕەدا هەست دەکەین شاعیر لەوپەڕی بێئومێدیدایە و بەهاتنی (ئەویتریش) خۆکوژی هەڕوودەدات, چونکە کات نەماوە بۆ ژیان و پێکەوەبوون, کات نەماوە بۆ عەشق و



لێکئالآن. بۆیە دەیەوێ جوانتر خۆی بکوژێت. ئەوەی دەمەوێ لەدواجاردا قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ریشەی ئەم مەرگدۆستییە لای بەرزان رەنگدتنەوەی لە چەندین دەقی تریشدا هەبووە بە تایبەتیش دەقی (مردن لێرە وایەقوربان, مەرگی جیهانی یەکەم)دا, بەڵام دەبێ نکوڵی لەوەش نەکەین شیعر ئەو پاڵنەرەیە کە تەواوی هەست و ئارەزووە خەفەکراوەکانی مرۆڤ دەنوێنێ. شیعر ئازادییە, نەك بەو مانایەی دەلالەت لە قولآیی ناخ دەکات کە وەك رووکار بەرجەستە بێت کەوا لە کەبتکراوەکان دەکات بەئازادی تەعبیر لە خۆیان بکەنەوە.لەم شیعرەشدا بەرزان زۆر ئازادانە و گوزارشتی لەو چرکانە کردووە کە چاوەڕوانی (بەرامبەر) دەکات. ئەمە دەمانگەیەنەتە ئەوەی بەرزان لە ریزی شاعیرە راستگۆکاندا ناوزەد بکەین. راستگۆیی بەو مانایەی کە رتوشی ئیحساسەکانی ناخی خۆی ناکات, ئەو ئیحساسانەی زۆرێك لە تاکی کورد پێی شەرمە باسی بکات.

**خۆکوشتنی بەرزان هەستیار**

**لە شیعری ( کە بەرزان هەستیار-یش دەمرێت )**

**ئارام سدیق**

## سەرەتا

سۆمەرست مۆم قسەیەکی هەیە دەڵێت: تەنیا هونەرمەندان مرۆڤی ئازادن. ئەم قسەیەی "مۆم" بۆ نوسەران وشاعیرانیش دروستە، چونکە تەنیا ئەوان دەتوانن بەو شێوەیەی کەدەیانەوێت گوزارشت لەودنیایە بکەن کەدەیانەوێت وئازادانە بیربکەنەوە وبنووسن. پێموایە نووسین یەکەمین هەوڵی مرۆڤە بۆ قوتاربوون لەدەست کۆیلەیی ویەکەمین شوێنێکیشە کە ئازادی ڕەهای تێدابێت نووسینە. ئەگەر کردەی نوسین نەبوایە ئێمە نەماندەتوانی ئەو هەموو نهێنیەی ژیانی(ژان ژاك رۆسۆ) بزانین، یان نەدەگەیشت بەئێمە، یان ڕاستر بڵێین ئەگەر نوسین نەبوایە ئەو هەموو ئازادییەی رۆسۆلە یاداشتەکانیدا بۆئێمەی تۆمار کردووە، کە بەشێکی زۆری ئێمە دەتوانین سودی لێوەربگرین نەدەگەیشتە ئێمە. ئەوەی مەبەستی سەرەکی ئەم نوسینەیە قسەکردن نیە لەسەر(نوسین وئازادی)، بەڵکو قسەکردنە لەسەر شیعرێکی بەرزان هەستیار بەناوی (کەبەرزان هەستیار-یش دەمرێت) کەئەو بابەتەی لەسەرەوە ئاماژەمانپێدا لەو شیعرەدا ڕەنگی داوەتەوە. من پێشتر لەسەر چەند شیعرێکی تری ئەم شاعیرە قسەم کردووە وئەم شیعرە



درێژەپێدانی ئەو ئەزموونە شیعریەیە کەپاش دیوانی(بەتەنیش فەنابوونەوە) بڵاوی کردنەتەوەو دەتوانین بڵێین هەمان نەفەس وئەجوائی کارکردنە لەتەك مەرگدۆستی وهەڵبژاردنی مەرگ ونەفرەتکرن لەژیان. ئەوەی بەرزان هەستیار لەشاعیرانی هاوسەردەمی جیادەکاتەوە ئەو ڕەشبینیە قوڵەیە کەزمانێکی تایبەت وجودا لەهاوسەردەمەکانی گوزارشت پێدەکات. زمانێك کەجودایە لەزمانی(هیوا قادر ودلاوەر قەرەداغی) وئەو زیاتر زمانێکی شوشەیی، یان شەفافیان هەیە، بەڵام لای بەرزان هەمان زمان، بەڵام لەناو تەمومژی عەدەمیەت ونائارامی، لای هیواو دلاوەر ژیان دۆستیەکی قوڵ و لای بەرزان تادوانەفەس مەرگدۆستی. لەگەڵ زمانەشدا هەست بەو تارماییەی دنیای گلۆبالیزم ورەنگدانەوەی زمانی نێو دنیای هاوچەرخ دەکەین.

## قسەکردن پاش مەرگ

ناوەڕۆکی ئەم شیعرە(کە بەرزان هەستیاریش دەمرێت) وەك لەناونیشانەکەیەوە دەیبینین باس لە مردنی مرۆڤێك دەکات.
سەرەتا بەرزان دەنوسێت:

**نامەکان ئەگەڕێنەوە بۆ خاوەنەکانیان،**

**سندووقی پۆستەکەم ژەنگ دەیخوات،**

**کەس وەڵامی "ئیمێل"ێکی لە منەوە پێناگات**

**لێرە نیم.**

لەمەوە تێدەگەین ئەوەی لەم شیعرەدا دەخرێتەروو ژیانی پاش مردنە، یان راستر بڵێین پاش مردنی بەرزان نامەکان ئەگەڕێنەوە بۆخاوەنەکانیان وئەو لێرە نییە. دەکرێت لێرەوە قسە لەوەزیفەی شیعر بکەین لای بەرزان، کەمن کۆی قۆناغی شیعری ئەم پیاوە بۆسێ قۆناغی دابەش دەکەم قۆناغی یەکەم کەدیوانی(نەوەیەك پیرەمنداڵ)ی تێدا نوسرا لەو قۆناغەدا بەرزان زیاتر هەوڵی موخاتەبەکردنی بەرامبەردەدات وکەمتر دەیەوێت گوزارشت لەخۆی بکات ولە حاڵەتانەش گوزارشت لەخۆی دەکات بەشێوەیەکی سەرپێیانەیە. قۆناغی دووەم دەکرێت لەدیوانی(بەتەنیش فەنابوونەوە) بیبنینەوە لەم قۆناغەدا بەرزان گوزارشتەکەرێکی بەتواناترە لە(ئەو) وەك بوویەکی شیعری هەروەها گوزارشتکەرێکی چالاکیشە لە خۆی.
جیاوازی نێوان ئەم دووقۆناغە دەکرێت تەنها لەوەدا ببینەوە کە لەقۆناغی یەکەمدا هەست بەکاڵ وکرچی گوزارشتەکانی بەرزان دەکرێت هەم لە(ئەو)ی شیعری وهەم لە خودی خۆیشی، بەڵام لەقۆناغی دووەم دا کامڵی پێوەدیارە. هەروەها گوزارشت کردن لە(خود) لە قۆناغی دووەمدا رەنگدانەوەی زیاتری هەیە، واتە لە قۆناغی یەکەمدا وێنەکان کاڵن و لە قۆناغی دووەمدا وێنەکان تۆخ دەبنەوە.
قۆناغی سێیەمی ئەزموونی شیعری بەرزان هەستیار لە دوای دیوانی دووەمەوە دەستپێدەکات واتە لە شیعرەکانی (ئێوارەیەك بۆ خۆکوشتن، چەند ساتێکی نیگەرانی دەنوسمەوە،



مردن لێرەوایە قوربان..هتد) لەم شیعرانەدا کە لە دایکبووی دوای ئەو دوو دیوانەی سەرەوەن و ئێمە وەکو قۆناغی سێیەمی شیعری ئەم شاعیرە ناوی دەبەین و هەست بە کامڵبوونی ئەزموونی شیعری ئەم شاعیرە دەکەین و تا دەگاتە ئەوەی نزیك ببێتەوە لە زمانێکی شیعری سەربەخۆ، هەروەها (خود) لە شیعرەکانیدا تۆخ دەبێتەوە و (ئەو)ی شیعری کاڵ دەبێتەوە. واتە دەمەوێ بڵێم لە قۆناغی سێیەمدا بەرزان بە ناخی خۆیدا رۆدەچێتە خوارەوە، یان دروستر بڵێم فەلسەفەی عەدەمیەت باڵ بەسەر کۆی قۆناغی شیعری ئەم شاعیرەدا دەکێشێت و بەتایبەت لە شیعری (چەند ساتێکی نیگەرانی دەنوسمەوە) لەگەڵ ئەم شیعرەی کە ئێمە لێرەدا لێی دەدوێین. دیاریکردنی ئەم قۆناغانننەلای ئەم شاعیرە بۆ زیاتر روونکردنەوەی کۆی مەبەستی ئەم نوسینەیە. لای بەرزان شیعر لەگەڵ هەر قۆناغێکدا تەفسیری نوێ وەردەگرێت هەر ئەمەشە بۆتەهۆی ئەوەی پێناسەی شیعر لای ئەم پیاوە بەردەوام لەگۆڕاندابێت. شیعر بۆ بەرزان رەنگە نووسینەوەی ئەو چرکە پەنهانانەی ژیان بێت کە لەساتی فەرامۆشکردندان. واتە شیعر نوسین لای بەرزان پەلەقاژەی نوسینەوەی ساتە زێڕینەکانی تەمەنە. مەبەستم لەم قسەیە ئەوەیە ئەوەی ژیانی خۆش نەوێت ناتوانێ ئەوەندە باسی مەرگ بکات، یان زۆر رقی لە ژیانە، بۆیە باسی دژەکەی دەکات کە هەڵبژاردنی مەرگە.؟ بەختیار عەلی دەڵێت: شیعر کردەیەکی وێرانکاری نییە وەك هەندێك تێی دەگەن، شیعر

تێکشکاندنی خودی سروشتی مرۆڤ نییە بۆ ئەوەی خودێکی شیعری دەستکردی لێدروست بکەین، من باوەڕم بەوە نییە کە فاسیلەیەکی گەورە بکەوێتە نێوان خودی شیعر و خودی راستەقینەی شاعیر. شیعر تێکشکاندنی خود نییە تا لەسەر دارو پەردووە وێرانەکەی شتێکی بسازێنین، بەپێچەوانەوە شیعر گەورەکردنی خودی راستەقینەیە و بەخشینی تایبەتمەندیەکە کە خود پێش شیعر نییەتی.

پێموایە کارکردنی بەرزان لەقۆناغی سێ یەمی ئەزموونی شیعریدا بۆگەورەکردنی خودنیە، بەڵکو پیشاندانی خودی راستەقینەیە، کەئەو ویستویەتی خودێکی راستەقینەی شیعری وێنە بکات. ئەگەر سەرنج لەم نموونەیە بدەین کە بەرزان دەنوسێت:

**من بە خواستی خۆم لام دایە...**
**ئەم باڵەخانە داڕووخاوەی "مردن"**
**پێم چاك نەبوو ئیزرائیل غافڵگیرم کات،**
**زیستم بەخۆم هەواڵی ئەوێندەر بزانم و**
**پرسیارەکان لە "ئینکیر و مونکیر" بدزم**

لێرەدا ئەوە روون دەبێتەوەکە شاعیر دەیەوێت گەمەیەکی ئەفسانەیانە بکات وئەوە دەخاتەروو بەخواستی خۆی مەرگی هەڵبژاردووە وئەمەش لەپێناو کەشفکردنی نهێنیەکانی پاش ژیاندا بووە وەك خۆی ئاماژەی بە دزینی پرسیارەکانی ئینکیرو مینکیر داوە.



## لەمیوانداری مەرگدا

بەرزان دەیەوێت ئەو سنورە نەبەزێنراوە ببەزێنێت کە مرۆڤەکانی تر توانای بەزاندنیان نییە و ئەو دەیەوێت بەرێگایەکدا بڕوات کە ئەوانی ترپێیدا گوزەریان نەکردبێت.

شاعیر دەنوسێت:

**خۆشە ئینسان، بۆ جارێکیش بێت...**
**سەروەری بنێتە ژێربالّی خۆیو**
**بە کەیفی خۆی ئەو مەرزانە ببەزێنێت**
**کە ئەوانی دی ناوێرن خۆیانی لە قەرە بدەن**

ئەم چەند دێڕە تەواو گەواهی ئەو رستەیەی سەرەوە دەدات، بەڵام ئەم شیعرە نزیکیەکی تارادەیەك رۆحی لەگەڵ چیرۆکی نەمری "عەتا محەمەد"دا هەیە. عەتا لەو چیرۆکەدا ئینتەرنێت وەك دنیایەك بەکار دەهێنرێت و دەکرێتە ئەفسانەیەك، یان دەبێتە سەرزەمینێك بۆ خولقاندنی ئەو ئەفسانەیەی کە هاوەڵی کردنی مەرگە. واتە لەڕێی خولقاندنی ئەفسانەیەکەوە واقیعێك بەرجەستە بووە، کە چوونی مرۆڤە بۆ نێو تۆڕەکانی ئینتەرنێت و گەمە کردن لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەو دنیایەدا.

لەو چیرۆکەدا کارکردنی عەتا فرە رەهەندو قوڵە. ئەو دەیەوێت لەو چیرۆکە کورتەدا، وەڵامی ئەو پرسیارە وجودیانەی مرۆڤ بخاتەڕوو، کە پرسیاری هەمیشەیی مرۆڤن. ئەم چیرۆکە ئەگەرچی ناوی (نەمری)ە، بەڵام پتر لە گێڕانەوەی چیرۆکی

(مەرگ) دەچێت، چونکە مەرگ بەشێوەیەکی دیارو وەك کارەکتەرێکی سەرەکی چیرۆکەکە، خۆی نمایش دەکاتو دەبینرێتو هاوڕێیەتی دەکرێتو قسەدەکات.

بەرزانیش لێرەدا دەکەوێتە نێو مەرگی فیزیکی لەگەڵ مەرگ وداوای بەخشندەیی لێدەکات. خاڵی هاوبەشی نێوان چیرۆکەکەی عەتاو شیعرەکەی بەرزان لەوەدایە کەلەهەردوو حاڵەتەکەدا قسەکردن لەگەڵ مەرگ هەیە، واتە مەرگ وەك کارکتەرێك ئامادەیی لەنێو دەقدا هەیە. "عەتا محەمەد" لە ڕۆمانی(گێلاسی خوێن)یشدا قوڵتر لەم مەسەلەیەدا کاری کردووە و(مردن وهاورێکەی) دووپاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەن وتەواوی ڕۆمانەکە لەسەر شانی ئەودوانە(مردن وهاوڕێکەی) بیناکراوە. بەرزان لەم شیعرەدا نەیتوانیوە هێندە قوڵ ڕۆبچێتە نێو ئەو وردەکاریانەی گەمە لەگەڵ(مەرگ)دا بکات. ئەمەش بۆئەو سنور بەندیە دەگێڕێتەوە کەمن لەنوسینێکی پێشترمدا لەسەر چیرۆکی نەمری عەتا محەمەدم نوسی بوو. لەوێدا ئەوەم خستبووەڕوو کە دنیای چیرۆك یەکێکە لەو دنیایانەی کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی. لەچیرۆکدا دەتوانی ناکۆتا گریمانەی جیاجیا بخەیتەڕوو. هەم لە گێڕانەوە و دەستکاریکردنی مێژوو بۆ خولقاندنی دنیای نوێ، هەم بۆ نوسینەوەی ئەوە دنیایەی، کە تێیدا دەژین، کە ئەم حاڵەتە تاڕادەیەك لە قودرەتی شیعردا نییە، یان بابڵێین شیعر شانی هەڵگرتنی ئەو بارە قورسەی نییە. دەشێ ئێمە لەشیعردا



گوزارشت لەزۆر شت بکەینو زۆر هێماو دەلالاتی تایبەتمەند بەکاربهێنینو زۆرترین قورسایی ئازارو خەونەکانمانی بخەینە ئەستۆ، بەڵام دواجار لەشیعردا سنوربەندی هەیە، بۆیە زۆربەی شاعیرە دیارەکانی دنیا، هەوڵی تێکشاندنی ئەو سنورانە دەدەنو دەیانەوێت لەڕێی (ڕۆمانە شیعر- پەخشانە شیعر..هتد) زیاتر گریمانەکانی نێوان بوونو مەرگ بخەنەڕوو. ئەم حاڵەتەش لای چەند شاعیرێکی کورد ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە.

بەرزان دەنوسێت:

**"مردن" بۆ یەکجاریش بێت لە ژیانتا...**
**کەمێك بەخشندەیی بنوێنەو**
**دەنکێك مرواریم لە گەنجینەی نهێنیەکانت بدەرێ**
**با، دەست بەتاڵ نەڕۆمەوە،**
**"مردن" کەمێك بەخشندەیی!!!**
**میوانم لەلات، "مردن" وەلێ میوانێکی دز**
**بۆم بلوێت زەخیرەی هەموو تەمەنت فەرهوود دەکەم.**

بەرزان دەیەوێت میوانداری مەرگ بکات و خۆیشی ئەمەی بەخواست هەڵبژاردووە ودەیەوێت لەتەك مەرگدا کەمێك ئاسودەیی وکەمێك بەخشندەیی دەست بکەوێت، لەژیان تێیدانەماوە. لێرەوەتێدەگەین کەبوونە میوانی مەرگ لای بەرزان میوانێکی ناچارانەیە و لەبێ بەهای ژیانە ئەو پەنای بۆ مەرگ بردووە وداوای(ئاسودەیی و بەخشندەیی) لێ دەکات.

## چێژوەگرتن لەخۆکوشتن

بەرزان ئەگەرچی لە راستیدا توانای ئەنجامدانی خۆکوشتنی نیە، بەڵام لەدەقەکانیدا چێژێکی زۆر لەخۆکوشتن وەردەگرێت هەرئەو چێژەشە دەیگەیەنێتە ئەوەی مامەڵە لەگەڵ مەرگدا بکات وبکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیدا ورازی دڵی بۆبکات، بەڵام ئامادەیی نیە ببێتە کۆیلەی، ئەو دەنوسێت:

**من هێشتا ئەو کۆیلەیە نیم**
**لە مەزادخانەی "ژیان"دا**
**ئەوان پولێکی قەڵبیان پێدابم**
**جارێك نەبوومەتە دیلی پێ لە کۆتی تۆ "مردن"**

نیما یوشیج دەڵێت: شیعر ئەو رووبارەیە کە هەموو کەسێك دەتوانێت بە ئەندازەی پەرداخەکەی خۆی ئاوی لێبخواتەوە بەبێ ئەوەی لەئاوی رووبارەکە کەمبێتەوە، بەڵام حەوزە بچکۆلانەکان تەنها بەشی دەست و دەموچاوشۆرینێك دەکەن و بەس. واتە شاعیری راستەقینەو داهێنەر رووبارە نەك حەوزە بچکۆلانەکان. ئەزموونی بەرزانیش بە رووبارێك دەچێت، چونکە ئەگەر لەمڕۆدا زەمەنی ئاوڕدانەوە مابێت لەشیعر ئەوا ئاوڕدانەوە لەئەزموونی بەرزان وخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە هێندەی راکێشانی کۆی ئەو رووبارەیە کە "نیما" شیعری پێدەچوێنێت بۆ نێو ژیانمان.



بیرکردنەوەی مرۆڤ لە مەرگ رەنگە بۆئەو خاڵە بگەرێتەوە کەمەرگ بوونێکی هەمیشەیی وبەردەوامی لەژیانی ئێمەدا هەیە، هەروەها بوونی مەرگ هێندە بوونێکی ساناش نیە، بەڵکو بوونێکی سامناك ومەترسیدارە. سوهراب دەڵێت: ئەگەر مەرگ نەبوایە دەستمان بەدوای شتێکی تردا دەگەڕا واتەبوونی مەرگ بۆتە هۆی ئەوەی لای ئێمە بێتەکەرەستەیەکی بیرکردنەوە لای بەرزانیش کەرەستەیەکی گەورەی بیرکردنەوە ونوسین مەرگە، کەچۆن لەسەرەتاوە ئەم حاڵتەمان بۆ دووبار تەوزیفکرد، یان بەرزان زۆر ژیاندۆستە، یان پێچەوانەکەی کەپێموایە هێزی ژیاندۆستی بەرزان زیاترە، بۆیە باس لەمەرگیش دەکات تا ژیان بەچێژەوە بەرێ بکات چێژێك کەوەك خۆی دەڵێت: مرۆڤەکان تردەستیان پێی ناگات.

## بەرلەکۆتای

ئەگەرچی زیاتر لە هەر رۆژگارێکی دی چاومان بڕیوەتە لەزەتی ژیان بەڵام لە هەموو کاتێك زیاتر لە حەقیقەتی ژیانەوە دوورین، ئەمڕۆ مرۆڤ هەوڵ دەدات بستێك زیاتر لەشوێن و ساتێك زیاتر لە زەمەن دیاری بکات. رەنگە هەر ئەم تەنگبوونەوەیەی ژیانیش بێت بەرزان ناچار بکات عەدەمیانە بیربکاتەوە وبنوسێت، چونکە رەنگدانەوەی مەرگ لەم شیعرە نوێیانەی بەرزاندا هێندەی بەرچاوە، کە ناکرێ راگوزار بەسەریدا تێپەڕین.

گەشەسەندنی فەلسەفە و ئەدەبی بوونگەرایی لە خۆرئاوادا دەگەڕایەوە بۆ قەیرانی شوناس‌و کەوتنی ئەو بەهایانەی کە ژیاری پیشەسازی بەدیاری لەگەڵ خۆیدا بۆ خۆرئاوای هێنا دەکرێت بشڵێین (گەرچی بە سڵەوە دەیڵێین) هەرکاتێك هونەرمەندان و بیرمەندانی کۆمەڵگەیەك دەستەویەخەی مەسەلەکانی بوون و وجوود بوونەوە واتە ئەو کۆمەڵگایە دووچاری گێژاوی "قەیرانی شوناس" بووە، بۆیە دەکرێت شێعرەکانی بەرزان بەدەروازەیەکی نوێ بزانین بۆناسینی خودی خۆمان. بەتایبەتیش ئەم شیعرەکە هەر خوێنەرێك دەتوانین ناوی(بەرزان هەستیار) بسڕێتەوە وناوی خۆی بخاتە شوێنی ئەم گەمەیەش تاڕادەیەك گەمەیەکی جوانی شاعیرە کە دەیەوێت بەدنیای نوێ ئاشنامان بکات.

*سەرچاوەکان:*


١-بەرزان هەستیار، شیعری (کە بەرزان هەستیار-یش دەمرێت)، رۆژنامەی ئاسۆ ژمارە (٥٩١) رۆژی (٢/١٢/٢٠٠٧).

٢- سوهرابی سپهری، عاشق هەمیشە تەنیایە، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، ساڵی (٢٠٠٦).

٣-عەتا محەمەد، رۆمانی(گێلاسی خوێن)، لە بڵاوکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم، ساڵی (٢٠٠٧).




# پشوویەك بۆ مردن
# لە شیعرێکی شیرین.ك-دا

شیعر ئەو ژانرەیە کەزۆرترین راڤە هەڵدەگرێت و دەکرێت شیعرێك بەچەند جۆر لێکبدرێتەوە و لەهەمان کاتیشدا هەموویان راست بێت, هەمیشە شیعر جیا لەژانرەکانی تر نزیکتربووە لەخەمەکانی ئینسان و هەڵگری زۆرترین نیگەرانی و بێزاریەکانی دڵی مرۆڤ بووە, بۆیە کاتێك قسە لەسەر چرکە ساتێکی وروژانی دەروونی بکەین لای شاعیر, ئەوا ئێمە هەوڵی شیکردنەوەی ئەو چرکە ساتە ئەدەین, چونکە شیعر شاعیرە لە شێوەی وشەدا, هەروەها دەمێکەیە وتراوە شیعر پێناسەیەکی نەگۆڕی نییە, پێناسەی شیعریش وەکو شیعر خۆی لە گۆڕاندایە. لێرەوە ئەرکی رەخنەگرو توێژەر گرانتر دەبێت هەربۆیە زۆرێك لەو نوسینانەی لەسەر شیعر دەنوسرێت نەك پەیبیان بەئامامژەکانی ئەودیوی دەق نەبردووە, بەڵکو سایکۆلۆژیای شاعیریشیان فەرامۆشکردووە و تەنها لەسەر روخساری دەق قسەیان کردووە. کەواتە کاتێك باس لە شیعر دەکەین بێ ویستی خۆمان باسمان لەخودی شاعیریش کردووە ولەوێشەوە باسمان لەو کۆمەڵگەیە کردووە کە شاعیری تێدا گەورە بووە, واتە شاعیر پەیوەندیەکی راستەوخۆی بەکۆمەڵگەوە هەیە و بەردەوام ئازار و خەمەکانی لەکۆمەڵگەوە

ڕێچکەی گرتووە ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەوقسەیەی(ئەلفرێد دۆمۆسە) کە دەڵێت" فرمێسکی شاعیر هەتوانی کۆمەڵگەیە. لێرەوە ئەرکی شاعیر گرانتر دەبێت, چونکە بەپێی قسەکەی دۆمۆسە پەیامی شاعیر گەیاندنی ئەو شتانەیە کە دەبنە ساڕێژکەری برینی کۆمەڵگە. شیعر بۆ ئێستا و نەوەکانی تریش بۆشاییەکی گەورەو دورو درێژی لە ناو مەملەکەتی تێکشکاندنی گیانەکاندا داگیرکردووە و داگیر دەکات. سۆزێکی بە گوڕو بەردەوامە هەر دەشمێنێ بۆ پڕکردنەوەی ویستی نەوەکان بۆ ئەوەی لە شنەبایەکی ئازادیبەخش و دوور لە سانسۆری هزرەکان گوزارشت لە خۆیان دەوروبەریان بکەن و تێکەڵاوی هەوای سازگاری زەمەنی دنیای نوێ و مۆدێرنە بن.

دەکرێت لەم سەرەتایەوە قسەیەك لەسەر شیعری(پشویەك یان..؟)ی خاتوو(شیرین.ك) بکەین و هەوڵی خوێندنەوەی چەند لایەنێکی بدەین.(شیرین.ك) یەکێکە لەو خاتوونە شاعیرانەی بەدەر لە شیعر سەرقاڵی چیرۆکنوسینیشە و کە ئەمەش بەرای من کاریگەرییەکی تایبەتی لەسەر شیعرەکانی ئەم خاتوونە داناوە و کاتێك شیعرێکی(شیرین.ك) دەخوێنیتەوە هەست بەو فەزای چیرۆکئامێزیە دەکەین, ئەگەرچی هەندێ جار چیرۆکەکان بچڕبچڕیش بن وەکو لەم شیعرە دا هەست پێدەکرێت, بەڵام دەبێ ئەوەش بڵێم لەم شیعرەدا وێنەکانی ئەو چیرۆکە جیایە کە تاکۆتایی شیعرەکە هاوسەفەری خوێنەرن دەنا پەیامی ئەو چیرۆکەی لەپشت دەقە شیعریەکەوەیە پەیامی بێزارییە,



بێزاریەك کەتەواوی کۆڵان و دەرگاو ماڵو هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە بەدڵی نوسەریشەوە,ئەگەر هەرلەناونیشانی شیعرەکەوە بڕوانینە نێو ناوەرۆکی ئەم شیعرە دەبینین(پشویەك یان..؟) شاعیر لە ناونیشانەکەوە خوێنەر دەخاتە بەردەم پرسیارێك کە دەبێ پاش خوێندنەوەی دەقەکە خوێنەر وەڵامیبداتەوە ئەو پرسیارەش ئەوەیە ئایا ئەوەی لەکۆی ئەم دەقەدا لای خوێنەر دروست دەبێ پشووە, ئەگەر پشووە, پشووە بۆچی؟ بۆ ژیان یان بۆ مردن, یان بۆ ئاوابوونی زەمەنی نیگەرانی, یان پشویەکی درێژە بۆ دیسان چاوەڕوانکردنی گۆدۆ. ئەمانەو دەیان یانی تر کە پاش خوێندنەوەی ئەم دەقە لای خوێنەر گەڵاڵە دەبێ, بۆیە لێرەوە فرە راڤەیی بۆ دەق دەستپێدەکات.

شاعیر سەرەتا دەڵێت"
لەمڕۆوە
کەس بەم کۆڵانانا گوزەر ناکا
رەنگە ئەمیش پێویستی بەپشوو بێت.
رەنگە ئەمیش لەو هەموو
هەنگاوانەی شەو و رۆژ
بەسەریا هەڵدەنرێ
ماندووبێ.

بەسەرنجدانێکی ورد لەم چەند دێڕە بۆمان دەردەکەوێت کات لەم شیعرە دا ئێستایەو (ئەمڕۆکەس بەم کۆڵانە

گوزەرناکا)، واتە ئەم شیعرە چیرۆکی دوێنێیەکی بەسەرچوومان بۆ ناگێڕێتەوە و ئەمڕۆ کۆڵان و دەرگاو پەنجەرە هەست بەماندوو بوون دەکەن دەیانەوێ پشویەك بدەن، یان برۆکس وتەنی" شیعر بەرجەستەکردنی بیرۆکەیەکی پێشوەخت نییە و شیعر شتێك بە خوێنەر ناگەیەنێت، بەڵکو خۆی بە خوێنەر دەگەیەنێت، واتە شیعر دەرککردنێکی هەنووکەییە بە بوون و پێشهاتەکانی ژیان، لێرەدا پەیامی ئەم شیعرە گێڕانەوەی بێزاریەکانی رابردوو و زەمەنی دوێنێ نییە، بەڵکو ئەمڕۆ دڵی شاعیرێك لەهەموو شتێك نیگەران دەبێت. بێگومان دەبێ ئەوەبزانین ئەوەی نیگەرانی و بێزاری دروست دەکات ژینگە و کۆمەڵگەیەو ئەو دوانە بەرکەوتنی راستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هەست و نەستی مرۆڤدا، کاتێکیش شاعیرێك نیگەران دەبێت ئەوا کۆمەڵگایەك بەرەونیگەرانی پەلکێشی دەکات و نایەڵێت لەگەڵ خەیاڵەکاندا لەئاسماندا لەشەقەی باڵ بدا، چونکە هەمیشە دووبارە بوونەوەی رۆژە لەیەك چووەکانی ژیانی مرۆڤ بەرەونیگەرانی و بێزاری دەبەن تادەگاتە رادەی مەرگدۆستی وەکو چۆن لای هەژار دەگاتە ئەوەی بڵێ"(ئەی مردن لەکوێی ژیان کوشتمی).

ئەگەر لێرەدا بگەڕێینەوە بۆ پەیوەندی نێوان چیرۆك و شیعر، سالانێکە زۆرێك لە نوسەرانی دنیا ئەوە دەڵێن کە سنور لەنێوان ژانرە ئەدەبیەکاندا نەماوە و تا رادەیەکی زۆر تێکەڵی کەوتووەتە نێوان هەموو ژانرەکانەوە و گرنگ نیە چۆن



دەنوسی؟ بەڵکو گرنگە چی دەنوسی؟ بەڵام لای خوێنەری کورد هێشتا ئەم تێکشکاندنی سنوربەندیە شتێکی نوێیە و راستە چەند هەوڵێك دراوە، بەڵام ئەو هەوڵانە لەنێو خوێنەردا نەچەسپیون. خاڵی نزیکی نێوان چیرۆك و شیعر "زمان"ە دەتوانیت بەو زمانەی چیرۆکێ دەنوسرێ بەهەمان زمانیش شیعر بنوسرێ، لەهەر چیرۆکێکدا ئەبێت شتێك ون بێت، یان ئامادە نەبێت بۆئەوەی لەدواییدا ئاشکرا بێت ئەگەر هەرشتێك لە شوێنی خۆیدا بێت ئەوا چیرۆکێك نامێنێتەوە بۆئەوەی بوترێ، ئەم ونبوونە ئازاراویە لەهەمان کاتدا کاریگەرە و ئەو ئارەزووە ئەوروژێنێت کەناتوانین هەمانبێت، ئەمەش یەکێکە لە سەرچاوەکانی رازیکردنی چیرۆك ئەگەر هاتوو هەرگیز نەمانتوانی شتە ونبووەکان بەدەستبهێنین ئەوکاتە هەڵچونەکانمان تەحەمول ناکرێت و ئەبێت بە بێزاری" بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین لە ئەنجامدا ئەو شتە هەر بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە. لەم شیعرەشدا شتێك ونبووە کە ئەمەش خاڵێکی تری پەیوەندی نێوان چیرۆکبوونی ئەم شیعرەیە، ئەو شتەش کە ونبووە پشویەکە بۆ...؟ شاعیر خوێنەر سەرپشك دەکات چۆن و لە چیدا و بۆچی پشوو دەدات واتە دەبێت خوێنەر ئەو ونبوونە بدۆزێتەوە.

بێزاری پەنجەرەیەکی ترە لەو بەکارهاتوانەی شاعیر بەهاوسەفەری خۆی دەزانێ .پەنجەرە رەمزێکە بۆ هاتنە ژوورەوەی تیشکەکانی ژیان بۆ ناو شوێنێکی تاریك، یان

شوێنی روانینی کەسانی ناکام و دیل کراو بۆ دەرەوەی تاریکی پاش پانتاییەکانی ژیان, ئەگەر پەنجەرە نەبێت چیتر مرۆڤ روانینی بگرێتە کوێ؟ بەڵام بێزاربوونی پەنجەرە لەو هەموو روانین و تەماشا و سەیرکردنە بێشومارە لەوێوە سەرچاوە دەگرێ کە هیچ کام لەو روانین و سەیرکردنانە سەیرکردنێکی ئارامبەخش و پڕ ئاسودەگی نین, چونکە وەکو پێشتریش وتم" ژیان لە دووبارەبوونەوەدایە ودەبێ مرۆڤ دنیا بەجۆرێکی تر ببینێ, واتە سوهراب وتەنی" چاوەکانت بشۆ و دنیا بە جۆرێکی تر ببینە. دواتر شاعیر دەڵێت"

لەمڕۆش بە دواوە
کەس, هیچ کەس پەی بەڕێی دڵم ناباو
کەسێ دەرگاکەی نادۆزێتەوە
کەس کەسیش لە پەنجەرەیەکەی
ناڕوانێ و سەیری ناکا
رەنگە دڵیشم پێویستی
پشوویەك بێت.

شاعیر لەم چەند دێرەدا ئەو نیگەرانی و ناکامیەی بە یەکجاری دەخاتە روو تا پشوویەك بدات و بەڵام پرسیارەکە لێرەدا پشوو بۆچی دەدات" مرۆڤ تا ماندوونەبێت پشوو نادات ئایا دەیەوێت پشوویەك بدات بۆ پێشوازیکردن لە مەرگ, یان بۆ چیتر ... لێرەدا هەست بەمەرگدۆستی دەکەین لەم دەقەدا . مەرگ بەمانای باوەکەی نا, بەڵکو بە مانا فەلسەفیەکەی , واتە



مەرگی روانین و بیر و پرسیاری مرۆڤ لە دەوروبەرو ژیان . یان ئەگەر کۆجیتۆکەی دیکارت بۆ زیاتر روونکردنەوەی مەبەستم بەکار بهێنم (من بیر دەکەمەوە, کەواتە من هەم) واتە مرۆڤ رەنگە بە جەستە زیندووبێت, بەڵام بیر و ئەندێشەی مردووە , یان بە پێچەوانەوە بە جەستە مردوو بە رۆح و هزر لەگەڵ ئێمەن, یان ئەو مردنەیە کە هەموو مرۆڤێك لە ڕێیدایە, وەکو سوقرات دەڵێت" کە مرۆڤێك لە ئومێد و خەیاڵ دابڕا, لە مردوویەك زیاتر هیچی تر نییە.

بۆیە لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم قسەکردنی شاعیر لەسەر(تەواو تەواو بێزار بوون) واتە وەستانی بیرکردنەوە کە من مەرگی بیر کردنەوەی ناودەنێم, بەڵام رەگوڕیشەی ئەم مەرگدۆستیە لای شاعیر تازە نییە, بەڵکو ئەو لە دیوانی (کەنارەکانی خەون-١٩٩٩) دا و لە شیعری "یاد" دەنوسێت"

منی مرۆڤ, هەزارەها دەقەو سەعات
لە پڕێکدا
وەڕس دەبم
لەهەناسەیەکم یاخی دەبم
بەندی دەکەم...دەمرم.

دواجار دەکرێت بڵێین ئەو پرسیارانەی ئەم شیعرە خستیەڕوو پرسیار بوون لە جەوهەری ژیان و ئەو چرکەساتانەی مرۆڤ نغرۆی خەم و نیگەرانییە, یان دەتوانین بڵێین هەوڵێکە بۆ نووسینەوەی رۆژمێری ژنێکی تەنیا , بەڵام

لەگەڵ ئەوەی شاعیر لەدوا دێڕدا تەئکید لەسەر بێزاری دەکاتەوە, بەڵام ئومێدێك لە پشت دەقەوە ماوە لێرەدا مەرگ دێت, بەڵام پاش ئەو مەرگە ژیانەوە هەیە. . لە دواجاریشدا شاعیر لە پلەدا جیاوازە و لە هەمان جۆری مرۆڤیترنیین, شاعیر هەستیارییەکی ئێجگار زیندووی هەیە زۆر حەماسی و سۆزدارە و زانیارییەکی چڕی هەیە لە بارەی سروشتی مرۆڤەوە گیانێکی مەودا فراوانی تێگەیشتنی هەیە لە چاو هاوەڵە مرۆکانیدا هەروەها بەدیهێنانەوەی تاقیکردنەوەکانی پێشتر دەتوانێت بیجوڵێنێت لە شیعردا.

دەمەوێ بە وتەیەکی باختین کۆتایی بەم نوسینە بهێنم کە دەڵێت" ئەگەر دەقێك لەئارادا نەبێت ئیتر بیر لە چی بکەینەوە و باسی چی بکەین؟ کەواتە دەق ئەو بابەتەیە کە خوێنەر دێنێتە قسە و لەسەر وەستان, ئەم نوسینەش رامانێکی کورتە لەسەر ئەم شیعرە و کە دەقەکە خۆی سەلماند تا بێتە بوون.

* "پشوویەك یان"شیعری (شیرین.ك) ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ژمارە (٤٣٦) رۆژی (٢٠٠٥/٥/١٢).